

لارولەنجەت مووسیقایە بەستەیە گۆرانییە

و چەند باسێکی تر . شێرکۆ هەژار . ٢٠١٦

# لارولەنجەت مووسیقایە بەستەیە گۆرانییە

و

# چەند باسێکی تر

نووسینی : شێرکۆ هەژار

٢٠١٦

ناوەرۆك


لارولەنجەت مووسیقایە بەستەیە گۆرانییە ........ ٧-٢٤

"پارچەکانی کات و شوێن"ی ئەسرین ئیسکەندەری ........ ٢٥-٣٠

پەندێك لە ژنێکەوە بۆ چلێسانی خوێن ........ ٣١-٣٢

گەورەترین فەرمانڕەوای ژن لە مێژوودا ؟ ........ ٣٣-٣٤

کاتەرینە خانم و رووسیای پیاوانی نەجیبزادە ........ ٣٥-٣٩

ئاین و نێوانی جنسیی مرۆڤ ........ ٤٠-٦٣

مرۆڤ لەنێوان سامانی رەمز و خەرافاتی کاهیناندا ........ ٦٤-٧٢

تەریقەی قادری و نەقشبەندی بەبای دا رەونەق و ئاهەنگی کوردی .... ٧٣-٩٣

چ ژانێکی چ مرۆڤانێك بە چ شەوانێك چیی هێنایە دنیاوە ........ ٩٤-١١٧

زەلامی ویستی ببێت بە پادشا ........ ١١٨-١١٩

لە دنیای ئەفسانە ........ ١٢٠-١٢٢

کۆهێلێت، قسەی ئەوەندە نا- ئاینی لە ئایندا ........ ١٢٣

وێنەی بەرگ :

" لارولەنجەت مووسیقایە بەستەیە گۆرانییە"ی بەرهەمی هونەرمەندی کورد و ئەورووپا " ئەسرین ئیسکەندەری".

هونەرمەندی بەڕێز، کە هێشتا خۆی ئەم بەرهەمەی بە چاپی کتێب بڵاو نەکردووەتەوە، ڕێگای دام کە من ئەوە و" پارچەکانی کات و شوێن"یشی لە(لاپەڕە٢٦ی) ئەم کتێبەمدا، بە ئەم چاپە سادە و هەژارانەیەش کە هەیە بڵاوبکەمەوە، ئەوەش هەر بە دیاری، لە کاتێکدا کە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی هونەریی وەها لە ئەورووپا نرخێکی زۆر هەڵدەگرێت .

نازانم بە چ زمانێك سوپاسی ئەم بەخشندەییەی ئەو هونەرمەندە بەرزە بکەم، کە بەرهەمی هونەریی ئەو، ئەوەندە کاری تێ‌کردم کە یەکەم باسی ئەم کتێبەم نووسی و، ناوی ئەم کتێبەشم هەر لەو وەرگرت و، وا وێنەکەشی دەبێتە بەرگی کتێبەکەم .

هونەرمەندی گەورە، بەڕێز و خۆشەویست ئەسرین ئیسکەندەری
زۆر سوپاستان دەکەم .

شێرکۆ هەژار

( ١ )

بنەماڵەی فۆتۆگرافی، سەدەی نۆزدە وەخۆکەوت و زۆر کۆشا، تا سەدەی دوای ئەوە ئەوجا، خانوویەکی لە مەڵبەندێکی بە ئاو و هەوای وەهای دۆزیەوە، کە بارگەوبنەی لێ بخات و، چاوەیەکی تایبەتی تێدا بکاتە هی خۆی و، بڵێت : ها ئەمەتا " ماڵی فۆتۆگرافی " .

ئەوەش لەسەردەمێکدا بوو کە بژی - بژی و بڕووخێ - بڕووخێ ئەودیوی هەر چوار دیواری ئەو خانووەی لێ پڕ کردبوو . دەبوو هەم لەلایەکەوە خۆ لەو دەنگە - دەنگەی ئەودیو جیابکاتەوە و، هەم بە زمانێکی تر، بە زمانی هونەرێکی نوێ، بچێت تێکەڵ بەو خەڵکە ببێت و، بشتوانێت جێیەك بۆخۆ لە باوەشی گەرمیاندا بکاتەوە . کە ئەوە حەقمەن لە کاری فەرهادی دەکرد، بەڵام ... کرا !

ئەوەی لەسەر سنگی شیرینی بێستوونی " کیژۆڵەخانمی بە چەترەوە" ی " لومیێر" ( لومیێغ Lumière )، تازە خەریك بوو " بای شەماڵ مەمکی خڕ دەکرد"، لە " لەوکچانەی تازە دەگەنێ " وە دەگەیشتە سەردەمی " Atget ئاتگێ"یەك کە لە پاریس، جگە لە حەریفانی فۆتۆگرافی وەکو " دوشاDuchamp " و " مان ڕێی Man Ray " ی ئەڤینداری میحرابی، پیکاسۆیەکیش بۆ ماچێکی دڵ و دینی دەدا .

لەوبەینەدا، عەقڵی سەنعەت و پارە پەیداکردنی ڕۆژئـاواییش بەهاناوە هاتبوو . " جۆرج ئیستمان "کامیرای دەستی داهێنابوو، بەوە وێنە بە بێ هەڵگرتنی ئەم هەمووە سندووق و قەڵفوقەرازەوە دەکرا . کامیرای ٣٥میللیمیی لایکا ( ١٩٢٤) توانای گرتنی زۆر وێنەی کە پێشتر نەدەگیرانی بۆ دەرەخساندن . وێنە چووبووە دنیای ڕەنگەوە، شیرکەتی " کۆداك" ساڵی ١٩٣٢ یەکەم فیلمی ڕەنگیی خستبووە بازاڕەوە و ... ئیدی .

بەوجۆرە، هەموو لایەنەکانی ژیان، وێکڕا، چەرخی هونەرێکی گرنگیان بەرەو پێشـەوە بردبوو و ... بەرەو پێشـەوە دەبرد .

من کە وێنەی " حەوزەکەی ڤێرسای"ی " ئاتگێ"م دیت، تێی نـەدەگەیشتم، قسەی خۆمان بێت ئێستاش تێی- ناگەم، یانی چی پیکاسۆ، ئەو بلیمەتە، شـەیدای ئەمە بوو بێت . ئێستا لەبەرچاومە، ئـەسرین ئیسکەندەری ئەمە دەخوێنێتەوە، قریوە - قریوی پێکەنینییەتی و - زۆر لەجێی خۆیدا - لەبەرخۆیەوە دەڵێت" ئاخر مام شێرکۆ، کە تۆ دۆکلێوت پێ لە شیعری فلانە فەخری عالەم خۆشتر بێت، بۆچی دەبێت لەم شتانە بگەیت، کە لە سەدا سەد ڕاست دەکات . بەڵام سوێندم بە مەرقەدی وەلی دێوانە،یەکەم جار کە لەگەڵ دۆستێکمدا کیژۆڵەخانمەکەی لومیێرم دیت،

قەت پێم وانەبوو ئەوە دەکرا فۆتۆیەکی کامیرا بوایە، پێم وابوو تابلۆیەکی زەیتیی بەرهەمی فرچەی یەکێك لە گەورەترین تابلۆکێشانی جیهان بوو ... دەکرا رێنوار، دوای دەرچوونی لە حەمامی مۆدێلەکەی، چووبێتە هەوا-هەڵمژینێکی دەشتودەرو ئەمەی کێشابێت، یا گۆگان لە تاهیتی، یا نازانم کێی تر . دوای سەیرکردنێکی زۆر، بە قانوونی فیقهی" دیوار گوێی‌کەڕ بێت"،بە دۆستەکەم گوت "بەخوا من ئەمە لە ئاستی مایکل ئانجیلۆدا دەبینم"، کە ئەویش وەکو ئەسرین خانم وە پێکەنین کەوت ( دۆستەکەم، سوێدییەکی هونەرمەندو مامۆستای رەسم بوو لە ستۆکهۆڵم ) .

ئەوە یەکەم جار بوو کە من دەمدیت چرکەی کامیرایەك دەیتوانی، بە بەرهەمی جوانیی، پلەو پایەی لە ئانتۆنی فان دەیك و رێنوارو کێ وکێ کەمتر نەبێت . کیژۆڵەخانمێك، لەو دەشتودەرە،لە قەراغی رێ، دادەنیشێت هێندێك بحەسێتەوە، چەترەکەی لە پەنایەکەوە و، کامیرایەك " چرك" وێنەیەکی گرتووە . دوای ئەوە، بە تەکنیکێکی کە تازە پەیدا ببوو، وەستاکاریی رەنگەکەی کراوە ( شووشەی ئۆتۆکرۆمی بە تۆزی سێ رەنگی پەتاتە و نازانمچی ...) و، ئەو بەرهەمەی لێ پەیدا بووە، کە دڵی زۆرانی وەکو پیکاسۆی بە تاڵان بردووە .

وێنەش، وەکو زۆر شتی تر، زۆرکەس دەیبینێت و، زۆرانی تر زەق - زەق سەیری دەکەن بە بێ ئەوە ببینن . من، بۆ ئەوە نامەوێت وەکو مامۆستا مەسعوود محەمەد دژایەتیی فەلسەفەی ماددیەت ( ماتریالیزم) بکەم و شتێکی لەم بابەتە بڵێم : " جا خۆ سەوزایی وگوڵێکی زۆر جوان لەو دەشتە، وادەبێت دەبێتە هەوێنی شیعری شاعیرێك و سیمفۆنیی مووسیقارێك،بەڵام کە بزن دەیبینێت، بە قەپێك لوولی‌دەداتە دنیای زگی". حەقەن نامەوێت ئەوەندەی هێمن " ئەو بولبولە سەر بێ‌تووکە"ش سەخت بم، کە " هێرش" (ی رەحمەتی) لە" هێمن و من"یدا لێی‌دەگێڕێتەوە، کەسێك لێی‌پرسیوە" ئەرێ مامۆستا هێمن، کە تۆ باسی ماچی خودایی و ماچی سینەماییت کردووە، ئەوانە جیاوازییان چیە ؟ "، هێمنی ئامادەوەڵام دەستبەجێ دەڵێت " جا بۆ کەرێکی وەکو تۆ چ فەرق دەکات" .

مایکل ئانجیلۆ بە شێوەی خۆی، مان رێی بە شێوەی خۆی، هێمن بە شێوەی خۆی، بێتهۆڤن بە شێوەی خۆی، ئەسرین خانم بە شێوەی خۆی، دەکرێت تۆ و منیش و هەرکەسێك، بە شێوەی خۆمان - بڵێین - دیمەنی خۆشەو-یستمان ببینین . بەڵام جیاوازیی ئەوان لەوەدایە کە ئەوان بەو هونەرەی هەیانبووە یا هەیانە، توانیویانە، دەتوانن، بە هەستی ئێمەشی بگەیەنن، تێدا بەشدارمان بکەن .

لەم ساڵانەی دواییدا ،گۆرانییەك لە باکووری ئەفریقا پەیدا ببوو، دەیگوت " ئەوانەی تێم‌ناگەن پێیان‌گوتم : جا توخوا تۆ چیت لەم دڵبەرەتدا دیتووە ؟ گوتم : ها، چاوی من ببەن پێی سەیر بکەن تا بزانن چیم دیتووە " .

سـیفەتێکی دیتن و بیستن، لە سـایکۆلۆجیدا ، ئەوەیە کە " هـەڵبژێرە" و هـەڵدەبژێرێت ( بە زمانی ئـەوروپاییان : سیلێکتیڤە) . هەر دەبێت واشبێت، دەنا ژیان ناڕوات .

دەبینیت، لە زەماوەندێکی گـەورەدا ، " شاییە، چۆپییە لەو ماڵە، زوڕنایە، دەهۆڵە، شمشاڵە، زەرد و سوور تێکەڵ بوون، ژن و پیاو هەرایە "، کـەسێك لە گۆشەیەکی ئەوسەرەوە بانگ دەکات : کاك هـەردی، ئـەسرین خانم، مام هێمن ...، دەست بەجێ کـاردانەوە دەبینین : هەردی دەڵێت " بـەڵێ، فەرموون چیە ؟ "، ئەسرین دەڵێت " بـرای خۆشەویست چیە؟"، هێمن دەڵێت " ئای - ئای کوڕە چ هێمن - هێمنتە، بڵێ چیە و نەجاتم دە".

لێرەدا حاسـەی دەنـگ هەموو ئەو دەهۆڵ و زوڕنا و هەراوهەنگامەی ئەو حەشاماتە دەخاتە لاوە و ئەو ناوەی خۆی دەبیسێت . ئەو یەك ناوە،لەجیاتی خنکان لە حەوزی دەنگاندا ، ئەو،هەموو ئەو دەنگانەی تر لە حەوزی ئەو ماڵەدا نقوم دەکات و، هەر خۆی سەر لە حەوزەکە دەردێنێت، تەنیا ئەو دیارە، ئەو لەبەرگوێیە .

دەکرێت، وێنەیەك، ئاوازێك، تەنانەت یـەك رستەی قسەیەکی زۆر ئاسایی، لە کات و شوێنی خۆیدا ، زۆر کار بکاتە هەستی مرۆڤێك، تەنانەت ئەو مرۆڤە بە ئەو یـەك رستەیە بەتـەواوی بگۆڕێت . نموونەیەکی زۆر باشی ئەوە لە رۆمانی " بێچارەکان " ی " هوگۆ " دا دەبینین : ژان ڤالژان، رووحی لە زیندان گـەندەڵ ببوو . کە لە زیندان دەرچوو، منداڵێك بە رێگاوە دەبینێت، هەر وا لەخۆوە منداڵەکە ئەزیەت دەدات، بە بێ ئەوە ئەو منداڵە هیچ کاری بەو دابێت؛ کەشەیەك میواندارییی دەکات، شـەو لای دەمێنێتەوە، دەخوات و دەخەوێت و، کـەچی دزی لە کەشە دەکات و بیر لە کوشتنیشی دەکاتەوە،بەڵام هەرچۆنێك دەبێت نایکات، شەمدانە زیوەکان دەدزێت و شەو هێشتا کـەشـە و خوشکی لە پرخە - پرخی خەودان، دەڕوات . پۆلیس بە ماڵی دزییەوە دەیگرن و دەیهێننەوە بـەردەمی کەشە . کەشە دەڵێت :" بۆچی گرتووتانە ؟ خۆ من خۆم ئەو شەمدانانەم داوە بەم میوانە خۆشەویستەم، ئەمە ئیتر شتی حەڵاڵی خۆیەتی" . ئەو چەند وشەیە شۆڕشیان لە رەوشتی ئەو مرۆڤەدا کرد و، ئـا لەو دەقیقەیەوە بووە فریشتەیەکی گەورەی ئینسانیەت .

ئەوە حاڵەتێکی تـاکی ئینـسانییە، بـەڵام هـونەر رێگایەکی کار لە مرۆڤ کردنە لە مەیدانێکی گشـتیی زۆر هەراوەدا . منێکی نائاینی، بۆ چەندەمین جار، گوێم لە " ماتێیۆس پاسیۆنە"ی " باخ " گرتووە، کە ئازاری مەسیح بەسەر خاچەوە دەردەبڕێت، هیچ جارێك نەبووە کە من بە بیستنی ئەوە فرمێسکی خۆم بۆ رابگیرێت . باخ،هەستی گریانی خۆی، بەدەنگ تۆمار کردووە . من هەر کە گوێم لێ بوو، وەکو ملیۆنان مرۆڤی تر، بەمۆێت و نەمەوێت، بەشداری خەمی دەکرێم .

ئەوەیە هونەر، تۆمارکردنی هەست بە دەنگ، رەنگ، حەرەکەت ... و بەشدارکردنی مرۆڤانی تری کە دەیبیسن یا دەیبینن لە ئەو هەستەدا .

( ٢ )

بەڵام تۆمارکردنیهەست ؟ چ هەستێك و بۆچی وادەکات ؟ ئایا دەکرێت بڵێین چونکە"هونەر" شتێکی جوانە و هونەرمەند دەیەوێت لە هەستی " جوانی"ماندا بەشداربکات ؟ یا هەر وا بۆ بێتاقەتیی خۆی، دەیەوێت کەسێکی تریشی لە ئەو هەستەدا لەگەڵ بێت ؟ یان دەیەوێت فیزمان بەسەردا لێبدات،یانی ها من شتی وام پێ دەکرێت کە ئێوە پێتاناکرێت ؟ یا هونەرمەند بازرگانێکە، دەتوانێت پارە بە بەرهەمی پەیدا بکات، کەواتە هونەر یا جوانی واتا جۆرە کووتاڵێك یا... یا...، دەکرێت بەوجۆرە قەتاری پرسیاران ریزبکەین تاکو لە نەتیجەدا، لە وەڵامی هەر یەکێك لەو پرسیارانەدا بڵێین بەڵێ، شتی وەهاش دەکرێت هەبێت، بەڵام ئەوە حەقەن بە هیچ جۆرێك نـە پێناسەی " هونەر"ە و، نـە هونەرمەند و نـە " جوانی" و، نـە هەر ئەسڵەن هونەر جوانییە، بەڵێ دەکرێت جوانی بێت، بـەڵام دەشکرێت وانەبێت .

ئێ ؟ مەگەر مەسەلە بوو بە فـەلسـەفـە ؟ بەڵێ ئەرێ وەڵڵا، زۆر بەداخەوە، لە تەپڵی سەرییەوە تا بنی پێی لە فەلسەفەدا نقوم بووە . کارێکی زۆری بۆ فەیلەسووفان پەیداکردووە، کە هەر لە ئەفلاتوونەوە تا فـەیلەسووفانی ئەمرۆ پێیەوە خەریك بوون . باس لە سەدسالی دواییدا، بوو بە " سایکۆلۆجی"یش . من جورئەت دەکەم بڵێم ئەوە بە تایبەتی سایکۆلۆجییە کە بەدەستی باسی هونەر و هونەرمەند و جوانییەوە تێگیراوە و، ئارەقەی رەش و شینی پێ دەرداوە .

ئێمە هـەر کە سبحەینە لە خەو هەڵدەستین و، تا دیسان کاتی خەوی شەومان دێت و دەخەوین، ئـاگـاداری زۆر شت دەبین و زۆر شت دەبیسین، زۆر شت دەکـەین، کە جـۆرەها هـەستمان دەدەنێ و هـونەرمەندان هێندێك لەو هەستانە لە بەرهەمیاندا تۆماردەکەن . تا خەوی شەوەکەمان، کە خۆمان و هونەرمەندەکانمان دوور لە سەرگەرمیی رۆژانـەمان، لە کارو هەست و هەموو شتێکی خۆش و نـاخۆش، دەحەسێینەوە و، دەکەوینە پرخەی خەوی دوور لە دنیا .

بەڵام ئایا وایە ؟ ئێمە کە وەخەبەرین هۆشمان هەیە، ئاگادارین و، کە خەومان لێکەوت بێهۆشین، بێ ئاگاین ؟ بە چوونەسەرجێگا و خەولێکەوتن ئیتر لە کار دەحەسێینەوە و ئارام دەگرین ؟ وەڵام : نا، نەخێر، نەوەڵڵا بە هیچ-

هیچ جۆرێك نا . کاری قورس و سەرقاڵیی ژیانی رۆژانەی مرۆڤ لە کاتی خەودا لەوەی کاتی خەولێنەکەوتوویی، ئەگەر پتر نەبێت کەمتر نیە .

من کە جاریەکەم،هاوینی١٩٧٣، چوومە پایتەختی لوبنان، ئێجگار زۆرم لا خۆش بوو . یەکێك لەو شتانەی زۆر سەرنجیان راکێشام سینەمای شەو بوو . سینەمای کە تەواوی شەو تا بەری بەیانی، فیلمی بە دووی فیلمدا پیشان دەدان . تۆ بلیتێکت دەکڕی و، ئیدی بەوە بەلای کەم سێ فیلمت دەدیت . شتی وا لە بەغدا نەبوو . من دواتر لە هۆلەنداش، سەردەمێك دەچوومە سینەمایەکی وەها، کە وادەبوو حەفتەیەکی بۆ فیلمەکانی کەسێك تەرخان دەکرد . من یەك حەفتەی تەواو، هەموو شەوەکانیم بۆ دیتنی فیلمەکانی فێللینی لە ئەو سینەمایەدا بە ئەوپەری شادی بەسەربردو، لە دڵی خۆمدا هەر دەمگوت خودایا تەواو نەبن و چەند حەفتەی تریش درێژەی هەبێت .

هەموو مرۆڤێك، کە خەوی لێدەکەوێت، دەچێتە سینەمای خەوەوەو فیلم دەبینێت . فیلم بەدووی فیلمدا . خەوی بێ فیلم نیە . بەڵام هەر فیلمە، کە تەواو بوو، لەبیردەچێتەوە . لەبیرچوونەوە بەو مانایە کە لە کاتی کۆتایی خەو، کە مرۆڤ وەخەبەر دێت، هیچی لێ لەبیر نیە . بەڵام وادەبێت، لە ناوەندی دیتنی فیلمێکدا، وەخەبەردێت ( بە دەنگێك، بزواندنێك، یا نارەحەتیی خۆراکێکی خواردوویە ... هەرچی)، ئا ئەو لەتە فیلمە ناتەواوبووانەی وەبیر- دێن . ئەو هەر بە ئەو لەتە فیلمە ناتەواوبووانەی دەڵێت" خەون "و، ناوی بۆ هەموو فیلمە تەواوەکانی نیە، چونکە ئەوانە لە بیرەوەریی ئەودا نەماون، بە شتێك کە نەبێت بڵێت چی . هەر فیلمە، یەکەیەکی رێکوپێکی هەندەسیی بە کاتی دیارکراوەو،یەك بەدووی یەکدایە، بەڵام هەرئەگەر یەکێك لەوانە لە شوێنێکدا پێش تەواوبوون پچڕا، ئەوە وەبیردێت و پێی دەگوترێت خەون . حەیوانیش خەون دەبینن، وەك کە هەژار چەند جوان گوتوویە :

سەگ بەدەم پرخەوە دەم دەم دەمرێ لە خەوا دیویە گورگ بەرخ ئەدڕێ

بەڵام ئێمە لێرەدا کارمان بەوە نەداوە .

ئەو فیلمانە چین ؟ بۆچی دەبێت خەو بێ فیلم نەبێت ؟ فیلمساز ئەو فیلمانە چۆن دروست دەکات ؟ فیلم هونەری وێنەیە، کەواتە لێرەدا باس دێتەوە سەر پێناسەی هونەر و، ئەوە دەمانباتەوە هەمان پرسیاری پێشترمان، ئەوە چیە ؟ فەلسەفە دەڵێت چی و سایکۆلۆجی چی دەڵێت ؟

فەرهەنگی یونان بەوە پێش ئەوەی هیندستان کەوتەوە کە توانی فەلسەفە لە ئاین جیابکاتەوە و، بە دوو شتی جیاوازیان ببینێت، هیندستانی نەیانتوانی وا بکەن . رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، تا رادەیەکی زۆر، ئەو دوو شتەی

لێ تێکەڵبوون. لێرەدا کە ئێمە باسی خەون دەکەین، خەون زۆر بە روونی وای لێ بەسەرهات (لە غەیبیات جیا نەکرایەوە). ئەو هەمووە خەونانەی تەورات. ئەو هەمووە وەحیانەی خودایی و پێغەمبەری و چی و چی، کە مرۆڤ چەند هەزار ساڵە بە تەفسیریانەوە خەریکە.

ئەگەر زاراوەی ئەمڕۆ بۆ تەفسیری خەون بەکاربهێنین، ئەوا بە بیری من، زۆر چاک دەکرێت بڵێین: " تەفسیری خەون" واتا " توانای رەخنەگریی زانستی لە هونەری فیلمی ( پچڕاوی) لەبیرماوەی سینەمای خەوی مرۆڤ".

ئیبن سیرین( إبن سیرین) ناوێك، سەردەمێك، بە تەفسیری خەون بەناوبانگ بووەو، کتێبێکی زۆر بەناوبانگی بۆ ئەوە هەیە( تفسیرالأحلام)، کە شتێکی ئێجگار زۆر سەیرو سەمەرەیە. چیرۆکی زۆری بەدەورەوە هەن، یەکێك لەوانە ئەمەیە:

جارێك، دەسەڵاتدارێکی پیرەمێرد بانگی دەکات و لێیدەپرسێت کە " ئیبن سیرین، من چەند ساڵی تر دەژیم ؟".
ئیبن سیرین دەڵێت " قوربان من چووزانم تۆ چەند ساڵی تر دەژیت، من خەون تەفسیر دەکەم، غەیب نازانم، غەیب- زانین هەر تەنیا کاری خودایە". دەسەڵاتدار دەڵێت " دەبێت بزانیت ! ، دەبێت خەونێك ببینم کە بە تەفسیرەکەی بزانیت چەندی تر دەژیم، کە دیتم و تەفسیرەکەیت پێ‌گوتم، خەڵاتێکی باشت دەکەم، دەنا تەپڵی سەرت بۆ لەشت دەکەمەوە، جا بۆ خۆت هەڵبژێرە، بزانە کامەیانت پێ باشترە". ئیبن سیرین دەڵێت " ئەمشەو لە خەونتدا دەبینیت کە هەشت یاقووتت بەدەستەوەن، ئەمەدەست ئەودەستیان پێ‌دەکەیت و، تەفسیرەکەشی ئەوەیە کە تۆ تا هەشتا ساڵی تر دەژیت". دەسەڵاتدار دەڵێت " باشە با بزانین، ئەگەر ئەمشەو ئەو خەونەم دیت، ئەوا خەڵاتت وەردەگریت و ،ئەگەر نەمدیت، ئەوا تەپڵی سەرت بە خەڵات بۆ جەهەننەم دەنێرین". شەو، پیرەمێرد رێك خەونەکە دەبینێت و ئیبن سیرین خەڵاتێکی باش وەردەگرێت. دەسەڵاتداری پیرەمێرد ،دوای چەند حەفتەیەك دەمرێت.
دەسەڵاتداری نوێ دەڵێت " دا ئەو ئیبن سیرینەم بۆ بێنن تا هەشتاهەزار شەقی تێ‌هەڵدەین". داروغە دەچن دەیهێنن. دەسەڵاتدار پێی‌دەڵێت" هەتیو ئەتۆ چۆن گوتت ئەو پیرەمێردە تا هەشتا ساڵی تریش دەژیا، ئەو خەونە چی بوو ... چ مەسەلە بوو، چی رووی‌دا ؟". ئیبن سیرین دەڵێت" قوربان مەگەر ئێوە پێتان وایە کەسێك دەتوانێت لە خەونیدا ژمارەی یاقووتەکانی دەستی بزانێت ؟ چنگێك یاقووتی لە دەستدا، چۆن زانی کە هەشت بوون ؟ هیچ، هەمووی خەیاڵی خۆی بوو. ئەو کە شتی وەها لە من ببیسێت، حەقمە شەو تا بەیانی هەر خەون بەوەوە دەبینێت و، هەر بە خەیاڵ ژمارەکەشی بە بیردا دێت. ناچاربووم ئەو فێڵەی لێ بکەم، دەنا دەیکوشتم؛ حەزم لە درۆ نیە، بەڵام چی بکەم رووح عەزیزە". ئیبن سیرین سەد ساڵێك دوای پێغەمبەری ئیسلام کۆچی دوایی

کردووە . ئـەگـەر ئەو چیرۆکە راست بێت، من بیرم بۆ ئەوە دەچێت کە کتێبەکەی سـەرتاسـەر بە کـەڵەکچێتی دانابێت، چونکە ئەمە زۆر لەوە زیرەکتری پیشان دەدات کە توڕەهاتی وەهای نووسیبێت : ئـەگـەر لە خەونتدا مارێکت لە سەر جێگاکەت کوشت، ئەوا بزانە ژنەکەت دەمرێت؛ ئـەگەر مارێك لە ملت هاڵابوو و بە سێ لەت لە ملی خۆت کردەوە، ئەوا بزانە کە ژنەکەت سێ بەسێ تەڵاق دەدەیت ... لەوبابەتە .

فرۆیدیش عونسورەکانی خەون هەر بە ڕەمز دادەنێت، بەڵام دیارە بە شێوەی لەوەی ئیبن سیرین جیاواز . فرۆید " خەون "ی زۆرتر لە یەك وشەی " سوبلیماسیۆن Sublimation "دا دیتووەتەوە ( لە سوبلیمارە sublimare ی لاتینی = بەرزکردنەوە) . وشەیەکی زۆر گرنگ لە فەرهەنگی ئەوروپاییدا ، لە فەلسەفە و کیمیا و ئەدەبیات و... چووزانم، زۆر شتدا . وێدەچێت نیتچە یەکەم کەس بووبێت کە ئەم وشەیەی بەکارهێنابێت ( وەکو وشەی ئووبەر- مێنش Übermensch ،کە بە حەرفی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیسی : سووپەرمان) . ئێمە کاتێك بمانەوێت پارچەیەك سەهۆڵ بکەین بە هەڵم، دەبێت لەپێشدا بە گەرما بیکەین بە ئاو، ئەوجا ئاوەکە بکەین بە هەڵم . بـەڵام ئـەگـەر سەهۆڵەکە راستەوخۆ بکەین بە هەڵم بەبێ ئەوە بە قۆناغی بوونە ئاودا تێپـەڕێت، ئەو کـارەمان دەبێتە " سوبلیماسیۆن". ئـەدەبیات بیری بۆ ئەوە چووە کە بیری کردنی مەعدەنی هەرزان بە زێڕ، بۆ بـەرزکـردنەوەی مەعدەنی مرۆڤ بەکاربهێنێت، مرۆڤ لە مەعدەنێکی هەرزانەوە بکاتە مەعدەنێکی بـەرزتر، بـەرێزترو جوانتر و، ئەوەی ناوناوە سوبلیماسیۆن . پەروەردە ئەوەی بۆ پەروەردەی لاوان بەجێدیتووە، ئەنەرژیی زۆری جنسییان بە وەرزش و خوێندن بە جۆگەیەکی تردا بشـکێنێتەوە، بۆ فێربوونی جۆرەها پێویستیی ژیان، بیناکردنی داهاتوو و هونەری گرنگ ... ئیدی . سوبلیماسیۆن لای خانانی دێرنشینیش ئەوەیە کە گـوایا ئـارەزووی جنسیی نـزمی سەرزەوی بۆ ئارەزووی گەیشتنە عەشـقی‌گەورەی مەسیحی بـەرز لە ئاسمان بـەرزدەکەنەوە ( وەك لە تـەسـەووف، رابیعەی عەدەوی و ئەو شتانەی ئیسلامیشدا بەشێك لەوە دەبینین ) .

بەگوێرەی فرۆید ، ئـارەزووی ڕاستەقینەی حەیوانیی مرۆڤ، کە مرۆڤ بە پێوانەی ژیاری دەیەوێت خۆی لێ بدزێتەوە، لە خەوندا بە ڕەمز بەرز دەبێتەوە و، ئەو بەوە دەڵێت سوبلیماسیۆن . بڵێین" پشیلە"یەك تێدا ڕەمزی دایـکە و " ورچ"ێك ڕەمزی بـاوکە ( بە زمانی ئیبن سیرین : پشـیلە لە خەوندا دایکە، دایـکت لە خەونتدا لێ دەبێتە پشیلە و، باوکت ورچ ) و، ئیدی بەوجۆرە . کسێك جارێك ئەم خەونەی خۆی بۆ فرۆید گێڕاوەتەوە :

" لە خەومدا ، ژنی هەڤاڵێکی زۆر خۆشەویستم دیت، لە ڕێگایەك دەستەیەك شەڕلاتی سەگباب بە تەوقێك دەوریان دابوو، دەیانویست پەلاماری بدەن . من کە ئەوەم دیت و، دەمانچەم پێبوو،

فریاکەوتم . ئەوانەم بەر دەمانچە دان و، ژنی هەڤاڵەکەم نەجات دا و، بە سەلامەتی گەیاندمەوە ماڵ ".

نازانم ئەگەر ئەو خەونەی بۆ ئیبن سیرین بگێڕایەتەوە، چۆنی بۆ تەفسیردەکرد . بەڵام دەزانین کە فرۆید بەم جۆرەی بۆ تەفسیرکردووە :

" غەریزەی تەبیعی تۆ ئەو ژنەی دەوێت، بەڵام تۆ بە زنجیرەیەك پێوانەی ئەخلاقیی فەرهەنگ پەروەردە بوویت و، ئامادە نیت هەر بیر لە شتێکی جنسی لەگەڵ ئەو ژنەدا بکەیتەوە، هەر بە بیری هۆشیارییتدا نایەت . بەڵام لە خەودا مەسەلە دەگۆڕێت . ئەو شەڕلاتە سەگبابانەی کە لە خەونەکەتدا دەوری ئەو ژنەیان دابوو، بریتی بوون لە پێوانە ئەخلاقی وکۆمەڵایەتییەکان، لە شەرەف و ناموست . دەمانچەکەت ئامێری جنسییت بوو . غەریزەکەت کە ئەو ژنەی دەوێت، خەونی بە هەل زانیوە، لە خەوندا ئەوکۆنترۆڵانەی کاتی هۆشیاریی پێش خەوی بە ئامێری جنسیی تۆ کوشتوون و، بە مەبەستی خۆی، بە ژنەکە گەیشتووە ".

مرۆڤ، لە خەوندا ئێجگار زۆر خەریکە، فیلم دەبینێت، ڤیدیۆ و ئالبومی جۆرەها ڕووداوانی پێشتری بە ڕەمز یا بە ئەسڵ، یا بە ئەسڵێکی دەستکاریکراو سەیردەکات/ دەکاتەوە، چاوی لە تەواوی خەویدا ئەملاو ئەولا دەکات و، تۆماری کاری مێشکی کە لە کاتی خەودا دەکێشرێت ( چۆن هەر فیلمەی خەونی لە پێنج فسڵ پێکدێت و... ئیدی . کە لە خوێندنی سایکۆلۆجیدا هەیە) سەرقالییەکی ئێجگار زۆر پیشان دەدات . جۆرەها ئارەزووی کە بە هۆشیاریی پێکنەهاتوون، لە دنیای سینەمای خەویدا پێکدەهێنێت، پێیان هەڵدەچێت، تووڕە دەبێت، جنێو دەدات، جۆرەها قسەدەکات، ئەملا و ئەولا دەکات، ددانی چیرەدەکاتەوە . هەدادان و پشووی نیە، تەنانەت وا دەبێت بەخەوتوویی دەڕوات . ( بەگوێرەی چیرۆکێکی چیخۆڤ، ژنێك تەنانەت بە خەولێکەوتوویی لە ژوورەکەی دەرچووە و چووە لەگەڵ پیاوانی هاوسێیدا جووت بووە، بەڵام بەهەرحاڵ ... دوایی دەردەکەوێت کە بە فێڵبازی وای کردووە، نەك ئەوە کە بە ڕاست خەوی لێ کەوتبووبێت !) .

تەواوی ئەو هەمووە هەستە لە خەودان، نەك هۆشیاری . ئەی کە هونەر بریتی بێت لە تۆمارکردنی هەست، لە ئاست تۆماری ئەو هەمووە سەعاتە خەوانەی هەر شەوێك لە شەوەکانی ژیانماندا لەکوێیە ؟ ئایا دەبێت ئەوانە بە هیچ بگرین ؟ ئەدی ئەگەر بە هیچ نەگرین چی بکەین ؟ قەڵەم و ڕەنگ و فرچە و کامیرا و جۆرەها شت بیەینە ناو خەو و سینەمای خەونەکانمانەوە و، تۆماریکەین ؟ بەڵێ دەبێت وابکەین . چۆن ؟ وەڵام : بە هونەری سوریالیزم .

## ( ٣ )

ساڵی ١٩١٤، سێبەرانی خودا لە سەر زەوی هەڵیانتیزاند، ئاشی هاڕینی مرۆڤ و روەك و بێگیانیان وەکار- خست. بە دەوری چوارساڵ، پتر لە نۆ ملیۆن مرۆڤیان هاڕی و، لەوە پتریان پەککەوتە کرد و، زۆر لەوە پتریان هەتیو و بێکەس هێشتەوە. دروشمەکانیان بۆ ئەوانی کە لەناویان دەدان، هەمووی ئەخلاقی و مەنتیقی بوون : لە پێناوی نیشتمانی دایکدا، بۆ نەتەوەکەت، نەتەوەکەت تۆی دەوێت، رۆژی تۆیە ئەی عاشقی قارەمانی و ... لەوبابەتە. حەفتا ملیۆن چەکدار، وەکو ماروموور لە زنجیرە کەندەکەکانی سەرتاسەری دنیادا، بە نانی کەڕواوی و ئاوی بۆگەن، چڵکن و دژوێن، پێستیان گڕوێ دەبوو. رۆژ دەهاتن و دەچوون، حەفتە و مانگ و ساڵ بە دووی حەفتەو مانگ و ساڵدا و، ئەوانە هەنگوینی ئەخلاق و ناموسی ئیمپراتۆران و، رابەرانی باکوور باشوور رۆهلا- تیان لە نانهەڵدەسوو و، خودایانیان بۆ وەدەستهێنانی بەهەشتێك لە خۆیان رازیدەکردن. خەڵکانێکی زۆر لە چینی ناوەندی، کە هێندەیان لەو هەنگوینە دەرخوارد درابوو، ئیدی هێڵنجیان دەهات و دەیانویست بڕشێنەوە. هێندێك هەڵکەوتووی ناکرێکارو نادیموکراتیان تێدا، بە ناوی کرێکاران و دیموکراسی، بە رێگاوەبوون رژیمانی پرۆلیتاریایان لە سەر کەللەسەری سێبەرانی ئەو خودایانە دابمەزرێنن. هێندێکی تر، کاردانەوەی تریان هەبوو. هێندێك لەم هێندێکەی ترە، رێك لە ناوەندی ساڵانی ئەو کەیفەی خودایانی کەیفچیدا ( ١٩١٦)، لە شاری زوریخ (سویسرا)، لە جۆرە قاوەخانەیەك، کە"کاباریٚ ڤۆلتێر"ی ناوبوو، کۆبوونەوە و بڕیاریان دا بزووتنەوەیەکی نوێ رابگەیەنن، کە تێدا پشت لە زەوقی تائەوسای دنیا بکەن و، چاو و گوێ و دڵ و مێشك و ناموس و ئەخلاقی مرۆڤ بە وێنەیەکی تر و شانۆیەکی تر و هەموو شتێکی رووحیی تر ... تر ... تر رابهێنن :

شاعیرو نووسەری رۆمانی زارا، نیگارکێش و ئەندازیاری خانووسازیی رۆمانی ( دواتر ئیسرائیلی ) ئیانکۆ، نیگارکێشی هۆڵەندی ئۆتۆ فان رێیس، نیگارکێش و پەیکەرتاش و شاعیری ئالزاسی ( لە دایکێکی فەرەنسی و باوکێکی ئەڵمان) ئارپ، نیگارکێش و پەیکەرتاش و شاعیری سویسری تاوبەر خانم ( کە وێنەی لەسەر پارەی کاغەزی پەنجا فرانکیی سویسری هەیە، دواتر مێرد بە ئارپ دەکات و ناوی دەبێت بە تاوبەر- ئارپ)، شاعیرو نووسەری ئەڵمان بال، نووسەرو شاعیری ئەڵمان هولزینبێك.
( ناوەکانیان بە شێوەی نووسینی ئەسڵ :

Tristan Tzara, Marcel Janco, Otto van Rees, Hans Arp, SophieTaeuber, Hugo Ball, Richard Hülsenbeck ).

ئەوجا، بۆ ناو، چیی ناوبنێین ؟ دەبوو شتێکی مەعقوول بدۆزنەوە، بەڵام مەعقوولی چی ؟ مەگەر ئەوانە هەر بۆ ئەوە کۆنەبوونەوە کە پشت لە عەقڵ بکەن ؟ ئیتر مەعقوولی چی و شتی چی . نا، قامووسێك هەر وا لە سەر مێزەکە لە گۆشەیەکەوە داندرابوو، زارا دەستی دایە، کردییەوە، یەکەم وشەی تێدا وەبەرچاوکەوت وشەی " دادا " بوو، تەواو، ناو دۆزرایەوە، ئەمە بزووتنەوەی " دادایزم" ـە . ( دادا لەو کتێبەدا بە فەرەنسی مەبەست لە جۆرە بازیچەیەکی منداڵانی بچووك بووە) .

لە هەمان کاتدا کە ئەمانە لە زوریخ بەم دادایزمەی‌خۆیانەوە خەریك بوون، دەستەیەکی تر لە نیویۆرك (ئەمریکا) ڕێبازێکی لە هەمان بابەتیان مل لێنابوو، بۆ هونەرو ئەدەبیات و هەموو شتێکی تر... تر ... تر :

فۆتۆگراف و فیلمسازی ئەمریکایی ڕێی، شاعیر و وێنەگری ئەمریکایی ئارینسبێرگ، نیگارکێشی فەرەنسی پێکابیا، نیگارکێشی ئاریستۆکرات و دەوڵەمەندی مەکسیکی د زایاس ( یا بە ئەسڵە سپانیاییەکەی دیثایاس)، فۆتۆگرافی ئەمریکایی ستیگلیتز کە پیشانگا و دووکانی ( گالەری) ی لە ژمارە ٢٩١ی شەقامێکدا بوو، ئیتر هەر ناویشی نابوو ٢٩١ . دەستەکە لەوێ کۆدەبوونەوە و گۆڤار- ێکیشیان هەر بەو ناوە( 291 ) دەردەکرد و، بەزوویی نێوانیان لەگەڵ دادایيەکانی زوریخدا دامەزراند.

( ناوەکانیان بە شێوەی نووسینی ئەسڵ :

Man Ray, Walter Arensberg, Francis Picabia, Marius de Zayas, Alfred Stieglietz ) .

یەکێك لە دادایيەکان، گیوم ئاپۆلینێر، شاعیرو نووسەرو زۆر شت، لە خێزانێکی زۆر سەیر؛ کە من چیرۆکی ژیانی دەخوێنمەوە، دەڵێم ئەمە ئیتر لە فسەڵەکانی هەزارو یەك شەو دەچێت . زۆر دۆستی پیکاسۆ و ماتیس و ئاراگۆن ( ی دواتر کۆمونیست) و زۆر لە ناودارانی پاریسی سەردەمی خۆی بوو . ساڵی ١٩١٧ چیرۆکێکی بەرهەمی قەڵەمی( کە ساڵانێك پێشتر نووسیبووی) لەسەر شانۆیەکی پاریس پێشکەش‌کرا و، هەر ئەوسا لە باسی چیرۆکی ئەو شانۆیەیدا گوتی : " ئەمە سووریالیزمە ".

ئیتر بەوجۆرە، ئەو وشە فەرەنسییەی خستە قامووسی فەرهەنگی مرۆڤەوە و، لەوساوە دادایزمیش و بەرهەمی لەوبابەتەی پێش ڕاگەیاندنی دادایزمیش ئیتر هەر لەم ناوەدا توانەوە ( سووریالیزم، سور = سەر، ریالیزم = واقیع، واقیعیەت ) .

چیرۆکی شانۆکە بە ناوی " مەمەکانی ( مەمکەکانی) تیرێسیاس " بوو .

Les Mamelles de Tiresias, Guillaume Apollinaire

هەرچەندە ناوی تیرێسیاسی لە ئەفسانەکانی یونان وەرگرتووە، بەڵام وێدەچێت بیری ئەو ئەفسانەیە " بەهۆی ئەم شانۆیەی ئەو "دیسان لە ئەدەبیاتی نوێی ئەوروپادا زیندوو بووبێتەوە . هەر لەم هۆڵەندا بچووکە، چەند بەرهەمی بەو ناوە، دوای ئەمە پەیدابوون .

تیرێسیاس، لە ئەفسانەکانی یوناندا، کوڕێکی حەفدەساڵان بووە . جارێك بەکەیفەوە سەیری دوو ماری کردووە کە جووت بوون . مارەکان پێیان نـاخۆش بووە کەسێك لەو حاڵەدا سەیریان بکات، بەگژیدا چوون و، ئەویش بە دارەکەی مارە مێیەکەی کوشتووە . هێرا، هەم خوشك و هەم یەکێك لە بیستویەك ژنەکانی زێوس، بەوە تووڕە بووە و لەسەرئەوە کردوویە بە ژن، کە ئیتر مێردی کردووە و منداڵیشی بووە، یا بە گوێرەی چیرۆکێکی تر بووە بە قەحبەیەکی ناودار . تا دوای حەوت ساڵ دیسان تووشی جووتبوونی مار دەبێتەوە، ئـەمجارەیان مارە نێرەکە دەکـوژێت و دەبێتەوە پیاو . زێوس و هێرای هەم ژن و هەم خوشـکی گـەورەی، کە وەکو زۆر خوشـك و بـرایان، هەمیشە شەڕەدەنووکیان بووە، لەسەرئەوە کێشەیەکیان لێ پەیدادەبێت کە کێ لە کاتی جووتبووندا پتر لەززەتی پێ دەبڕێت، ژن یا پیاو . زێوس دەڵێت ژن لەوەدا پتر لەززەت دەبینێت و ،هێرا دەڵێت نەخێر ئەوە پیاوە پتر کەیفی پێ دێت . دەڵێن با لە تیرێسیاس بپرسین، ئەو هەم بە پیاویی کردوویە و هەم بە ژنی . لێی دەپرسن . تیرێسیـاس دەڵێت " لە دە بەشی لەززەتەکە، یـەك بەشی بۆ پیاوە و سێ جار سێ بەشی بە ژنەکە دەبڕێت" . هێرا بەوە تـووڕە دەبێت و کوێری دەکات . بەگوێرەی چیرۆکیکی تر، کاتێك ئاتێنا بە رووتوقووتی مەلەی کردووە، تیرێسیاس لە گۆشەیەکەوە بەدزییەوە سەیری کردووە . کە ئاتێنا پێیزانیوە، کوێری کردووە .

ئەو هەمووە رەمزانەی پێوەندیی جنسی لە ئەو ئەفسانەیەدا، حەقمەن زۆر سەرنجی ئاپۆلینێریان راکێشاوە . ئەو لە سەردەمێکدا کە هێشتا نیسبەتێکی ئێجگار زۆری ژنی رۆژئاواش مافی ئەوەیان نـەبووە، یا هەر بە بیریاندا نـەهاتووە ئەو حیسابانەی دابەشبوونی لەززەت لەگەڵ پیاودا بکەن . ئەو هـەمووە هونەرەی کە پێشتر هەبووە، لە کتێب و شانۆ و رەسم و فۆتۆگراف و مووسیقا و ... چـەندە لە قووڵایی دەروونی مرۆڤ دواوە ؟ ئەوەی هونـەری واقیعی(ریالیزم)ی پێگوتراوە، چەندە بەڕاستی وابووە ؟ ئایا هونەرمەند توانیویە وەکو فرۆید هەوڵ بدات پەردە لەسەر ئەوهەمووە رازەی رەوانیمرۆڤ لابدات ؟ ئایاواقیعی راستەقینەی هەستی مرۆڤ لەسەرووی ئەو واقیعەوە نیە کە هونەرمەندان بە ناوی واقیعەوە پێیەوە خەریك بوون ؟ دەبێت زۆری لەو پرسیارانە لەخۆی کردبێت، ئەوجا ئەو چیرۆکەی بۆ شانۆ نووسیبێت .

چیرۆکەکەی باسی ژنێکە لە زەنجبار ،لە ژنبوونی خۆی وەڕەز دەبێت و بڕیار دەدات ببێت بە پیاو . مەمکەکانی

بەردەدات، دەبن بە یزدان و دەڕۆن هەڵدەفڕن. ئیتر دەبێت بە تیرێسیاسی پیاو. مێردەکەی بەوە ئەوەندە دەپەشۆ - کێت، ژان دەیگرێت و لە یەك تاقە رۆژدا، نەك هەر یەك یا دووانەیەك، بگرە چل هەزارو چل و نۆ منداڵی دەبێت. ژمارەیەکی ئیجگار زۆر سەیری منداڵ بە یەك زگ. لەوساوە، جۆرەها چیرۆك و شانۆ و ئۆپێرا فکرەکەیان وەر- گرتووە و، بە وردەکاریی تر پێشکەش کردووە. من خۆم لە هۆڵەندا ئۆپێرایەکی دوو فەسڵییم لەوانە دیتووە.

ئاپۆلینێر، ساڵی ١٩١٨، کە هێشتا تەمەنی ٣٨ ساڵیی تەواو نەکردبوو، کۆچی دوایی کرد. ئاندرێ بێرتۆ، دوای ئەو، بوو بە زمانحاڵی سوریالیزم و ساڵی ١٩٢٤ بەیانی یەکەمی سوریالیزمی راگەیاند:

مانیفێستی سورریالیزم Le Manifeste du Surrealisme, André Berton

من ئەو جادووگەرییەی بەکارهێنانی وشەی لە ئەو مانیفێستەیدا دەبینم، لە شوێنێکی ترم نەدیتووە. چۆن چەند وشەی بەئەسڵ لە دوو وشە پێکهاتوو، دیسان بە داشێك لێکجیادەکاتەوە تا مانای لەوەی هەیەتی پتر هەڵگرێت. ناوهێنانی فرۆید تێدا زۆر مەرکەزییە و، - بە بیری من - ئیجگار زۆر مەنتیقیانە، پێناسەی "مەنتیقی عەقڵ"ی سەردەمی مەحکووم کردووە. خولاسەکەشی ئەوەیە کە، ئێمە زۆر بە وێنەی سەر رووی ژیانەوە سەرقاڵین، نەچووینە قووڵایی دەروونەوە. بەوە شادین کە بە ناوی عەقڵ، هەموو خەرافات و ئەفسانەیەك رەت دەکەینەوە، لەکاتێکدا دەبینین فرۆید دەگاتە نەتیجەگیرییەکی زۆر قووڵتر لەوەی کە ئێمە بە مەنتیقی عەقڵی خۆمان ئەوەندە لێی دڵنیاین و، فرۆید بۆ دەربڕینی ئەوە کەڵك لە ئەفسانەکانی یونان وەردەگرێت ( دیارە مەبەستی لێرەدا شتی وەك نموونەی "ئۆدیپیوس"ـە، کە لە ئەفسانەکانی یوناندا پیاوێك بووە، باوکی خۆی کوشتووە و دایکی خۆی هێناوە و دوو کوڕ و دوو کچیشی لێ بوون؛ فرۆید ناوی "گرێی ئۆدیپیوس"ی بۆ تیۆریی هەستی جنسیی نێوان کوڕ و دایك و،کچ و باوك بەکارهێناوە). بێرتۆ، لە ئەو مانیفێستەیدا،نموونەیەکی- بە من- زۆر جوان دەهێنێتەوە، کە چۆن جوانی دەکرێت لە وێنەیەکی زۆر سەیردا سەرهەڵبهێنێت. نموونەکە ئەوەیە لە شوێنێکدا خوێندوویەتەوە کە کەسێك نووسیویە "پیاوەکە لەلایەن پەنجەرەکەوە دوولەت کرا"، کە وێدەچێت وەسفی دیمەنی پیاوێکی پێ کردبێت، کە سەرەتا دیتوویە پیاوەکە لە پەنجەرەوە، بە تەواوی نیوەی سەرووی قەدی داهاتووەتەوە، ئەوجا دوای ئەوە راست بووەتەوە. قسەیەکی تریشیم هەر لەوێدا زۆر پێ جوان بوو،کە لە باسی شاعیرێکی فەرەنسییهاودەمی ( سانت پۆل روو)دا دەڵێت کاتێك دەچوو بخەوێت، لەسەر دەرگاکەی دەنووسی "شاعیر کاردەکات" (ئێستا ئیتر من دەچمە دنیایکاری شیعری خەونەوە). هەمان شتی کە دەکرا ئەسرین ئیسکەندەری لە سلێمانی لە سەر دەرگای "چۆڵە ژوورەکەی" بنووسیایە.

## ( ٤ )

بۆ لێنۆڕینی ریشەی جیهانی سوریالیزمی ئەوروپایی، من چاوەڕوان بووم باسێکی زۆری پێوەندیی ئەوە بە ئەدەبیاتی کلاسیکی ئەوروپاییەوە ببینم، کەچی بەرچاوم نەکەوت . دەشکرێت من نەمتوانیبێت لەوڕووەوە باش بگەڕێم . تەنانەت لە باسی پێوەندیی بیری" نیهیلیزم" و سوریالیزمیشدا ، من شتێکم لە سەرچاوەکاندا وەدەست نەهێنا کە دڵم ئاوی لێ بخواتەوە .

نیهیلیزم ( لە " نیهیل"ی لاتینی = هیچ )، کە جاری یەکەم لە کتێبێکی " تۆرگێنییێڤ"ی رووسدا باسکراوە ( وەکو " لۆلیتا"ی نابۆکۆڤ ) . ئەوە لای عارەب بە " العدمیّە "وەرگێڕدراوە ( عەدەمیەت ) . لە قامووسێکی فارسیدا سەیرم کرد ، بەم جۆرە مانای لێ دابۆوە :" نیهیلیسم = انکار همەچیز، انکار هستی". ئیتر بەخۆم نەبوو زۆر پێکەنیم، کە حەقەن پێم مانالێدانەوەیەکی زۆر " نیهیل"ـە . کەچی لە مانای فارسیی" اگزیستانسیالیزم"دا " هستیگرایی" باس کردووە، لەکاتێکدا هەرتك زاراوە لە سەر هەمان تەوەرەن، کە دەکرێت ریشەیەکیان لای نیتچەش ببینینەوە .

ئەوانە کە بە رواڵەت ئەوەندە جیاواز بێنە بەر چاو، بەهۆی دۆشدامانی مرۆڤەوەیە بەدەست "ئیزم"ـانەوە . دوعا لە دوژمنت بکە بکەوێتە جۆلاتەنەی جاڵجاڵووکەی ئیزمەوە و دۆستت لێی دوور بێت . من لای خۆمەوە، وێڕای کەڵك وەرگرتن لەو ئیزمانەش، نەمهێشتووە سەرم لێ بشێوێنن و وام لێ بکەن نکوڵی لە بیرو هەستی خۆم بکەم . هێندێك بەرهەمی سوریالیزمی زۆر لە ئوستادانی سوریالیزم، لە چاو و دڵی مندا رۆمانتیسیزمن، ئەوجا کەس قەبوڵییەتی یان نا ،کەیفی خۆیەتی . من، جگە لە هەستی خۆم بۆخۆم، دەتوانم بە مەنتیقی پێناسەی ئاکادیمیش لە سەر هەڵوێستی خۆم بکەمەوە و، تا نەفخی سوور هەرای لەسەر بکەم . مانای" ئیزم" زۆر جار وەکو تەفسیری قسەی کتێبە ئاینییەکانە . دەبێت تێدا سەیری سیاق (کۆنتێکست) بکەین و بزانین سەرەبەنەکەی مەبەستی ئێمە لەو گلۆڵە ئاڵۆزەدا لەکوێیە . " هیچیزم" و " وجوودیەت" و " مردنی خودا"ی نیتچە و " سوریالیزم" و رەنگە شتی تریش، دەکرێت لە هێندێك شوێندا جیاواز بن، بەڵام لەلایەکی ترەوە، هەموو بەتەواوی دەکەونە سەر یەك خەت : تەسلیم نەبوون بە " بیروباوەڕی تائێستا ، ئاخر تائێستا هەر وابووە، کەواتە هەر دەبێت وابێت" و، " گوێگرتن لە هەستی خۆ، بۆ لە ئێستا بەدوا، من وای دەبینم" . بە زاراوەسازیی زمانی فەیلەسووفان، شتی وەك : بەهای رەوشت شتێکی موتڵەق نیە، حەقیقەتیش لە فکردا موتڵەق نیە، خۆمان بەتەنیا رووبەڕووی ژیان دەبینەوە، چونکە خودای هەمیشە سەقامگیر لای ئێمە ئیتر مردووە، مێژوو خۆی لەخۆیدا هیچ ئامانجێکی نیە و،

هەمیشە لە دیسان هاتنەوەدایە و ... ئیدی .

لەبەرئەوە، من لێرەدا ،لەجیاتی باسی پتری بەیاننامەی یەکەمی سوریالیستی،یا فرۆید ، یا باسە هەرە نوێیەکان وێڕای ئـەوپەڕی سـوپاس بۆ ئەو دۆستە خۆشـەویستانەی چەند نووسینێکی گرنگیان لەو رووەوە بۆ ناردم تا کەڵکیان لێ وەربگرم،حەز دەکەم ئەم بەشەی باسەکەم بۆ لێنۆڕینێکی ئەو پێوەندییە دابنێم کە لە یەکەم دێڕی ئەم دوا بەشەدا ئاماژەم پێ کرد : رێگای نێوان سوریالیزم و ئەدەبیاتی کلاسیکی ئەوروپایی .

پێش هاتنی ئاینی یـەكخـودایی سـامیەکان، ئاینی یونانیەکان (و لاتینی کە دەکرێت بڵێین لاسـاکردنەوەیەکی یونانی بوو ) فرە خودا بوو . یـونانی، بەگوێرەی دڵ و دەروون و مێشك و رەوشـت و فـەلسەفەی ژیانیان خودای خۆیان لە کۆڕی خودایانیان هەڵدەبژارد . وەك بڵێیت، بە بەراورد بە ئەمڕۆ کە " کۆمەڵی نەتەوە یەککرتووەکان " هەیە،" کۆمەڵی خودا یەککرتووەکان" ی دنیای یونانیەکان هەبوو، کە - بە بیری من - زۆر لەم کۆمەڵی نەتەوانەی ئەمڕۆ مەنتیقیتر و بەجێتر بوو . مرۆڤ، بەگوێرەی دنیای زیهنی خۆی، وەبەر - بڵێین - مەملەکەتێك لە مەملەکە-تەکان دەکەوت . ئەو خەڵکەی لە مەملەکەتی نـەشـوەت، مەستی، لە پێستیخۆ دەرچوون، هەوڵی فڕین و چوونە خەونی هۆشیارییەوە، حاڵگرتن بە مووسیقا و سەماوە و، قەبووڵ نەکردنی هیچ هێڵێکی سوور لەبەردەم ئارەزووی دڵدا ، لە مەملەکەتی دنیای " دیۆنیسوس" بوون . دیۆنیسوس، لە جووتبوونی زێوس ( گەورەپیاوی خودایان) و مرۆڤێك، ژنێکی ئـاسایی لە ژنانی ئەم دنیایە، " سێمێلێ " ببوو . شتێك لە سێمێلی خانمی مرۆڤـدا ئارەزووی پیاویخودای بزواندبوو کە ئەو خوداپیاوە لە زۆر لە ژنەخودایانیدا نەدەدیتەوە . دیۆنیسوسیەکان زۆریان دەخوار-دەوە، وادەبوو ئـەوەندە مەست دەبوون کە بە جۆرەها شێوە لەدەست دەردەچـوون و، مەنەتیان بە قانوون و مانوون نەدەما و، زۆر وادەبوو دارۆغەی شار دەیانگرتن و، بە تاوانی بەدرەفتاری دەیانخستنە زیندانەوە . کە یونانییەك بیدیتبا وا دارۆغەی شار کەسانێکی بەدمەست راپێچی زیندان دەکەن، دەستبەجێ بە بیریدا دەهات کە ئەوانە دەبێت دیۆنیسوسی بووبن . وادەبوو ماوەیەك چالاکییان هەر قەدەغە دەکرا ؛وەك ئەوەیکە ئەمڕۆ خەڵك لەرۆژئاوا ئازادن بچنە خۆپیشاندان، یا بچنە ستادیوم سەیری یاریی تۆپی پێ بکەن، بـەڵام هەرکام لەوانەش قانوونی خۆی هەیە، ئەوەی لێی دەرچێت دەکرێت تووشی گرتن بێت، یا وا دەبێت یارییەکی زۆر گرنگی تۆپی پێ بەهۆی بەد-رەفتاریی کەسانێکییەوە قەدەغەدەکرێت .

لە لایەکی ترەوە،کەسانێکیعەقڵپەرست هەبوون کە" ئاپۆلۆ"یان دەپەرست . ئاپۆلۆش هەر کوڕێکی زێوس بوو، بـەڵام دایکیشی، لێتۆ، هەر لە خوداکان بوو . ئـاپۆلۆ ( بە شێوەی لاتین، ئەسڵە یونانییەکە : ئـاپۆللۆن) خودای

خۆکۆنترۆڵکردن، ئارامی، ناسینی سنوور، پێوانەی مەنتیقیی هەندەسە و هونەر و، ئەندیشە و گونجان( کەواتە نەزمی سیاسیش) بوو . بۆ ئەتیمۆلۆجیی مانای ناوەکەی، چەند تیۆری هەن، یەکێکیان هی ئەفلاتوونە، کە پێی- وابووە ریشەی ناوی ئاپۆللۆن شتێکی بە مانای" نەجاتدان، رزگارکردن" بووە . کەواتە مرۆڤ، بۆ نەجاتی خۆی، پێویستی بە ئەندیشە و نەزمی هەندەسەیەکی گونجان هەبووە .

شۆپێنهاوەری فەیلەسووفی بەدبین ، کە واچاکە مرۆڤ بەیانیانە نەیخوێنێتەوە ، تا رۆژی رووناکی لێ تاریک نەبێت، ژیانی مرۆڤی بە کۆیلەیی بۆ " دێر ڤیلە Der Wille " ( ویست)ی دیکتاتۆر هاتووەتە بەرچاو . بەڵام مەبەستی لە ویست لێرەدا ویستی غەریزە بووە، نەك بڕیاری عەقڵ . لای وابووە مرۆڤ زۆر لەوە بێهێزترە کە بتوانێت بە عەقڵ بژیت .

کەسێکی کە سەرەتا زۆر لە ژێر تەئسیری شۆپێنهاوەردا بووە، نیتچە،کە من پتر بە شاعیرێکی دەبینم تاوەکو فەیلەسووف، لە یەکەم کتێبیدا، بە ناوی " لەدایکبوونی تراجیدیا"، جوانیی هونەری یونانی لە تێکەڵیی دوو خودای بەرانبەری یەك، دیۆنیسوس و ئاپۆلۆدا دیتووە . نیتچە،- بە بیری من - بە هەستە شاعیرانەکەی، سیحر- ێکی لە کۆبوونەوەی ئەو دوو دژەیەکترەدا دیتووەتەوە،کە ناوی ناوە" ئامۆر فاتی Amor Fati" (عەشقی قەدەر) . دەردو پەتای کە وابووە بە سەدانهەزارکەسیان کوشتووە، بێ بڕانەوە شەڕو هەرا و کارەسات، بوومەلەرزەو بورکان و، لەدواییشدا، دێر یا زوو، دیارە هەمیشە کۆتایی ژیان، مەرگ، هەموو بەسەر سەری مرۆڤەوە وەستاون . بەڵام نیتچە لێرەدا لە رەشبینیی شۆپێنهاوەر جیادەبێتەوە و وا دەبینێت کە ئەو کارەساتەی قەدەری مرۆڤ وا لە مرۆڤ دەکات بەخەستی ئەو هەلە کورتەی ژیان خۆش بژیت، هیچ هەلێك بۆ ئەوە لەدەست نەدات . رووبەڕووبوونەوەی قەدەر، قارەمانیی تێدایە، هەڵگەڕانێکی تێدایە بەرەو لوتکەی ژیان، کە مەستی و غرووری لەم ژیانە کورتەیدا بۆ دابین بکات و، مانایەك بدات بەو ژیانەی کە خۆی لەخۆیدا هیچ مانایەکی نیە . بەڵام ئەوەش هەمووی، لە هەر روویەکەوە لێبنۆڕیت، جوانییەکەی تێکەڵ بە عونسورێکی ئاپۆلۆنییە . بەغوونە، مووسیقا ،کە نیتچە سەرەتا شەیدای ڤاگنەر بوو و بە نموونەی قسەکانی خۆی لەو رووەوە دەدیت . نیتچە رووحیخەمباری چارەنووسی مرۆڤی لە دەنگی مووسیقادا دەدیت، کە ئەو دەنگە تراجیدیای ژیان وەبیر مرۆڤ دەهێنێتەوە، هانی دەدات بە خەستی بچێتە نەشوەتی رووبەڕووبوونەوەوە .

مووسیقا، جگە لەوە، وێنە بۆ مرۆڤ دەگرێت، پەیکەری - بە پێوانەی ئەندازیاریی ئاپۆلۆنی - لە بەرچاوی دروست دەکات . هەر ئەوەش بوو کە دیۆنیسوسییەکان لە جێژنی ساڵانەیاندا لە یونان، شانۆی تراجیدیایان

پێشکەش کردووە، کە هەمیشە مووسیقا و گۆرانیی وێڕا بووە . دیمەنی لەشـولارێکی بـەهاری ژینێکیش، زۆر ئاپۆلۆنیانەیە، بـەڵام هەر ئەوە هـەستی دیۆنیسوسیی مووسـیقای دڵمان پێکدەهێنێت . ئـەوە حـەقیقەتێکە کە ئەندیشەی نێوانی ژیانی غەریزەی تـەبیعەت و ئـارەزووی بـێ نەزمی لەلایەك و، عەقڵ و هـەندەسە و نـەزم لە لایەکی تر،هەمیشە بیری مرۆڤیان پێوە خەریك بووە . سەدەی هەژدە، رووسۆ و ڤۆلتێر(بە تیخیدەبانی زمانی)شی کێشەی زۆریان لەوەدا هەبووە .

کاتێك فـرۆیـد هات، ئەو نێوانە زۆر دالەنگا بوو، زۆر بە لای ئـاپۆلۆدا چووبوو . فرۆید دیتی کە ئـاپۆلۆ لە تێگەیشتنی دیۆنیسوسدا زۆر لەدوایە، یا دیۆنیسوس نـەیتوانیوە خۆی بۆ ئاپۆلۆ روون بکاتەوە و، لە نەتیجەدا هونەری کە دەبێت ئەو دوو عونسورەی تێدا هاوئاهەنگ بن، کەماسییەکی زۆری تێدایە . من سـوریالیزم ئا لە ئەو چوارچێوەیەدا دەبینم،گەشاندنەوەی دەوری دیۆنیسوسییە لە هونەرێکدا کە زۆر لە ئاپۆلۆنییەتدا رۆچووبوو .

دیارە سوریالیزمیش، وەکو زۆر شتی تر،دەکرێت بە پەساپۆرتی راستەقینەی سەفەر بکات و،دەشکرێت کەسێـ ـکی زۆرغەریبی کە تاقە وشەیەکیش لە زمانی سوریالیزم نەزانێت، پەساپۆرتێکیقاچاغ لە بازاڕی قاچاغچییان بکرێت و، بێتە لامان؛ فڕی بە سەر ئەو وڵاتەوە نـەبێت کە گوایا وڵاتی سوریالیزمە، کێشەی " ئیزم "ی کە پێشتر باسم کرد . بلیمەتێکی هیندستانی، بە شێوەیەکی سەرسووڕهێن زۆر بە کـاریزما، بهاگوان سری راجیش، دواتر بوو بە ئۆشۆ، ساڵانی حەفتای سەدەی رابردوو و تا کۆچی دوایی ١٩٩٠، ویستی خۆی بە تەجەسسومێکی دیۆ- نیسوس پێشکەش بکات، بـەڵام هەر بازرگانێك بوو کە بە کووتاڵێکی، کۆمەڵێکی دەوڵەمەندانی شاد دەکرد و، خۆی پێ دەوڵەمەند دەکرد.

بە هەرحاڵ، هەمیشە ئەوەی راستەقینەیە لەدواییدا دەمێنێتەوە و، ئەوەی بڵقیشە بەسەردەچێت .

من، جاری یـەکەم، لە هۆڵەندا، لە خۆشەویستێکم کە مامۆستای زمانی هۆڵەندیم بوو، بە بۆنەی سـاڵوەگەڕی رۆژی لەدایکبوونم، کـارتێکم بۆ هات، رەسمی " کـەڵەشێر "ی شـاگـال بوو، ئەوەیان کە ساڵی ١٩٢٨ کردوویە، کیژێك سواری کـەڵەشێرێك بووە و دەستی کردووەتە ملییەوە . دیتنی ئەوە هەر لەسەداسەد بە حەرفی، تـەئسیری خواردنەوەی شەرابێکی ئیجگار زۆر باشی بەسەر حەواسی مندا هەبوو . ئەمە بۆ من خەون بوو،خەونی جوان بوو، ئیجگار زۆر جوان، هەستی نەرمی و گەرمیی دەدا بە منی تەنیا و هەناسەسارد و ئیجگار زۆر خەمگین . ئەوە بۆ من فریشتەیەك بوو کە بە دڵ دەمویست لەبەردەمم لەشی بە گۆشت و خوێنی وەخۆگرتبا و، دەستیم لە ملی هەر- تکیان،کەڵەشێرو سوارەکەی بکردایە . ئێستا کە ئەوەم وەبیردێتەوە، دوای ئەو هەمووە ساڵانەش، ئەوەندە هەستم

دەبزوێنێت، فرمێسکم پێ هەڵدەوەرێنێت .

من کە بۆ یەکەم جار " پارچەکانی کات و شوێن"ی ئـەسرین ئیسکەندەریم دیت، هەڵکەوتوویەکی زۆر، بلیمە-تییەکم تێدا دیت؛ بەڵام کە " لارولەنجەت مووسیقایە بەستەیە گۆرانییە"کەیم دیت ، لە پێ کەوتم، لە شوێنی خۆم چەقیم، خودایا من چی دەبینم ؟ ئەوە رێك بردمیەوە هەمان لەحزەی دیتنی کەڵەشێرەکەی شاگال، تۆ بڵێیت ئەمە هی شاگال بێت ؟ نـا ، شاگال ئاگای لە هـەردی نیە، ئەمە هەردیی ئاپۆلۆی ئەندازیاری " بناغە و چینی دیواری تەلاری بەرزی" شیعری کوردییە ، ئاوا بە دەستی سیحراویی ئەم کیژە کوردە جوانە لە وێنەدا تواوەتەوە . وێنەکە بۆ من لارەو لەنجەیە و مووسیقایە و بەستەیە و گۆرانییە، هـەمووی بە پەتیترین و تەواوترین شێوەی تێدا دەبینم . ئۆرکێستی رەنگ تێدا ، من دەباتەوە ئێوارەی هاوینانی جەوانییم لەگەڵ دڵبەرمدا. رووبارێکی تیشك تێدا دەبینم کە کیژەکوردێك بەرگی نوێی خۆی لێ دروستکردووە و، هەتاوێکی داهاتووی وڵاتەکەی لە ئاسۆوە گەشبینییەکی دەداتێ، کە پێیدەڵێت دەتوانێت بچێتە رەشبەڵەك، بەڵام کیژەکە دەیەوێت جارێ هێندێك لێ‌رامێنێت .

تیشکەکان، من، هـەم هەندەسەیەکی ئاپۆلۆنی و ژێیەکانی چەنگیان تێدا دەبینم و، هـەم تەزووی کارەبایەکی دیۆنیسوسی لە رەمزەکەیاندا ،کە رووحی ژیان دەنوێنن . هـەم خۆشیی ژیانی جەوانی و هـەم خەونی ژیانەوەی ئەو خۆشییەی تێدایە .

ئەگەر ڤاگنەرێکی کورد هەبوایە و، بیویستایە سیمفۆنییەك بەوناوە دابنێت، من لام وایە ئـەم وێنەیەی ئەسرین ئیسکەندەری بۆ ئیلهامی ئەو، تەئسیری لە شیعرەکەی هەردی خۆی کەمتر نـەدەبوو . من کە ئەوە دەڵێم، شێتو شـەیدای شیعری هـەردیم و، بە یـەکێك لە گـەورەترین " هـونەرمەندانی وێنە و مووسیقای شیعر"ی مێژووی ئـەدەبیاتی مـرۆڤی دەبینم؛ جا لام وایە وێنەکەی ئەسرین ئیسکەندەری لە شیعرەکەی ئەو کەمتر نیە . ئەم وێنەیە، بە رادەیەك کاریکردووەتە سەر رووحیەتی من،کە رەنگە تێراپییەکی زۆرم بوێت تا لە جەغزی رۆمانسیەتی دەرچم و، دیسان بتوانم درێژە بە نووسینە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژووییە وشکەکانم بدەم . بەڕاستی نازانم من، دوای ئەم وێنەیە، چۆن دەتوانم ئیتر ساتیر بنووسم .

هونەرمەند ،لە رووبەڕووبوونەوەی هەلومەرجی سەختی" قەدەر"دا وەك کە نیتچە لام وایە بە هەستی شاعیرانەی خۆی زۆر چاکی هەست پێکردووە،گوڵ دەکات و، من کەمترینگومانم لەوەدا نیە کە حەقمن ئەسرین ئیسکەندەری لەسەر ئەو رێگایەیە . یەکەم کەسێکە لە قەومی خۆیدا ئەو رێگایەی هەڵبژاردووە،کە بۆ قەومانێکی زۆر بە رابر-دووی ئەو هونەرەش سەختە . بەتایبەتی لەکاتێکدا کە ئەوانیش ئێستا جۆرەها رووبەڕووبوونەوەی نوێیان لەپێشە،

وەك کە ئەسرین ئیسکەندەری خۆی بەم جۆرە باسی دەکات، دەڵێت :

" جوانیناسی ئـەمڕۆ لەگەڵ باس و چەمکی تازەدا بەرەوڕۆیە کە لە جوانیناسی سەدەی هەژدەهەمدا گرنگ نەبوو . ئەم بابەتە تازانە بریتیە لە سەرهەڵدانی هونەرە نوێیەکان کە لە خۆیدا پرسی تازە و زۆر جۆربەجۆری هێناوەتە گۆڕێ، وەکو : سینەما، فۆتۆگرافی میدیا و راگەیاندنە نـوێیەکان، لە رادیۆ و تەلەفزیۆنەوە بگرە تاکو بەرهەمەکانی" شۆڕشی ئەنفۆرماتیك" کە دەبێتە هۆی ئەزموونی جوانیناسی نوێ، لەم دۆخەدا نە تەنیا ئەم هونەرە تازانە بەڵکو لەڕوی جوانیناسیکلاسیکی هونەرە ناودارەکان وەکو نیگارکێشان، مووسیقا و شیعر کارکردی تازەی وەرگرتووە " .

ئـەسرین ئیسکەندەری، کیژە کـوردێکی چەوساوەیە، لە رۆژگارێکی سەختی قەومەکەیدا کەوتووەتە تاراوگە . ئـەگەر سالآنی نێوان دووشەڕی جیهانی، سویسراییەك و لە زوریخ بوایە، دەکرا وێنەی ئەو، لەجیاتی یا وەکو تاوبەرخانم، لەسەر پارەی سویسری بوایە . ئەو رۆژە دەبێت بێت کە وێنەی ئـەسرین ئیسکەندەریش، وێڕای وێنەی شاعیران و نووسەران و هونەرمەندانێکی تر، لەسەر پارەی کاغەزی دەوڵەتی کوردستان بێت . ئەم وێنەیەی، وەکو وێنەی شاگال کە چووە سەر پوولێکی پۆستی دەوڵەتی زێدی، بچێتە سەر پوولێکی پۆستی دەوڵەتی کوردستان و، پیتی " ئـ "ی ئەنسیکلۆپێدییەکانی کوردو بێگانە شانازیی پێوە بکەن .

جاری یەکەم، کە بە ڕێکەوتێکی سەیر، وێنەیەکی بەرهەمی" ئەسرین ئیسکەندەری"یم دیت، مات و مەبهووت مام، " منی سەرسام و شاگەشکە و خەنی کرد" ... و غرووری نەتەوەیی پڕ بە سییەکانم، دەمویست بچمە سەربانی خانووی ماڵەکەم و هاواربکەم ... وەرن ببینن، ئەمە هونەرمەندی ئێمەیە، دەی هۆڵەندییەکان، قەومی ڕێمبرانت و فان خۆخ وەرن ئێمە ... کورد ببینن .

ئەوەم بە بیردا هات، چونکە من ئاگادارییەکم لە دنیای فۆتۆگرافی هەیە و، ناوبەناو هاتوچۆی ئاکادیمیایەکی بەرزی هونەری هۆڵەندی دەکەم، کە دۆستێکم تێدا کاردەکات، هەم خۆی بۆ سەرگەرمیی خەریکی فۆتۆگرافییە و پێکەوە زۆر ئالبوممان پڕکردوونەوە و، هەم خوشکەکەی وێنەگرێکی حیرفەییە . مەبەستم ئەوەیە ئەو دنیایەی فۆتۆ- گرافی لە من غەریب نیە . من ئەوەندەی لە دنیای دیجیتاڵدا کۆڵ و دێهاتییم و ئێستاش تەلیفۆنی مۆبایلم نیە، ئەوەندە ئەڤینی هونەری فۆتۆگرافی لە خوێنمدایە و، دەزانم باسی چی دەکەم، بۆ دنیای هونەری سوریالیزمیش هەروەتر .

من کە جاری یــەکەم " پارچەکانی کات و شوێن" ی ئەسرین خانم دیت، مووچڕك بە لەشمدا هات، خودایا چۆن کامیرایەك ئەو موعجیزەیە پێکدەهێنێت ؟

دەڵێن جارێك ڕۆژنامەنووسێك دەچێتە لای ئادیسۆن و، لێی‌دەپرسێ کە کارەبا چیە ؟ ئادیسۆن بۆی باس‌دەکات کە چیە، ڕۆژنامەنووس لێی تێناگات . ئادیسۆن دیسان هەوڵدەدات بۆی ڕوونبکاتەوە، بەڵام بێ فایدە دەبێت و ڕۆژنامەنووس دەڵێت وەڵڵا میستەر ئادیسۆن ئێستاش هیچت لێ تێنەگەیشتم . ئادیسۆن پێی‌دەڵێت " ئادەی لەو جێگایەت هەستە، وەرە سەر ئەو کورسییەی تر دابنیشە "، ڕۆژنامەنووس وادەکات . ئـەم کورسییەیان، شـوێنی دەستەکەی پارچەیەك مەعدەنی پێوەیە و بە تەلی‌کارەباوە بەندە،وادیارە ئادیسۆن بۆ هێندێك ئەزموونی زانستیی خۆی بەکارهێناوە . کە ڕۆژنامەنووس دادەنیشێت، ئادیسۆن سویچی کارەبای تەلەکەی پێیەوە بەندە هەڵدەکات، تەزووی کارەبا ڕۆژنامەنووس ڕادەچڵەکێنێت و هاواردەکات " بۆ خاتری خودا ئادیسۆن ئەوە چیە ؟ "، ئادیسۆن دەڵێت " ڕۆڵەگیان ئەوە کارەبایە، دە بڕۆ بنووسە دەی، بڵێ کارەبا چیە" . من کە ئەو وێنەیەی کاری ئەسرین خانم دیت، پێویستیم بەوە نـەبوو کە بە خۆم بڵێم " شێرکۆی دێهاتی، ڕۆڵەگیان، دەزانیت ئەوە چیە ؟ ئەوە پارچەکانی کات و شوێنە". من پێویستیم بەوە نەبوو وا بەخۆم بڵێم، چونکە وێنەکە هێندە- هێندە بە ڕوونی پارچەکانی کات



و شوێنی بۆ موجەسسەم کردووم کە ئیتر پێویستیم بە پرسیارو وەڵام و روونکردنەوە نیە . من شتی وەهام لە بەر-هەمی هیچ هونەرمەندێکی تری جیهاندا نەدیتووە . ئەوە رێك بۆ منێکی دێهاتی پێویستە، تاکو وەکو منداڵ دەستم بگرێت و بمباتە سەر کورسیی ساڵی یەکەمی خوێندگەی سەرەتایی، لە دەرسی هونەردا، فێرم بکات بزانم " پارچەکانی کات و شوێن"ی هونەری سوریالی یانی چی . ئەو خوێندگەیەی هونەر کە چەندین کلاس و دەرس و مامۆستای هەن؛ لە یەکێکیاندا، هەر بەغوونە، هەردی دەرسی شیعر بە ڤیدیۆ بۆ منداڵان روون دەکاتەوە :

جگەرگۆشەکانم، ئەم تەلارە بە ئەم دیوارە بەرزە لە ئەم فیلمەدا دەبینن ؟ ئەمە ماڵی کەسێکە ناوی" دڵداری"یە، زەمینەکەی ناوی " لانەی دڵ"ـە . دڵداری، باڵدارێکی لە تەلاریدا هەبووە، ناوی " ئاوات " بووە، رۆیشتووە، فڕیوە و بێ سەروشوێنە . ئێستا باش سەیرکەن، بزانن چیی بەسەر دێت، سەیر ... سەیر

خرم ... بناغە و چینی دیواری

تەلاری بەرزی دڵداری

بەسەر لانەی دڵا رووخا

تەپوتۆزی .. هێنا

بەدووی باڵداری ئاواتی فڕیوی بێ سەروشوێنا

ئەو " تەپوتۆز "ە ناوی " خەم"ـە . ئەمەیە دنیای ئەدەبیات، لە وشە پێکدێت، هەمووشتێك ناوی هەیە، ئادەی ئێستا بە ئەو تەپوتۆزە دەبێت بڵێین چی ؟ ( کیژێك هەڵدەستێت دەڵێت : دەبێت بڵێین تەپوتۆزی خەمی هێنا )

ئافەرم کچم، کەواتە : بەسەر لانەی دڵا رووخا، تەپوتۆزی خەمی هێنا

بە دووی باڵداری ئاواتی فڕیوی بێ سەروشوێنا

هەردی بەم جۆرە دێڕ بە دێڕ، بە ڤیدیۆ، چیرۆکی" شۆڕشی نائومێدی"ی شیعری بۆ منداڵانی خوێندگەی ئەڤین روون دەکاتەوە، بۆ ئەوە چەندین تەکنیك بەکاردەهێنێت : وێنەی پایزێکی تەبیعەت کە ناوی" ماتەم"ـە،گەڵایەکی خەزان کە ناوی" یادگاری ژیانی عەشق"ـە، پووش و قوژبن و چاڵ و با و هەور و باران و گۆڕ و خوێندنی پەپوو و شەیتان و سەما و ... هەمووی لە فیلمی ڤیدیۆکەیدا جێکردوونەوە، هەمووی دەوری هەیە و، دێڕ بە دێڕ کاری پەروەردەیی دەکات و، لەدواییدا کیژو لاوانی ئەو پۆلە، بە هۆی ئەم ڤیدیۆیەی مامۆستا هەردییەکەیانەوە هەر بە توانای خۆیان دەتوانن چیرۆکەکە بەم جۆرە بنووسنەوە :

## شۆڕشی نائومێدی

بناغەو چینی دیواری
تەلاری بەرزی دڵداری
بەسەر لانەی دڵا رووخا، تەپوتۆزی خەمی هێنا
بە دووی باڵداری ئاواتی فڕیوی بێسەروشوێنا
دەسا ئەی پایزی ماتەم، ئەوەندەم تاسە پێماوە
هەموو ئەو یادگارەی لەو ژیانی عەشقە جێماوە
بەجارێ وەك گەڵا سروەی خەزانت گشتی راماڵێ
بە وردیی هەر گەڵایەکی ببا بۆ قوژبن و چاڵێ
دەبا "با" رەش لەدواییدا
لە بیابانی لماویدا
تەپوتۆزێکی وا بێنێ، هەوا یەکجاری بخرۆشێ
سەری ئەو قوژبن و چاڵە، وەکو گۆڕیچە داپۆشێ
لەپاشانا بە بای وەشتا، لەسەردا هەوری رەش بێنێ
بە گۆڕی یادگارا، با بە خوڕ تاوێ ببارێنێ
دەبا بمرێ بەیەکجاری لە گۆڕی تەنگ و تەنیادا
نیشانە و ناوی هەڵگیرێ لە ناو بازاڕی دنیادا
بەڵێ با گەردەلوولێ بێ
ئەوی بۆنێکی تۆی لێ بێ
وەکو ئەو پووشە راپێچی بکا بۆ گۆڕی تەنیایی
بە گوێیا با بچرپێنێ نقامی عومری کۆتایی
پەپوو هاوڕازی وێرانە و نیشانەی مەرگی رووناکی
بە دەنگی شوومی با شیوەن بکا بۆ گیانی ناپاکی

له سهر ئهو دهنگ و ئاوازه، دهبا شهیتانی رارایی
سهمای پڕ تهوسی بێشهرمی بکا بۆ عهشقی کۆتایی
... ههتا دوایی شیعرهکه .

ههردی، له دهرسهکهیدا، به وێنه وشهکانی ئهدهبی بۆ منداڵان شیکردهوه . ئهوه دنیای زیهنیی مرۆڤه، وشه و وێنه و دهنگ و رهنگ و تهنانهت تام و بۆنیش، ههموو تێدا بهیهکتر پێویستن و یهکتر تهواو دهکهن . من جاری یهکهم، که دهستپێکردنی سیمفۆنیی پێنجهمی بێتهۆڤنم لای خۆشهویستێکم بیست، پێی گوتم دهزانی ئهم دهنگه هی چیه ؟ چاکی گوێ لێ بگره، ئهمه مهرگه له دهرگات دهدات دهڵێت هاتم . دوای ئهوه که بۆ جاری یهکهم " شههرهزاده" ی کۆرساکۆڤم بیست، پێویستیم چیتر به یارمهتیی دۆستێك نهبوو، چونکه من شارهزای " ههزارو یهك شهو"ی عارهبییم، تهنانهت دهتوانم زۆر له شیعرهکانی تێدا بناسمهوه و، به مهزهنده بهڵام نزیکی یهقین، بڵێم هی چ شاعیرێکن . وێنهی کهشتیهکهی سندباد و، گهرداو و، تێکشکانی کهشتیهکه و، دابهزینه دوڕگهکه و ... ئیدی، ههموویم زۆر لهبهرچاو روون بوون . مووسیقا لێرهدا فیلمی ڤیدیۆ بوو، وێنه بوو، گوێم دهگرت تا ببینم نهك ببیسم . ئهوهیه دنیای ههراوی هونهری که تێدا سنوور له نێوان حهواسی پێنجی گۆرانی شاعیردا نامێنێت .

من، له" پارچهکانی کات و شوێن"ی ئهسرین خانمدا ،ههم کات دهبینم و ههم شوێن . ئهوانه له شوێنی تری دنیادا وشهی رووت ( ئابستراکت) ـن، بهڵام لای ئهسرین خانم نـا ، ئهو پارچهکانی هێناون و به کامیراکهی خستوونیهته بهردهست، تێدا سهیری پارچهی کات بکه و دهست لهسهر پارچهی شوێن دابنێ .

ئهسرین ئیسکهندهریی هاوکاری خوێندگهی ههردی، به کامیرای خۆی دهرسی دیتنی نهدیتراو به خوێندکارانی سهرهتایی وهکو من دهدات . من، دوای دیتنی " پارچهکانی کات و شوێن"، چهندین کاری تریشیم دیتن، که ههر یهکهیان به تهنیا نهمریی بلیمهتێك تۆماردهکات و پتر له یهك گوتار و یهك کتێب ههڵدهگرێت، که حهقهن له داها- توودا روودهدات، چ کوردو چ بیانی، حهقهن رۆژئاوایی زووتر ئهو کاره دهکهن .

من که ئهو وێنانهم دیتن، له دڵی خۆمدا گوتم، ئهم خانمه دهبێت، وهکو بللوورهکهی مهولهوی، چهنده له ژیاندا سووتاو و برژاو بێت، تهمهنی شهرابهکهی ئهبونواسی ههبێت تا ئهوهنده پێگهیشتبێت، دهبێت چ مووی سپیی جوان وهکو بهفری سهر دارهکانی مۆسکۆی که پهشێو باسیدهکات، سهریان داپۆشیبێت ... تا وێنهکهم دیت، تا ئێستا رهنگه سهدجار سهیری وێنهکهیم کردبێتهوه و ئێستاش ... و ئێستاش باوهڕناکهم ئهمه ئهوبێت . کیژێکی

هەرەتی بەهاری ژین، هەزار دڵ بۆ ئەو چاو و کوڵم و لێو و سیحری دیمەنەی بە شاباش فڕێدەدرێتە بەر پێی .

بەخۆم گوت " هەر باسی مەکە، مەڵێ باشە، با ئەم کیژۆڵەیە مەغروور نەبێت، تەنانەت تەقیە بکە و بڵێ وێنەکانی باش نین، تا بۆ لەمەش بەرزتر هەوڵبدات"، زۆر ورتە ورتی وەهام لەبەرخۆمەوە گوتنەوە، بەڵام دوایین بیرم لێ-کردەوە، هونەرمەندی وەها منەتی بە قسەی کەس نیە، منێك هەرچەندی پێ‌هەڵبڵێم یا هەرچەند خراپیی بەرهەمی بڵێم، لەلای ئەو ناکاتە پووشێکیش . من لەوە بچووکترم کە بتوانم دنیای هونەرمەندێکی وەها بشێوێنم، ئەو لەوە گەورەترە کە کەسانی وەکو من بیبینێت .

ئەسرین خانمی ئیسکەندەری

لە بەرانبەر زۆر وێنەی کارەساتی دواکەوتوویی قەومەکەماندا، تۆ یەکێکی لە بەڵگەکانی ئەودیوی ئەو حەقیقەتەی کە کورد دەتوانێت ببێت بە نەتەوە و، وێنەکانی تۆ لە دەرسی خوێندگەکانیدا بن و، تۆژێنەران بۆ دیتنیان، شاعیری نەتەوەیی ئەحمەد موختار جاف گوتەنی " دەستە - دەستە بێن لە ئینگلستانەوە " .

" هێرۆدۆتوس"ی یونانیی سەدەی پێنجەمی پێش زاین، کە بە " باوکی مێژوونووسی" ناوبراوە، کۆڵێك زانیاریی گرنگ و باسی ئاین و قسەی سەیرو سەمەرەی، بەگوێرەی فەرهەنگی سەردەمی‌خۆی،لە کتێبێکدا کۆکردووەتەوە، کە ئیتر ئەوە بە یەکێك لە گرنگترین سەرچاوەکانی مێژوو دادەنرێت .

ئەو کتێبەی، بۆ مێژووی نێوان میدیا و فارسیش، ئەگەر سەرچاوەی هـەرەگرنگ نەبێت، ئەوا حەقەن یەکێك لە هـەرە گرنگەکانە، هەرچەندە - زۆر بەداخەوە- کە تەنیا قسەی فارسەکانی بۆ ئەوە تۆمارکردووە . دەڵێت کە زۆر قسەی جیاواز هەن بـەڵام من هەرتـەنیا قسەی فارسەکان لەم کتێبەمدا تۆمار دەکەم ... ئێ بۆچی هێرۆدۆتوس ئەفەندی ؟ بۆچی وادەکەی ؟ بەهەرحاڵ، ئەوکتێبە - بە من - یەکێکە لە" خۆشترین" کتێبەکان . باسی کوروشی گەورەی فارس بەدوورودرێژی دەکات، کە خولاسەی باسی مەرگی تێدا بەم جۆرەیە :

کاتێك کوروش گەیشتە سەر رووباری ئاراس، ویستی لێ‌بپەڕێتەوە و بچێتە وڵاتی ماساگێتا کە لەوبەری بوو . پادشای ماساگێتا، بێوەژنێك بوو، ناوی تۆمیریس بوو . کوروش خەبەری بۆ نارد کە دەیویست بیهێنێت، بیکاتە هاوسەری . تۆمیریس قەبووڵی نـەکرد . کوروش فەرمانی دا بە لەشکرەگەورەکەی کە پردان بۆ پەڕینەوە دروست بکەن و، لەشکر کەوتە بەجێهێنانی فەرمان . تۆمیریس خەبەری بۆ نارد کە :

" من دەمەوێت کە هـەموومان بە ئاشتی بژین، ئێوە لە وڵاتی خۆتان و ئێمەش لە وڵاتی خۆمان . بـەڵام چونکە دەزانم تۆ ئـاشتیت نـاوێت، ئەم پێشنیارە دەکەم : واز لەو پرد و مردە بهێنە، با بچینە مـەیدانی شەڕەوە و ساغی بکەینەوە، یا لە بەری ئێمە یا لەوبەری لای ئێوە، هەرکامی تۆ بەدڵتە . بـڕیار دەدەین کە سـەرەتا رێگای سێ رۆژ لە رووبارەکە دوور بکەوینەوە، ئـەوجا هەرکامێمان بەگوێرەی رێککەوتنەکە لە رووبار پەڕییەوە مەیدانی ئەوبەر، ئەوا لەوێ بە شەڕ دەیبڕینەوە، یا بۆ ئێوە دەبێت یا بۆ ئێمە . "

کوروش کۆڕی کۆکردەوە،گوتی : ئێوە دەڵێن چی ؟ هەموو گوتیان : با ئەو بێتە ئەم بەرەی ئێمە . تەنیا " کروسو-س"ی لیدیای یونانی، کە دیلی دەستی کوروش بوو، گوتی :

" تۆ بپەڕەوە ئەوبەر(و بەڵگەی زۆر مەنتیقی بۆ ئەوە هێنایەوە،کە هێرۆدۆتوس هەمووی بە دوورودرێژی باس دەکات)، لەوبەر فێڵێك لەو شەڕکەرانە بکە : کە پـەڕیتەوە، هێزێکی کەم لەوێ بەجێ بهێڵە و، بکشێوە، بـەڵام با زۆر کەباب و خۆراکی زۆری تر و، شـەرابی گرانی زۆر لای ئەو هێزە کـەمە بێت . کاتێك ماساگێتا هێرش دەکەن و ئەو هێزە کـەمە دەشکێنن، غروور دەیانگرێت، دەکەونە سەر کەباب -

خواردن و شەراب خواردنەوە و، مەست دەبن، ئەوجا تۆ دیسان دەپەڕییەوە و،تێیاندەکەویت و لەناویان دەدەیت .“

کوروش، ئامۆژگارییەکەی پێ باش بوو و، ڕێك وەهای کرد . پەڕییەوە و، هێزێکی کەمی لەوێ دانا و، خۆراك و شەرابی زۆری لا بەجێهێشتن و، کشایەوە . لەشکری ماساگێتا، بە فەرماندەیی ” سپارگاپیسێس“ی کوڕی ”تۆمیریس“ی پادشا، هێرشیان کردە سەر ئەو هێزە کەمە و، کەوتنە ئەو تەڵەیەوە کە بۆیان نرابۆوە . هێزە کەمە-کەیان شکاند و،کەوتنە سەر خواردن و خواردنەوە، تا ئیتر بەرچاوی خۆیان نەدەدیت و، زۆریان هەر خەویان لێ کەوت . لەشکری کوروش دیسان لێیان پەیدابوونەوە و، تێیانکەوتن . کوشتاری زۆریان لێ کردن و، فەرماندە-کەشیان ( ” سپارگاپیسێس“ی کوڕی ” تۆمیریس“) بە زیندوویی گرت . تۆمیریس کە پێی زانی، نامەیەکی بۆ کوروش نارد کە :

” هەی کوروشی ترسنۆکی خوێڕی، چڵێسی خوێن، کە تۆ شەڕکەر نیت و، بە فێڵ و دەهۆ و شەراب دانە شەڕکەران، ئەو شەڕەت بردەوە، ئێستا چاك گوێم لێ بگرە هەتیو : دوا هەلت دەدەمێ، کوڕەکەم بەر دە و بڕۆوە و، چیتر کارمان بە کاری یەکتر نەبێت، ئەینا بە حەقی ڕۆژ ( هەتاو)ی پیرۆزمان سوێند دەخۆم، هەی چڵێسی خوێن، ئەوەندەت خوێن بدەمێ کە پێت نەخورێتەوە .“

کوروش هەر گوێی پێ نەدا .

” سپارگاپیسێس“ی کوڕی ” تۆمیریس“، کە قۆڵبەست کرابوو، لەوبەینەدا، تکای لە کوروش کرد کە ئەو کۆت و بەندەی لێ وەلادەن . کوروش تکاکەی گرت و،دەستی ئازاد کرا. سپارگاپیسێس دەستبەجێ خۆی کوشت . ئەوجا، تۆمیریس هێرشی هێنا و، لەشکری کوروشی تارومار کرد، ئاداری بەسەر پادارییەوە نەهێشت . فەرمانی دا : لاشەی ئەو خوێڕییەم بۆ بدۆزنەوە و بیهێنن . لاشەی کوروشیان بۆ دۆزییەوە و هێنایان . پادشای ژن، فەرمانی دا سەریان لە لەشی جیاکردەوەو، خستیانە مەشکەیەکی پڕ لە خوێن و، زارکیان بەست و، پادشا بە مست لە مەشکە-کەی دا و گوتی :

” کوروشی چڵێسی خوێن، ئەوەتا من وەعدی خۆم بەجێهێنا، ئەوەندەت خوێن بدەمێ کە پێت نەخورێتەوە .“

ئەمڕۆژانە شتێکم بەرچاوکەوت کە دیسان " هێرۆدۆتوس "ی وەبیرهێنامەوە .

هێرۆدۆتوس، لە فەرهەنگی یونانی سەدەی پێنجەمی پێش زایینی پیاوسالارییەوە، چووە سەری لە میسرێك داوە کە ژن و پیاو تێدا تا رادەیەکی زۆر، لە ماف و ئەرکی سەرشاندا یەکسان بوون . هێرۆدۆتوس لە کتێبەکەیدا زۆر بەوە تووڕەیە کە لە میسر ژنی دیتوون چوونەتە کاروکەسابەت و، مێردیان لە ماڵەوە دانیشتوون . یونانێکی کە سیاسەت و ئیدارەی دەوڵەت تێدا هەر کاری پیاوان بووە، لە میسر وەکو یەك هی ژن و پیاو بووە . کارو کەسابەت لە هەموو ئاستێکدا ،هەموو پیشەکان، هەموو خوێندنێك،هەموو وەزیفەیەکی دەوڵەت و تا دەگاتە بوونە فیرعەون، وەکو خودایەتی، وابووە هی ژن بوون و وابووە هی پیاو بوون . کۆیلەیی و بازرگانیی جنس و هەموو شتی تریش کە هەبوون، ئەوانیش بە هەمان شێوە بوون، وەکویەك و بە یەکسانی هی ژن و پیاو بوون . پێوەندیی ژن و مێردی و خێزان و تەڵاق و میرات و ... ئەوانەش، زۆرتر بە یەکسانی بووە . ئەوەی ژن بە قەرز دابێتی بە مێردی، نیسبە- تێکی سوودی لێ لەسەر سەندووە . بەڵام ئەوانە هەموو بە قانوونی ورد و رێکوپێکی دەوڵەت رێکخرابوون .

هەرچەندە کاهینانی داهێنەری ئاین هەمیشە پیاو بوون، بەڵام ژنانی میسر زۆر سەدە( تا سەردەمی کلیۆپاترا و تێکەڵبوون بە دنیای رۆما) هەر رێگایان نەداوە کاهینانی پیاو - بە بەڵگەی جیاوازیی جنس - بیانچەوسێننەوە .
هەرچەندە هێندێك رەمزی یەکسانیی ژن و پیاو لە یونانیش لە ئاییندا دەبینین : لە رەمزی خودایانی ژن ( کە - بە گوێرەی هێرۆدۆتوس- ئەویشیان لە میسر وەرگرتووە، کاهینانێکی دێلفی ... ئیتر) بەڵام ئەوە لە ژیانی میللەتدا نەبووە . یونانی و رۆمایی لەو سەردەمەدا زۆر وابووە کاتێك کیژیان لەدایك بووە، فڕێیانداوەتە دەشتودەر و کردوویانە بە خۆراکی دڕندان، تا ئەو بارە ناخۆشەیان لەسەر شان لابچووایە؛ لەکاتێکدا کچ بۆ میسرییەك نە بار بووە و نە هیچ . دەکرا کچەکەی دوایی دووکانداریکی زۆر دەوڵەمەند یا رابەری خوێندگە یا هەر کەسێکی زۆر گرنگی وەزارەتێك و بە معاشێکی زۆر بوایە،کە کەسوکاری بە پیری لەژێر باڵیدا بحەسانایەتەوە . ( رەسمێکی ئەو سەردەمە هەیە کە ژنێك تێدا لەسەر کەشتییەك دەرسی کەشتیوانی بە خوێندکارانی دەڵێت، فەرمان بە ئەفسەرێکی پیاو دەدات کە بچێتە ئەولاوە و رێگا لە روونکردنەوەی باسێکی بۆ خوێندکارێك نەگرێت ) .
"حەتشەپسووت" خانمی فیرعەون ( ناوەکەی واتا: یەکەمی خانمان ) لە فیرعەونە ژنەکان، چەند لە مێژووناسان بە گەورەترین کەسایەتیی ژنی مێژووی مرۆڤیان ناوبردووە .

حەتشەپسوت( ١٥٠٨ پ ز- ١٤٥٨ پ ز)، ساڵی ١٤٧٩پ ز( یا ساڵی پێش ئەوە) بووە بە پێنجەم فیرعەونی بنەماڵەی هەژدەهەمی فیرعەونەکان . لە بارێکی زۆر ئاڵۆزدا، سەرەتا بە فیرعەونیی بە شەریکایەتیی ... ئیدی، ئەوجا بە جۆرەها پیلان و تەنانەت رەنگە بەگرتن وکوشتنی رەقیبانیش،لەدواییدا هەر خۆی بەتەواوی سەپاندووە . یەکێك لە بەرهەمەکانی سەردەمی، ئێستا لە پاریس لە مەیدانیکۆنکور،لە کۆتایی شەقامی شانزێلیزێ دانراوە ( کۆڵەکەیەك، دیاریی خدێوی ئیسماعیل ١٨٣١) .

بازرگانیی رژێمی حەتشەپسوت بە قووڵایی باشووری سوودان و ئەریتێریا و سۆمال گەیشتووە . حەتشە-پسووت ناوی بەوە هاتووە کە یەکەم کەس بووە لە مێژوودا کە دەستکێشی لەدەست کردووە و، یەکەم کەس بووە کە ناردوویە لە شوێنانێکی ئەفریقاوە جۆرەها درەختیان بە ریشەوە بۆ هێناوە تا لای خۆی بیانڕوێنێتەوە . بۆ وەدەستهێنانی جۆرێك ماسی، کەشتیی ناردوونە موحیتی ئاتلانتیك . لە سەردەمیدا، زۆر حەیوانی دڕندە ( شێر و پڵنگ و...) و جۆرەها بخوور و عەتر وکەڵبەی فیل و چی و چییان لەدوورەوە هاوردەکردوون و، زۆرکووتا-ڵیشیان هەناردە کردوون .

حەتشەپسوت چەند حەملەیەکی سەربازیی ناردووەتە سەر سووریا و فەلەستین و دەوروبەر، بەڵام بەگشتی، سەردەمی، سەردەمی ئاشتی و گوڵکردنی ئابووری و ئاسایش و ئارامی بووە . لە پڕۆپاگەندەدا بلیمەتێك بووە و، توانیویە سەرۆکی کاهینان بە کەڵکی خۆی بەکاربهێنێت و، فەرمانی داوە کە پەیکەری بە شکڵی ئاسایی خۆی وەك هەیە بۆ دروست بکەن و هی تریش هەمان حەتشەپسوت بەڵام بە ریشی کاهینانەوە!

باسی دڵداریی نهێنیشی هەن، کە کەمێك ئاڵۆزن . باسی نێوانی لەگەڵ گەورەترین ئەندازیاری سەردەمی : سەنەموت ( لە دوو وشە، واتا : برای دایك) کراوە، کە کاری زۆرگرنگی ئەندازیاریی بۆ حەتشەپسوت کردوون و، حەتشەپسوت ٨٠ نازناوی پێ بەخشیوە .

سیاحەتگەران لە میسر، لە پەرستگا و پەیکەرانی زۆر، ئەو ناوە دەبیسن . بەڵام تەنیا پێش حەوت ساڵ (٢٠٠٧) مومیاکەی لەلایەن پسپۆڕێکی میسرییەوە تەشخیس کرا .

( ١ )

کیژێکی نوێی لەو کچانەی تازە دەگەنێ، تەمەنی ١٣ ساڵ، سەدەی هەژدە لە ئەوروپا، لەماڵی نەجیبزادان بێت، چۆن رێگا بۆ مێردکردنێکی چاك خۆش بکات ؟ یەکێك لە وەڵامەکان : زۆر جوان بیرازێننەوە و تابلۆکێشێك بهێنن کە بزانێت چۆن بە فڵچەکەی هێندێك نەشتەرگەریی لەسەر تابلۆکەی بۆ بکات، چاڵی چەنەی رێكبخاتەوە، قەدی باریکتر بکات و مەمکی زلتر و ملی درێژتر و چیی چیتر لێ بکات . ئەوجا کارێك بکەن کە کەسانێك لە ماڵە گەورە- گەورەکان ئەو تابلۆیە ببینن .

سۆفیا خانمێك، کیژێکی ئەڵمانی وەها، کە لە شوێنێکی پۆڵەندا دەژیا، وێنەکەی لەدواییدا دەگەیەندرێتە دەستی کێ ؟ دەستی قەیسەری رووسیا کە ژنێك بووە ناوی "ئەلیزابێت" و کچی" پیتەری گەورە" بووە لە " کاتەرینەی یەکەم"ی کچە جووتیارێکی لیتوانی پێش ئەوە کە پیتەر هێنابێتی و بووبێت بە ژنی .

ئەشرافی قەوم کە دەبێت هەزارو یەك حیساب بەرنەوە سەر یەك، تا بزانن کێ کێ بهێنێت، دەبینن کە خاوەنی ئەو رەسمە، سۆفیا خانم، رەنگە منداڵی چاك و گورج وگۆڵی بێن و، زۆر بەکەڵکی بنەماڵەی " رۆمانۆڤ" بێت . قەیسەرخانم فەرمانی دەرکرد کە با ئەو کیژە بێتە خزمەتمان . کیژ، زێدی جێدەهێڵێت و ( لەگەڵ دایکیدا ) دەچێتە رووسیا و، زۆر خۆی بە فێربوونی زمانی رووسی و ئاگاداریی لە فەرهەنگی رووس و ماڵی رۆمانۆڤەوە ماندوو دەکات، مەزهەبیشی دەگۆڕێت و دێتە سەر مەزهەبی ئۆرتۆدۆکسی رووسان و، دەچێتە دڵی ئەلیزابێتەوە . ئەلیزابێت بڕیار دەدات کە کیژ ببێت بە ژنی" پیتەر"ی خوشکەزای، کە وەلی عەهدە .

ئێوارەی ٢٧ی ئووت/ ئابی ١٧٤٤، ئێوارەی چوونە پەردە بوو، کە سۆفیا خانم ئیتر بەرەسمی ناوی کرا بە " شازادە کاتەرینە ئالیکسییێڤنا" ی ژنی" پیتەر"ی وەلیعەهدی ئیمپراتۆریی رووسیا .

دوای ئاهەنگ و دەعوەت و خواردن و بەزم و رەزم، کیژیان بردە سەر تەختێکی ئێجگار زۆر گەورەی نوستن، لە ژوورێکی ئێجگار زۆر گەورەدا، رووتیان کردەوە و گوتیان درێژ بە، ئێستا وەلیعەهد دێتە لات . کیژ درێژ بوو، سەعاتێك، دوو، سێ ...، کەس نەهات . بە تاقی تەنیا لەسەر ئەو جێگا زەلامە و لەو ژوورە گەورەیە . تا لە دەهەندە دەهەندی شەودا، مێرد( ی یەك ساڵ لەخۆی بەتەمەنتر) پەیدا بوو، مەستی مەست، بۆنی ڤۆدکای دەمی دنیا پڕ دەکات و، بەملا و ئەولادا دێت و ... تلپ دەکەوێتە سەر جێگا و، خەوی لێ دەکەوێت . پرخە- پرخێك مل لێ دەنێت، کیژی بەدبەخت نازانێت بە پرخەی وا لە پەنایەوە چۆن بخەوێت .

شەوی دووەمیش هەمان شت و سێیەمیش و چوارەمیش و زۆر شەوانی تریش بەدوودا . واش دەبێت " پیتەر" شەوانێك لە ماڵ دەمێنێتەوە، بەڵام بۆ یاریکردن. یاریی چی ؟ یاری بە بازیچەکانی لەسەر جێگای خەوی . بازیچەکانی دەکاتە سەرباز و دەیانخاتە مەیدانی شەڕەوە، ئەوجا لاسای دەنگی تفەنگ و تۆپ دەکاتەوە و دەیکاتە رۆژی حەشر و، بەوە خەو لە تازەبووك حەرام دەکات . تەنانەت جارێکیان، کاتەرینە " جرج"ێکی تۆپیو دەبینێت کە بە پەتکێك بە میچی ژووری نوستنییەوە هەڵاوەسراوە، هاوار لە - گوایا - مێردی دەکات : پیاوەکە ئەمە چیە ؟ پیاو دەڵێت : ئەم جرجە سەربازی خواردووم و ئیعدامم کردووە! . وەلیعەهدی کە دەبێت دوای مردنی پووری ببێت بە ئیمپراتۆری ئەو هەمووە نیشتمان و نەتەوانەی ئیمپراتۆرییەکەی، جرج بوێرێت سەربازی بخوات ؟... جرج ئاوا دەبێت! . قەیسەر " ئەلیزابێت"یش لەولاوە هەموو رۆژێك لە بووك هەڵدەپێچێت : دەی زگپڕیت ؟ کوڕ کەی لەدایکدەبێت ؟ تازەبووك، بوخچەی نەکراوەی بێ خەو، هەناسەی سارد و ئاهی گەرم بۆ ئەو مێردکردنە پەپووکە هەڵدەکێشێت کە بە ماڵی رۆمانۆڤی کرد .

تۆمەز وەلیعەهد کێشەیەکی جنسیی هەیە کە بە خەتەنەکران چاری دەکرێت و، ناوێرێت خەتەنەی بکەن . ئاخری، لە بەدمەستییەکیدا، فرسەتی لێ دەبینن و، خەتەنەی دەکەن . دوای ئەوە، دەکەوێتە سەر جنس، بەڵام وەك هەر نەجیبزادەیەکی زێدە نەجیب هەر لەگەڵ ژنانی تریدا دەکات و، بە لای ژنەکەی خۆیدا ناچێت . کیژە ئەڵمان ئیتر تێدەگات کە دەبێت فریای خۆی بکەوێت . کە نەجیبزادەیی لای پیاوەکان ئەوە بێت، ئەو چیی لەوان کەمترە ؟ کۆنت " ستانیسلاوس پۆنیاتۆوسکی" ی پۆڵەندی، لە دیپلۆماتان، کە ماوەیەکە سەرنجی راکێشاوە، دەکێشێتە ژوورەوە و، ئیتر زۆر بەگەرمی، شەوانی لەدەستچووی تۆڵەدەکاتەوە .(کوڕێکیشی دەبێت : " پۆل" ؛ بەڵام کاتەرینە لە بیرەوەرییەکاندا نووسیویە کە" پۆل" لە نوتفەی عەشیقێکی تری بووە، لە" سێرگێی لێتکۆڤ") .

ئەلیزابێت دەمرێت (١٧٦٢) و، وەلیعەهدی سەیرو سەمەرە دەبێت بە قەیسەر ( پیتەری سێیەم)، بەڵام هیچوپووچییەکەی ئەوەندەی تێدا نەهێڵاوەتەوە کە کەس حەز لە چارەی بکات، هەر نەیتوانیبوو خۆی فێری زمانی رووسیش بکات! ( لە " کیل"ی ئەڵمانیا گەورە ببوو) . ئیتر خانمەکەی بڕیار دەدات هەموو کاروباری ئیمپراتۆری بگرێتە دەستی خۆی .

کاتەرینە،" سەنا" کۆدەکاتەوە و، داوایان لێ دەکات وەزعی ئیمپراتۆریی بە شێوەیەکی سیستماتیك لێ روون بکەنەوە . یەکەم پرسیاری : سنووری ئیمپراتۆری تا کوێیە ؟ کەس نازانێت! یەك ئەندامیش لە سەنادا

نیە کە سنووری دەوڵەتەکەی بزانێت ؟ نـەخێر نیە . کاتەرینە پێنج روبڵ دەدات بە خزمەتکارێك و دەڵێت : برۆ ئەتڵەسێکمان لە دووکانێك بۆ بکڕە، تا بزانین سنووری دەوڵەتەکەمان تا کوێیە . ئەوجا، مێردە تەڕەماشەکەشی بەدەستی یەکێك لە عەشیقەکانی دەخاتە زیندانەوە و، تۆڵەی جرجی لێ دەکاتەوە . بەزوویی، مەرگی جەرگبڕیشی بە گەلانی ئیمپراتۆری رادەگەیەنێت ... بـەڵام چ درۆیەك بۆ مەرگی ئیمپراتۆری کە ( دوای شـەش مانگ بوونە قەیسەر) کوشتیان هەڵبەستن ؟ کاتەرینە رایدەگەیەنێت کە : ئیمپراتۆرە خۆشەویستەکەمان بە دەردی"مایەسیری" ( بەواسیر) بەجێیهێشتین! . کاتەرینە، بە ناوی " کاتەرینەی دووەم" دەبێت بە قەیسەری رووسیا .

( ٢ )

زۆر رووس، بە نەمانی" پیتەری سێیەم" وهاتنە سەرکاری" کاتەرینەی دووەم" شاد دەبن، تەنیا کۆزاك رادەپەڕن و، کاتەرینە زۆر بەتوندی دایاندەمرکێنێت، تەنانەت رابەرەکەیان وەك حەیوان دەخرێتە قەفەسێکەوە و، بۆی دەهێنن، ئەوجا لە مەیدانێکدا لەبەرچاوی خەڵك ئیعدامی دەکەن .

کـاتەرینە زۆر خـوێندەوار بووە و، سـەردەمی بە پەرەپێدانی خوێندنی بـەرز و دانی بورسی خوێندن بە کچان، مووسیقا و هونەر بەگشتی، نـاسراوە . " هێرمیتاژ" ( لە یونانی، واتا : دێر، بیابانشین، ناوی کۆشکی کاتەرینە بوو) ئێستاش مەکۆی ئێجگار زۆر دەوڵەمەندی بەرهەمی هونەریی جیهانە، لینین - زۆر لە جێی خۆیدا- کردوویە بە مووزە و ئێستاش هەر وا ماوە ( ئێستا و تا یـەکەمی مارتی سـاڵی داهاتوو - ٢٠١٥، بەشێکی تابلۆکانی لە ئەمستەردام پیشان دەدرێن ) .

کـاتەرینە، بە" تسارینا" ( قـەیسەری ژن)ی دوازدە جـەوانی عەشـیق دەنـاسرێت، دوازدە پیاوی یـەك لە یـەك شـارەزاتر لە عیشقدا . کاتەرینە، بۆ " ئێرۆتیك" زۆرگـەرم بووە،گـەورەترین هـونەرمەندانی بانگ کردوون کە جۆرەها کورسی و مێز و شتی ناوماڵی بە شکڵی وردەکارییەکانی نـاوگـەڵی ژن و پیاو و جـووتبوون و ... ئەو شتانە بۆ دروست بکەن، کە ئەوانە ئیتر بە بەشێك لە گـرنگترین میراتی هونەریی رووسیا دادەنرێن، ئێستا وێنەی هێندێکیان لە ئینتەرنێتدا هەن . باسی داهێنانی جۆرەها ئـامێر و دەسـتگا بۆ جنس و ... ئەو شتانە زۆر کراوە، ئیتر چـەندی وا بووە و چەندی خەڵکی تر لێی زیادکردووە، دیارە ئەوەیان نـازانم، بـەڵام زۆر روونە کە دەرباری تسـارینا کـاتەرینە بۆ ئاهەنگەکانی سێکس شتێکی لەبابەتی ئەوەی تیبێریوس و کالیگولا و ... ئەوانەی تری وەك ئەوانی رۆما بووە .

کاتەرینە، پازدە ساڵ بە نامە نێوانی لەگەڵ ڤۆلتێردا هەبووە و، دۆستایەتیی لەگەڵ دیدرو و رۆشنبیرانێکی تری رۆژئاواشدا هەبووە . ڤۆلتێر، لای خۆیەوە، کاتەرینەی ناوناوە "ئەستێرەی باکوور" . وێنەی هێندێك لە نامەکانی کاتەرینە بۆ ڤۆلتێر لە هارمیتاژ پارێزراون، بەڵام دەیانگوت کە نامەکانی ڤۆلتێر بۆ ئەو ون ببوون، تا پێش هەشت ساڵ (٢٠٠٦) لە رۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە کە پیاوێکی رووسی بازرگانی بەرهەمی هونەری، بە ناوی "ئالیکساندر کوچینسکی"، لە پاریس، گوتوویە کە ٢٦ نامەی ڤۆلتێری کە لەنێوان ١٧٦٨و١٧٧٧ بۆ کاتەرینە نووسراون، دۆزیونەوە و بە ٥٨٣٢٠٠ یورۆ کڕیون، نەیگوتووە بۆ کێی کڕیون، بەڵام گوتوویە کە ئەو نامانە دەنێردرێنەوە رووسیا . ( پێشتر "ڤیکتۆر ڤێکسەلبێرگ"ی ملیاردێری رووسی ئۆکرانی، ساڵی ٢٠٠٤ "هێلکەکانی فابێرژێ"ی بە سەد ملیۆن دۆلار کڕینەوە و ناردنییەوە رووسیا) .

من لە ئەوەندە بەشەی نامەکانی ڤۆلتێری کە لەم ساڵانەی دواییدا لە ئینتەرنێتدا دیتوومن، زۆر وا هەست دەکەم کە ڤۆلتێر عاشقی کاتەرینە بووبێت . ڤۆلتێر ئەوەندەی بەو زمانە تیژەی گاڵتە بە پادشاکانی فەرەنسا دەکات، ئەوەندەش بە کاتەرینە هەڵدەڵێت ... زێدە پێی هەڵدەڵێت . من وا تێدەگەم گرێی جیاوازیی تەمەن لێرەدا رووحی ڤۆلتێری زۆر ئەزیەت دابێت . ڤۆلتێر لە نامەیەکیدا بە کاتەرینە دەڵێت :

" ئەگەر ئێستا جەوان بوومایە، دەبووم بە رووس! بەڵام ... خانم! ببەخشە کە من لە پایتەختەکەی تۆ بەتەمەنترم، تەنانەت - ئەگەر بۆ ئەم قسەیەم ببووریت - لە ئیمپراتۆرییەکەشت بەتەمەنترم ."

کاتەرینە دەیویست دیسان لاساکردنەوەی رۆژئاوای کە پیتەری گەورە دەستی پێ کردبوو، مل لێ بنێتەوە و، چەند هەنگاوێکیشی بۆ ئەوە نا، بەڵام شۆڕشی مەزنی چینی ناوەندی فەرەنسا (١٧٨٩) ترساندی و، ئیتر لێی- وەستا و، تەنانەت لەوساوە تادەهات پتر دەگەڕایەوە سەر شوێنی پێشووی ئیمپراتۆری . کاتەرینە دەیگوت :

" بەڵێ، من ئۆتۆکراتم، ئێوە فەیلەسووفان شانستان هەیە، لەسەر کاغەز دەنووسن و، کاغەز بەسەبر و لەسەرخۆیە؛ من - بەدبەختانە- ئیمپراتۆرم، لەسەر پێستی هەستیاری گیانداران دەنووسم ."

حەیف کە ڤۆلتێر فریای شۆڕشی مەزنی فەرەنسا و ئەو هەڵوێستەیکاتەرینە و بادانەوەی پتری بەرەو ئۆتۆکراسی نەکەوت ... تا بمانزانیایە هەڵوێستی لێرەدا چۆن دەبوو .

تساریناکاتەرینەی دووەم، ئەوەندەی لە مەیدانی فەرهەنگیدا ( خوێندن، ئەدەبیات، هونەر ...) چالاك بوو، ئەوەندەش لە مەیدانی شەڕ و سیاسەتدا . کاتەرینە قەڵەمڕەویی ئیمپراتۆرییەکەی زۆرگەورە کردەوە، سنووری لە باشوور و رۆژئاواوە زۆر بەولاوە بردن ( هەر لە ئالاسکاوە تا قرم ) . چەندین پەیمانی بە سەر عوسمانییەکاندا

سەپاند( دەست بەردانیان لە قرم، تێپەڕینی ئازادی کەشتیی رووسان لە دەردەنیل ... ئیدی) . کاتەرینە، رووسیای بەتەواوی کرد بە زلهێزی جیهانی، زۆرتر لەسەر حیسابی پۆڵەندا ،کە ئەڵمانەکان ( پرووسیا) ٥٥ هەزار کیلۆمیتری دووجایان لە پۆڵەندا سەند ، کاتەرینە ١٢٠ هەزار کیلۆمیتری دووجای بۆ رووسیا لە پۆڵەندا دابڕی، کە لیتوانیا-شی تێدا بوو . ( بەوە ئیتر پۆڵەندا ساڵی ١٧٩٥ هەر پووچ کرایەوە) .

تسارینا کاتەرینەی دووەم، لەشکرێکی بە فەرماندەیی برای بچووکی یەکێك لە دوازدە عەشیقەکەی ( زوبۆڤ) نارد کە ئێران داگیربکات و تۆڵەی تیبلیسیی‌گورجستان زۆر بەتوندی لە ئێرانی ئاغا محەمەدخانی‌قاجار بکاتەوە ( کە تیبلیسیی تێکوپێك دابوو و کوشتاری لە خەڵکە مەسیحییەکانی کردبوو)، بەڵام کاتێك لەشکرەکەی لەسەر ئاوی ئاراس بوو، کاتەرینە مرد . کوڕەکەی لە دوو خۆی بوو بە قەیسەر و، زۆر رقی لەوعەشیقەی دایکی بوو، کە براکەی فەرماندەی ئەو هێزە بوو، ئیتر فەرمانی دا کە لەشکرەکە بگەڕێتەوە و، فەرماندەکەشی لابدرێت .

سەردەمی قەیسەریی کاتەرینەی دووەم، کاتەرینەی گەورە، لە زۆر لە سەرچاوەکانی مێژوودا بە " سەردەمی زێڕینی رووسیا" ناوبراوە .

( ١ )

مرۆڤ، پێش جیابوونەوەی لە حەیوانەکانی تر، دەبێت ژیانی نێوانی جنسیی - بڵێین- جۆرێك مەیموونئاسای هەبووبێت . بەڵام ئیتر تەبیعەت ماڵی‌مرۆڤی جیاکردەوە و، وا یەك ملیۆن ساڵە کۆمەڵگای مرۆڤ وێڵ و سەرگەر- دان بە شوێن دۆزینەوەی چوارچێوەیەکی رێکخستنی نێوانی جنسیی ئەندامانیدا دەگەڕێت،کە هەموو وەکویەك بە هەمان پێوانە تێدا بژین، بە بەختیاری و داد، بێ کێشە بن و پێ سەقام بگرن و ... نایدۆزیتەوە .

نەزمێکی نێوانی جنسی نیە کە - بۆ جیاکردنەوەی لە نەزمی نێوانی جنسیی چۆلەکە یا بزن یا هەر حەیوانێکی تر بکرێت پێی‌بگوترێت نەزمی نێوانی جنسیی ژیانی مرۆڤ . ئاستی نێوانی جنسیی زۆربەی مرۆڤی سەرزەوی، - بە نموونە- زۆر لە خوار ئەوەی سەگ و پشیلەوەیە، هی هێندێکیش بەتەواوی جیاوازە و، زۆر لەوەی سەگ و پشیلە بەرزترە . مرۆڤ، بەو سیفەتەی کە مرۆڤە، هیچ نەزمێك کۆی ناکاتەوە و، ئەوەش بۆ دەوڵەمەندیی سامانی فەرهەنگی نیە، کە هەرکەسە یا دەستە خەڵکەی جیاواز بێت، نـا ، لە بەدبەختیی وەحشیگەریی پاشاگەردانیی گەڕاندایە ... دەیەوێت وەکو حەیوانەکانی تر فێری نەزمێکی نێوانی جنسی ببێت و ... نابێت . لە تەپۆیی و بێ‌عەقڵیی خۆیدا شڵپە شڵپییەتی و ... نرخەکەشی بە کارەساتی ژیانی تاڵی وەحشیگەری و خوێنڕژان و رشتن دەدات، ئەو هەمووە کۆیلەییە، کوشتن و بڕین و کارەساتە ئینسانییە .

لەوەتای پیاوانی ئاینی، یەکەم دەوڵەتیان دامەزراندووە ( ئێمە، کۆنترینەکەیان سومەری پێ‌دەزانین)، جۆرەها نەزمیان بە بیردا هاتوون . سامییەکان ( بابلی و ئاشووری و عارەب و ... ئیدی) و، هیندۆ- ئەوروپایی ( هیند و یونان و رۆما و ... ئیدی) و ئاینەکانی ئامازۆن و ئەفریقا و ... ئیتر هەموو دنیا ، هەرکەسە و هەرچی دایهێناوە، نەبووە بە چارەسەری ئەوکێشەیە " بۆخۆی"، چ جای بۆ هەموو مرۆڤایەتی . هیچ ئاینێك، بە مانای زۆر تەسکی ئاین : جوو و ئیسلام و بوودایی و ... ئیدی، یا بەرینترین جەغزی، ئیدیۆلۆجیا : سۆڤیەت،کوبا، چین ... ئیدی، هەرچی بۆ ئەوە دایناوە، گاڵتە و قەشمەری بەخۆکردن بووە .

بە وردی نازانین چ مرۆڤانێك کەی نەزمی" خێزان"یان دەست پێ‌کردووە،کە وا ئێستا بە چەند شێوەی رەسمیی زۆرتر :" خێزانی یەك ژن - یەك مێرد"،" خێزانی چەند ژن - یەك مێرد" و،" خێزانی یەك ژن - چەند مێرد" ( نموونەی تیبێت) هەیە . بەڵام دەبینین کە هیچ کام لەوانە نەیتوانیوە، وەکو سەردەمانی پێش دروستبوونی

خێزان، تاقە چوارچێوەیەکی نەزمی نێوانی جنسیی مرۆڤ بێت، - بڵێین- وەك ئەوەی کە سەگ یا پشیلە هەیانە. کۆمەڵێك ئـاین لە نیو سەدەی رابردوودا لە ئەمریکا دروستکران و تـابیعانیان کەم نـەبوون، هێندێکی وەها لە هۆڵەنداش هەبوون و هەن، ئەوانیش هیچ چارەیەکیان بۆ ئەو کێشەیە پێ نەبووە و نیە.

ژیانی جنسیی مرۆڤ و فەرهەنگی" خێزان" ی مرۆڤ، ئیتر بەتەواوی لێكترازاون و، ئەو دوو شتە جیاوازە هەر لە سنوورێکی ئێجگار زۆر تـەسکدا کۆدەبنەوە. نیسبەتی ژمارەی کاری جنسیی ناو چوارچێوەی شەرعیی خێزان لەبـەرانبەر ئەوەی لە دەرەوەیدا، رەنگە نـەگاتە لەسەدا یەکیش (١٪)، ئەڤینیش لەولا بوەستێت، کە عونسورێکی سێیەمە. چونکە دەکرێت ژیانی جنسی و" خێزان" کۆببنەوە بە بێ ئەوە " ئـەڤین "یان لەگەڵ بێت. قانوونی حەیوانەکانیتر، لەسەداسەد نێوان و کاری جنسییان دەگرێتەوە، لەکاتێکدا کە هی مرۆڤ رەنگە لەسەدا یەکیشی نەگرێتەوە. قانوونێك کە بۆ پتر لە ٩٩٪ی واقیعی ژیان نـەگونجێت و گوێی پێ نـەدرێت، چۆن دەکرێت پێی- بگوترێت قانوون؟ قانوونی چی و شتی چی؟

ئێمە فیلمی هێزی هەوایی ئەمریکامان دیت کە داعیشییەکی پیشان دەدا خەریکی جنس بوو لەگەڵ کەرێکدا، کە لە نەزمی چارەسەری ئیسلامدا نیە. زەلامەکە مسوڵمانە بەڵێ، بەڵام ئاینەکەی جنسی بۆ چارەسەرنەکردووە، خۆی پەنا بۆ ئەو خەللاقیەتە دەبات،" پێویستی، دایکی داهێنانە". " بگەڕێنەوە بۆ جەنگەڵ"ی" رووسۆ"ش، بە واتای گەڕانەوە بۆ پێش قۆناغی خێزان، ئەویش قسەیەکی پووچە، چونکە مرۆڤ ئەوەی هەبووە و وازی لێ‌هێناوە، کەواتە ئەوە چارەسەر نەبووە، ئەینا سەری دەگرت، - وەك بڵێین- رۆیشتنی بە دوو پێ ( کە بۆ کارکردن بە دەست و پەرەسەندن پێویست بووە) سەری گرتووە.

مرۆڤ هەوڵی داوە، زۆر جۆرە ئاین و قانوونی بۆ ئەوە داهێناون کە شتێك وەدەست بهێنێت فیزی پێ لەسەر حەیوانەکانی تر لێ بدات و پێیان بڵێت: هۆ حەیوانینە! ئەمە نەزمی نێوانی جنسیی منە، بەڵام تێدا سەرنەکەو- تووە و، تەنانەت تێدا زۆر پیس شکستی هێناوە و پاشکەوتوو ماوەتەوە.

( ٢ )

مـرۆڤناسـ( ئـانترۆپۆلۆجـ)ێکی ئـەمریکایی سـەدەی نۆزدە ( مۆرگەن)، چووەتە ناو چەند عەشیرەتێکی خـەڵکی ئـەسڵیی ئەمریکا و، جۆرەها دۆخی نێوانی هاوسەریی تێکڕایی لەوانە نـەتیجەگیری کردووە و، راپۆرتێکی زۆر

گرنگی نووسیوە : " کۆمەڵگای کەونارا، یا لێکۆڵینەوەیەکی هێڵەکانی پەرسەندنی مرۆڤ لە وەحشیگەرییەوە، بە بەربەرییەتدا، بۆ ژیاری". ئەو راپۆرتەی، زۆر سەرنجی مارکس و ئێنگلسی هەڤاڵی راکێشاوە . راپۆرتەکە ساڵی ١٨٧٧ چاپ بووە . کە مارکس شەش ساڵ دواتر کۆچی دوایی کردووە، ئێنگلس ساڵی دوای ئەوە (١٨٨٤) بە ناوی بەجێهێنانی وەسیەتێکی هەڤاڵیکۆچکردووی، سەرنجی خۆ( و مارکس)ی لە بارەی ئەو راپۆرتە نووسیوە و چاپکردووە : " ئەسڵی خێزان و دارایی تایبەتی و دەوڵەت ".

من راپۆرتەکەی" مۆرگەن"م نەدیتووە، زانیاریم لێی لەم کتێبەی ئێنگلسەوەیە . راپۆرت، نەتیجەگیریی ئەوەی کردووە کە ئەو عەشیرەتانە بە چەند قۆناغی جیاوازی پێوەندیی هاوسەرییدا تێپەڕیون : سەردەمێك هاونسلەکان ( دیارە بە خوشك و براشەوە) بوونەتە هاوسەری یەکتر * : هەموو پیاوێکیان لای هەموو منداڵەکان باوك بووە و هەموو ژنێك دایك(هەموو منداڵەکانی بە هیخۆی داناون و هەموو منداڵەکانیش ئەویان بە دایکیخۆیان داناوە) . سەردەمێك، نەسلێك و ئەوەی دوای ئەوە بوونەتە هاوسەر * * : هەموو باوکێك مێردی کچەکانی خۆی و هەموو

---

* لە ئەفسانەکانی یوناندا، " زێوس" ( گەورەی خودایانی یونان) دوو ( یا سێ ) برا و دوو خوشکی هەبوون، هێرای خوشکی خۆی هێناوە و هیچ پێی شاد نەبووە، تا جارێك لەگەڵ ئەم خوشکەی خۆیدا جووت بووە، چەندین جار هەرکام لە بیست ژنەکانی تری کردوون ( هەشتیان خودا و دوازدەیان مرۆڤ بوون) . من ئەوە بە ئاوێنەی کولبوونی قۆناغی نەزمی " خێزانی خوشك - برا" و بەرەو کۆتایی چوونی لەمێژوودا دەبینم . بەگوێرەی تەورات، حەزرەتی ئیبراهیم نیوە خوشکێکی خۆی ( لە هەمان باوکی خۆی و لە دایکێکی تر) هێناوە .

** زۆر تابلۆی بەناوبانگی هونەرمەندانی ئەوروپایی هەن کە لە نێوانی جنسیی لووت ( بە عارەبی : لوط، بە عیبری : لۆط) و دوو کچەکەی دەدوێن، کە - بەگوێرەی تەورات - هەرتك کچ لە باوکی خۆیان زگیان پڕ بووە و، سەرو کوڕێکیان بووە :" مۆئاب" ی باوکی مۆئابییەکان و،" بەن عەمی"ی باوکی عەمۆنییەکان، کە ناوی پایتەختی ئوردون پێوەندیی بەوەوە هەیە ( بە عارەبی : عمان، بە عیبری : هەمان ناوی پێش پتر لە هەشت هەزار ساڵی : رەبەت عەمۆن) . دایك و باوکی مووسا ( و هاروون) یش - بەگوێرەی تەورات - پوور و برازا بوون . ژن و مێردیی کچ - باوك (و خوشك - برا) بەفوونە لە تۆماری ئاریستۆکراسیی میسری فیرعەونیشدا هەیە .

کچەکانی تری کۆمەڵگای بووە و، هەموو دایکێك ژنیکوڕەکانی خۆی و هەموو کوڕەکانی تر بووە . ئەوجا، ژن و پیاوانی دوو عەشیرەت (یا دوو بەشی عەشیرەتێکی دووبەش) یەکتریان هێناوە : هەر ژنە لە ژنەکانی هەرعەشیرە- تەیان ( یا بەشە عەشیرەتە) بووەتە ژنی حەڵاڵی هەموو پیاوەکانی ( بەشە) عەشیرەتەکەی تر و، هەموو پیاوێکیش مێردی هەموو ژنەکانیان ... ئیدی . ئێنگڵسیش لای خۆیەوە، بە ئەوەندە سەرچاوەی لەو سەردەمەدا وەدەستی- هاتوون، ئاماژەی بە جۆرەها شێوەی تری هاوسەریی تێکڕایی لای قەومانی سەرەتایی تر(ی دوورگەکانی ئاتلانتیك و هاوای و ئوستڕالیا ...) کردووە .*

دیارە جینەکانی مرۆڤ لە جۆرێك"هۆمۆساپیەن"ـەکانەوەن ( ئەسڵی مرۆڤ و مەیموون) و لەبەین ناچن . بەڵێ، هەمیشە گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەڵام واش‌دەبێت ڕەوشتێکی ڕابردووی مرۆڤ لێرەو لەوێ سەر هەڵدەداتەوە : نێوانی جنسیی باوك - کچ، خوشك - برا ...ئیدی، کە من خۆم بە شەخسی لە هۆڵەندا ئاگاداری چەند حاڵەتی وەها هەم .

وادیارە جینەکانی مرۆڤ ناتوانن لەگەڵ پەرەسەندنی عەقڵی و پێداویستی دواتر هەنگاو هەڵێننەوە . گۆڕان لە واقیعی ژیان زۆر لەوە خێراتر دەڕوات کە کۆمپیوتەری جینەکان دەستبەجێ بتوانێت هەمووی بخاتە پرۆگرامی خۆیەوە . ماوەیەك مرۆڤ وەکو ئەوە دەکات کە بە خەوتوویی بڕوات، ڕۆیشتنەکە دەڕوات بە بێ ئەوە کە کۆمپیوتەری هۆشیاریی مێشکی، بەرەسمی، ڕۆیشتنەکەی پرۆگرام کردبێت ... نامەکەی دوایی دێت!

## ( ٣ )

وشەی " نامووس" لە " نۆمۆس" ی یونانی وەرگیراوە، کە واتا : نەریت، عادەت، قانوون . عارەبیش بەو مانا-

---

* ئێستا، لە هێندێك شوێنی دنیا، لای " پاپوا"ی کۆنە موستەعمەرەی هۆڵەندا - بەنموونە- جێژنی ئاینیی ساڵانە هەیە کە خەڵکی دێ بە" ئۆرگی"(جنسی تێکڕایی) مەراسیمی بەجێدەهێنن . حکومەتی ئیندۆنیسیا ( میراتگری هۆڵەندا لە ئیستیعماری ئەواندا) هەمیشە هەوڵی داوە - بە بەڵگەی شەریعەتی ئیسلامیی دەوڵەت - لێیان قەدەغە بکات، بەڵام ئەوانیش پێ لەسەر ئاینی خۆیان دادەگرن و دەستی لێ بەرنادەن . دوا هەوڵی ئیندۆنیسیا ئەوەبوو کە بە بەهانەی نەهێشتنی " ئێدز" هاوکاریی وڵاتانی تر لەوەدا وەدەستبهێنێت، بەڵام بێفایدە بوو، بەتایبەتی کە قەت یەك حاڵەتی ئێدز لای ئەوانە نەدیتراوە .

یەیان بەکارهێناوە : ناموس الطبیعە = قانوونی تەبیعەت . بەڵام مەگەر هیچ زیندەوەرێك دەتوانێت لە دەرەوەی قانوونی تەبیعەت کارێك بکات ؟ کە نەتوانێت، ئیتر بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەی" بەناموس" و" بێناموس"ـە چۆن تێبگەین ؟

بڵێین، ژیانی جنسیی فڵانە جۆرە مەیموون بە " خێزانی یـەك نێر - چەند مێ" رێکخراوە، کەواتا ناکرێت ئەو جۆرە مەیموونە بەشێوەی" خێزانی چەند نێر - یەك مێ " ( وەکو خێزانی مرۆڤی ئێستای تیبێت) ببێت . بۆچی ؟ چونکە ئەوە لەگەڵ " نۆمۆس، ناموس" ی ئەو جۆرە مەیموونەدا ناڕوات . لەگلەگێك ناکرێت لەگەڵ لەگلەگێکی تری غەیری هاوسەریدا جووت بێت، چونکە " نـاموس"ی لەگلەگ وەهـایە . مرۆڤیش فەرهەنگی خێزانی هەیە، کەچی وەکو لەگلەگ نیە، ژن و مێرد دەتوانن جنس لەگەڵ غـەیری هاوسـەریاندا بکەن و، زۆر رووەدەدات . ئەی کوا ناموسی مرۆڤ ؟ مرۆڤ ناموسی خێزانی نیە و لەگلەگ هەیەتی ؟

خێزانی مرۆڤ لێرەدا حـەتمەن بەگوێرەی نـاموسی تـەبیعی نیە، بێناموسە ؟ بـەڵام دیسان، مەگەر کەس لە تەبیعەتدا دەتوانێت لە ناموسی تەبیعەت دەرچێت ؟ نا، ناتوانێت . ئەی کەواتە ئاڵۆزیی ئەو گلۆڵەیە لەکوێدایە و چۆنە ؟

مرۆڤ دەیـەوێت بڵێت من دوو نـاموسم هـەن : نـاموسی تەبیعەت و نـاموسی فەرهەنگی خۆم . مرۆڤ بە غەریزەکانی سەرەتایی تەبیعەت سەقامی نەگرتووە، واتا تەبیعەت پەتکی بۆ شل کردووە هەوڵ بدات وەرزشێك بە غەریزەکانی بکات تا بگۆڕێن . بەڵام گۆڕانی غەریزەکانی، کاتی ئێجگار زۆری دەوێت .

گریمان، خەڵکی تیبێت وڵاتێکی ئیسلامی یا مەسیحییان " فەتح" کرد و ویستیان بیانهێننە سەر فەرهەنگی خۆیان ( خێزانی یەك ژن - چەند مێرد)، یا گریمان قەومێکی بە فەرهەنگی کۆنی ئـامازۆن شارێکی ئەمریکای گرت و ویستی فەرهەنگی خۆی بەسەر خەڵکەکەیدا بسەپێنێت ( هەموو پیاوێك مێردی هەموو ژنەکانیان بێت ... ئیدی)، گـونجانی ئەو وڵاتە فـەتحکراوە لەگەڵ ئەم نـەریتە نوێیەدا ئێجگار زۆر سـەختە ( هەر ئێستا دەبینین یەزیدی ئامادەیە بمرێت و نەبێت بە مسوڵمان و زۆربەی دنیاش - زۆر لەجێی خۆیدا - لەوە دەگات) .

لەلایەکی ترەوە : دەبینین سایکۆلۆجیەتی مێردمنداڵی یونانیی پێش دووهەزارو ئەوەندە ساڵ زۆر لە سایکۆ-لۆجیەتی مێردمنداڵی یونانیی ئەمڕۆ جیاوازە . ئەوەی کە مێردمنداڵەکە ئەوسا پێی شاد دەبوو، ئێستا پێی وێران دەبێت و دەکرێت لەسەر ئەوە خۆی بکوژێت . لەبەرئەوە - زۆر لەجێی خۆیدا- قانوونی ئێستای یونان بەکارهێنا-نی جنسیی مێردمنداڵ مەحکووم دەکات، لەکاتێکدا کە لە لەشکری یونانی کۆندا، بەکارهێنانی جنسیی مێرد-

منداڵ لەلایەن فەرماندەکەیەوە جۆرێك دیپلۆم بوو و ئاهەنگی شادییان پێ دەگێڕا ( بە بەشداریی مێردمنداڵەکە و کەسوکار و خەڵکی گەڕەك) . عونسوری کات بۆ گۆڕانی کاری مێشك و دەستگای عەسەبیی نەژادی مرۆڤ لێرەدا زۆر لەبەرچاوە . بەڵام گۆڕان چۆن و بۆچی ؟

جەوهەری فەلسەفەی مرۆڤ لە پێوەندیی جنسیدا، دەبێت چی بێت ؟ تەبیعەت پەتکی بۆ مرۆڤ شل کردووە تا بەرەو کوێی بەرێت ؟ بەرەو بوونە حەیوانێکی باشتر ؟ یا دەیەوێت لەناوی بەرێت ؟ هەمان پرسیاری کە لە بارەی زانست بە بیردا دێت : تەبیعەت ئەو عەقڵەی داوە بە مرۆڤ کە بنکەی هێزی ئاتۆمی پێ دابمەزرێنێت، بۆچی ؟ تا ژیانی مرۆڤی پێ باشتر بکات ؟ یا تەبیعەت دەیەوێت بەوە ئەستێرەی زەوی لە نەژادی مرۆڤ پاك بکاتەوە ؟

من جارێکیان فیلمێکی دۆکومێنتیی باسی " کانگەرو " ( کانگوورو ...)ی ئوستڕالیام دیت : دوو کانگەروی نێرینە و یەکی مێیینە، تووشی یەکتر بوون . دوو نێرینەکە، لەسەر دوو پەلی پاشوویان وەستان و وەکو دوو مرۆڤی زۆرانباز کەوتنە زۆرانی، یەکتریان دەهێنا و دەبرد و، پەیتا- پەیتا یەکێك لەو دوو پەلەی پاشوویان بەرز دەکردەوە و بە هەموو هێز شەقیان لە زگی یەکتر هەڵدەدا ( تۆمەز " زۆرانیی ئازاد " بوو!) . کانگەروە مێیینە بەدبەختەکەش بە سەبری ئەیووب بەدیاریانەوە وێستابوو، چاوەڕێی دەکرد ببینێت کامەیان دەیباتەوە و دەچێت لەگەڵی جووت دەبێت و دەبڕێتەوە . من وا لەوە دەگەم کە ناموسی تەبیعەت لێرەدا بیەوێت تۆوی نەسلی بەهێزتر درێژەی هەبێت . بەڵام ئەی ئەوە کە یەکەم فەرمانڕەوای یەکەم دەوڵەتی سامییەکان ( شارروم کین، سارگۆن) - بەڕاستی، نەك بە ڕەمز - کوڕی قەحبەیەك بووبێت، دەبێت چیی لێ تێبگەم ؟ تەبیعەت دەیەوێت تۆوی ئەو پیاوەی کە پارەی هەیە و ژنی قەحبە بەکار دەهێنێت، درێژەی هەبێت، ئیتر با پیرەمێردێکی بە هەزار دەرد و کۆکەکۆك بێت، کە بتوانێت بە دەسەڵاتی" پارە" بیەڕێتە سەر کیژانی تازە پشکووتوو و تۆوی خۆیان تێدا بڕوێنێت ؟ شتێکی کە لەوەتای پارە پەیدابووە هەبووە و ئێستاش ماوە . ئاخر هەی تەبیعەت گیان، ئەوە یانی چی ؟ لە نەژادی مرۆڤ وەڕەزبوویت ؟ یا دەتەوێت بە " بە ئابووریکردنی گەڵ" کاری مرۆڤ هاسان بکەیتەوە ؟ تا ئیتر مرۆڤی نێر و مێ هەر خەریکی پارە پەیداکردن بن و، مرۆڤ بە فەلسەفەی ئابووری لە حەیوانەکانی تر دوورتر بخەیتەوە ؟

( ٤ )

لە سەدەکانی ناوەندی ئەوروپادا، ماوەیەك باو بوو، پیاوی نەجیبزادە دەبوو ژنی نەجیبزادانێکی تری بکردنایە

بە بێ ئەوە کە ئەوان ژنی ئەویان بکردایە . بەڵام کاتێك ئەوە ببێت بە فەرهەنگی نەجیبزادەیی، واتا ئەو هەمووە " ژنانەی تر" لەلایەن ئەو هەمووە پیاوە نەجیبزادانەی ترەوە بکرێن، مەگەر دڵەڕاوکێ و گومان لە راستیی چیرۆکی نەکرانی هەر ژنێك لەو نەجیبزادانە سەر هەڵنادات ؟ بەڵێ، سەری هەڵدا ... زۆریش سەری هەڵدا . ئێ، نەجیبزادە چۆن رووبەڕووی ئەوە ببێتەوە ؟ وەڵام زۆر هاسانە : بە بەڵگە . بەڵگەی چی ؟ وەستایانێك کەمەربەندیان بۆ ئەوە داهێنا. جۆرە لغاوێك بۆ ناو گەڵی ژنی نەجیبزادە، کە ئەڵقەی پێکگەیشتنەوەی قایشەکەی بە قفڵ و کلیل بوو . ئیتر کە پیاوی نەجیبزادە لە ماڵ دەردەچوو، دیارە پێویستی بە داخستنی دەرگای ماڵ نەبوو، هەمیشە خەڵکێك لە ماڵ هەبوون ئاگایان لێ بوایە . ئەو هەر دەبوو پێش دەرچوونی، ئاگای لە داخستنی یەك شت هەبوایە: قفڵی گەڵی ژنەکەی، قفڵی " کەمەربەندی داوێنپاکی" ( وایان پێ دەگوت، مەلا شکور دەیگوت ئەوە بە کوردی دەبێت پێی بڵێین" قوزبەند" لەسەر وەزنی بازبەند) . ئیتر پیاوی نەجیبزادە کلیلی داوێنپاکیی ژنەکەی لە گیرفاندا بوو . لە کاتی پێویستدا، کە زوو- زوو ئەو کاتە دەهات، کلیلەکەی پیشان دەدا : سەیرکەن، ئەمەتا کلیلەکە لای خۆمە . بەڵام کاتێك هەموو هەڤاڵانێك کلیلی ژنی خۆیان هەبن و، باسی هەمان نەجیبزادەییش درێژەی هەبێت (کە چۆن هەر پیاوە هەموو ژنەکانی تر دەکات ...)، مەگەر ئەویش گومانی لێ پەیدا نابێت ؟ بەڵێ، لێی پەیدا بوو ... زۆریش پەیدا بوو . بەتایبەتی کە دەستەخوشکەکان پێکەوە دانیشتوون، باسی توانای جنسیی مێردی ئەوانی تریان لەگەڵ خۆیاندا بۆ یەکتر کردووە و، لەو کاتەدا پیاوی نەجیبزادە بە کلیلەوە وەڕوورکەوتووە، حیلکە- حیلکی پێکەنینی خانمەکان بەو خۆکەرکردنیزمەی پیاوان دەبێت گومانێکی خستبێتە دڵی پیاوەکەوە، کە تۆ بڵێیت " نامووس و شەرەف"ی پێشێل نەکرابێت ؟ ئەی دەنا ئەو حیلکە- حیلکەی پێکەنینە بە کلیلەکەی چیە ؟ دوای کێشەی زۆر، شەڕی دوێل لە سەر نامووس، شەهیدبوونی زۆر نەجیبزادە لەسەر پارێزگاریکردنی لە نامووسی خۆی ... لەو قسانە ... کێ راست دەکات و کێ نایکات، ئاخری تێگەیشتن کە کەمەربەندەکە گزی و فزیی زۆری تێدا کراوە و ئیتر ئیعتیبارێکی نەماوە، وازیان لێ هێنا و، بەوە نانی وەستایانێکیان بڕی، کە لەو رێگایەوە پەیدا دەکرا ( سەیر نیە لەگەڵ هەر قفڵدا کە بە پیاوێکی نەجیبزادەیان فرۆشتووە، - بڵێین- ٢٧ کلیلی زیادەشیان بە ژنەکەی فرۆشتبێت تاکو بیدات بە هەڤاڵان، تاکو هەر کەسە بە کلیلی خۆی بیکاتەوانێتن و، وا بزانێت هەر ئەو خۆی کلیلێکی زیادی هەیە، کلیلی دووەم لەپاڵ ئەوەی مێردەکەیدا) .

ئەوە چیە ؟ ئەو پیاوانە بۆ وادەکەن ؟ ئەی بۆچی بەپێچەوانەوە نەبوو ؟ ژنەکان کەمەربەندیان بۆ مێردەکانیان دروست بکردایە و، " نەجیبزادەیی"یان بۆ کۆمەڵگا ئەوە بوایە کە بیانگوتایە : من لەگەڵ هەموو پیاوەکانیدا

دەکەم و، هیچ ژنێك لەگەڵ مێردی منیدا نـاگات، بـەڵگەش ئـەمەتا کلیلی کەمەربەندەکەی گەڵی مێردم لایە کە قفڵم داوە ؟ بۆچی وا نـەبوو، وەڵامەکەی - بە من - زۆر هاسانە : چـونکە کـاتێك من دارایییەکم هـەبێت، من دارایییەکم دەخەمە سندووقێکەوە و قفڵی دەدەم و، بەوە لە دەسـتی دزانی دەپـارێزم؛ دارایییەکەم من نـاخاتە سندووقەوە و قفڵم بدات تاکو ئەو من لە دەست دزان بپارێزێت. ژن لەم فەرهەنگەدا دارایی پیاوە.

لەوەتا ئاین هەبوون و، من ئێستا دەتوانم زانیاری لەبارەیانەوە پەیدا بکەم، دەبینم یەکەم کاریان بریتی بووە لە بوونە قفڵی پیاو بەسەر سندووقی ژنەوە ... تاکو لە دەستی دزانی بپارێزن! ( بە هێندێك تێبینی لەبارەی دەورێکی مێ لە هێندێك ئایندا کە زوو بەسەرچوون) . بـەڵام ئایا قفڵی ئاینی پیاو ئەو سـندووقەی بۆ پارێزراوە ؟ ئەوجا چەند و چۆن ؟ ئەمەیان باسێکی ترە .

( ٥ )

هەژار، لە جزیرەی رۆژئاوای کوردستانیش، وەکو هەر شوێنێکی تری لێ بووبێت، وێڕای کـەسـانی زۆر بـەرز و بەرێز، میوانی وەهاشی لێ پەیدا دەبوون، کە لە قوتووی هیچ عەتارێکدا نەبوون. زەلامێکیعەشیرەتی هەڤێرکان رۆژێك میوانی بوو و، ملی لە فەروفیشاڵ و پێهەڵگوتنی سـەیری خۆی و عەشیرەت و گوند و قەوموقیلەی نا و، زۆر لەو " ئاخر زەمانە"یە تووڕە بوو، دەیگوت : " جا توخوا ئەمەش پێی دەگوترێت دیوەخان ؟ دیوەخانی چی ؟ کاتێك من جەوان بووم، ئـەوسا بـەڵێ دیوەخان هەبوو، خۆ وەکو ئێستا نـەبوو . ئەوسا، ئەوەی دزیی نەکردبووبا، جـەردەیی نەکردبووبا، تـاڵانی نـەکردبووبا، رێگای نـەدەدرا بێتە دیـوەخان". هەژاریش گوتی : " تـۆ ئـەوانەت کردووە ؟ ". کریڤ دیاربوو ئەو پرسیارەی زۆر پێ نـاخۆش بوو، گوتی : " بێ قەزا بیت سەیدا هەژار، ئەوە تۆ دەڵێیت چی ؟ من بە چـی تێ‌دەگەیت ؟ تـەبیعی کـردوومە ... ". " بـەدو"ی عـارەبیش، ئـەگـەر بیەوێت خۆی هەڵبکێشێت، گرنگترین بەڵگەی نەجیبزادەیی خۆیت بۆ باس دەکات کە : من چەندین و چەندینم تاڵان کردوون و، کەس نەیتوانیوە من تاڵان بکات. تاڵانیش دەکرێت هەرشتێك بگرێتەوە : بزن و مەڕ و ژن و حوشتر و هەمووشت و هەرشت. سەرچاوەکانی سۆسیۆلۆجی لەمەڕ سایکۆلۆجیەتی کۆچەران دواون، کە چۆن - بە زاراوەی مەسعوود محەمەد - " پەلەی ژیان"یان وایان دەگوورێنێت کە مەرکەزی خۆیان لەناو دەستەی خۆیاندا بەوە رادەگرن کە هەم دەتوانن تاڵان بکەن و، هەم دەتوانن پێش بە تاڵان بگرن. تەنانەت سەخاوەتی کۆچەریش هەر بەوە تەفسیر دەکەن : دەبێت پیشانی بدات کە مادده لای ئەو قیمەتێکی نیە، چونکە دەتوانێت بەهاسانی تاڵان بکات، هێندەی تاڵان

پێ دەکرێت کە مەگەر هەر تەخشان پەخشانی بکات .

ئەو ژێرخانە ماددییەی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی، کە لە " تـاڵان دەکـەم و نـاکرێم "ی " بـەدو"وە بە فەرهەنگی نەجیبزادەکانی ئەوروپا گەیشتووە : " من ژنی خەڵکی تر دەکەم و ژنی من لەلایەن خەڵکی ترەوە ناکرێت" . ئەوە نەك هەر لە یەك کۆمەڵگادا ، بگرە دەکرێت لە نێوان کۆمەڵگایانی جیاوازیشدا ببینین : هێمن باسی ئەوە دەکات کە رووسیا و ئێران لەسەر " هینەکەی کچە ئەرمەنی" لە شەڕ نیزیك بوونەوە .

پێش چەند ساڵێك،کێشەیەك لە هەمیشە زۆرکێشەکانی پاکستان، بەم جۆرە کەوتە دەنگوباسەکانی جیهانەوە : کوڕێك لە دێیەك، لەگەڵ کچێکی دێیەکی تردا جـووت بوو و ئـاشـکرا بوو . پیاوانی دێی کـچـەکە، بەگوێرەی فەرهەنگی مرۆڤی ئەو مەڵبەندە، مافی رەوای ناموسی خۆیان داواکرد ،کە ئەوانیش کچێکی دێی کوڕەکە بکەن . دوو لا - نازانم چۆن - رێك نـەکەوتن و بە نەتیجە نـەگەیشتن . کەسانێکی کە لە دێی کچەکە بە " عالمانی فازیل وە شارەزایانی شەرع" دادەنران، فەتوایان دا کە پیاوانی دێیەکەیان هێرش ببەن و دوو کچ و دوو کوڕی دێی کوڕەکە برفێنن و، ماوەیەك هەتکی جنسییان بکەن . فەتوا بە حەرفی بەجێهێنرا . دوو کچ و دوو کوڕی کە هیچ پێوەند-ییەکیان بە رووداوەکەوە نـەبووە، رفێندران و ماوەیەك هەتکی جنسی کران . " النفس بالنفس و العین بالعین " لە قانوونەکانی حامورابییەوە بە تـەوراتدا هاتووە ( نفش تحت نفش عین تحت عین) و سەری لە قـورئان هـەڵێناوە، قەت نـەیگوتووە تۆڵەکە دەبێت لە شەخسی جینایەتکار بکرێتەوە، نـا ، هەر دەڵێت یـەك بە یـەك، ئەو قانوونەی کە عەشیرەتان پاراستوویانە و، تەنانەت لە ئاستی خوار عەشیرەتیشەوە هەیە . بـەڵام لێرەدا یـەك بە چوار تۆڵە کرایەوە . وەك ئەوە کە شـیرکەتی دێیەك زیانی قیمەتی سـەهمێك لە شیرکەتی دێیەکی تـر بدات و، ئـەوە بە پێگەیاندنی زیانی قیمەتی چوار سەهم تۆڵە بکرێتەوە . شتی وەها بە قانوونی بـازرگانی ئەوەندە نـاهەقە، کە مەگەر هەر هەرای وەهای لێ پەیدا ببێت کە لێرەدا وا کەوتە دەنگوباسی جیهانەوە .

ئێمە پێشتر، لە پتر لە شـوێنێك، بـەراوردی نـامووسی مـرۆڤ و نـامووسی حـەیوانی تـرمان کرد ، کانگەرو و مەیموون و لەگلەگ و ... ئیدی، بـەڵام باسی کەرمان نەکرد ، دە لێرەدا دەتوانین باسی کەریش بکەین و، بڵێین : کەر ئەوکارەی ئەو پاکستانییانە ناکات، بۆچی ؟ چونکە نێرەکەر نامووسی عالمانی فازیل وەشارەزایانی شەرعی پاکستانی نیە . ئا لەبەر ئەوە .

(٦)

ئەوە کە پیاوسالاری کاتێك دروست بوو‌بێت کە پیاو بۆ جاری یەکەم ئەو نەتیجەگیرییەی کردبێت کە ئەو پزەی لە نەتیجەی جووتبوونی ئەو لەگەڵ مرۆڤی مێدا دروست دەبێت لە نوتفەی ئەوە، یا هەر روونکردنەوەیەکی تری پێوەندیی ژن و پیاو هەبێت،هەمووی وردەکارییەکانی بەدەوری ئەو پرەنسیپەی" دارایی"یەوەن . ئەوە دارایییەکەی لای پیاو زۆر گرنگ کردووە . چونکە پزدانی ژنی ئیتر بە کێڵگەیەك لە کێڵگەکانی خۆی داناوە . هەر وەك کێڵگەی توتن و گەنم و جۆی هەیە، کێڵگەی بەرهەمهێنانی منداڵیشی هەیە کە بریتیە لە پزدانی ژنی . لە ئاینەکانی سامییەکاندا، قورئان ئەوە زۆر بە روونی باس دەکات و، تەنانەت - بەگوێرەی تەفسیرێك - قسە لە رێگای چوونە ئەو کێڵگەیەش دەکات : " نساؤکم حرث لکم فأتوا حرثکم أنى شئتم" ( سورة البقرە، لە ئایەتی ٢٢٣) . واتا : ژنەکانتان کێڵگەن ( یا زەویی بەرهەمهێنانی هەر روەکێك) بۆ ئێوە، ئیتر وەرنە کێڵگەکەتانەوە هەرچۆنێکی ( یا لە هەرکوێ، یا هەرکاتێ) ویستتان ( یا حەزتان کرد) . ئەمە کێشەیەکی زۆری شارەزایانی فیقهی لێ پەیدا بووە . تەفسیرێك کە شیعەی ئێران پێی لەسەر دادەگرن، دەڵێت : ئەوە وەڵامی جووەکانی داوەتەوە کە گوتوویانە ئەگەر پیاو بیخاتە پاشی ژنەوە، ئەوا دوای ئەوەش کە بە شێوەی ئاسایی ژنەکە زگپڕ دەبێت، منداڵی کە دەبێت خێل دەبێت . ئیتر خودا لەم رێگایەوە بە پیاوی مسوڵمانی گوتووە بە کەیفی خۆت لە چ دەرگایەکەوە ویستت بچۆ کێڵگەکەتەوە، نە کەس خێل دەبێت و نە هیچ . نازانم ئەگەر ئەوە بە تەئسیرێکی نێوانی فەرهەنگیی کۆنی ئێران و یونان بێت، بەڵام شیعە وا دەڵێن و، بەگوێرەی وەرگێڕانەکەی هەژاریش : " ژنانوو کێڵگەی خۆتانن، لە هەرکوێوە دەتانەوێ، بچنە کێڵگەی خۆتانەوە". زانایانێکی شەرعی سوننی دەڵێن نا، خۆ مەبەستی" حرث" روونە، ئیتر پیاو بە کەیفی خۆی دەتوانێت گۆشەکە هەڵبژێرێت بەمەرجێك بکەوێتە کێڵگەی بەرهەمهێنانەوە، یا " لە هەرکوێ" مەبەست لە : ناوجێگا، ناو حەوزی ئاو، عارەبانە، دەشت و دەر، یا بە پێوە ... ئیدی . بەدبەخت ئەو مسوڵمانەی کە پسپۆڕی زمانەوانیی عارەبی نیە و نازانێت دەتوانێت بیخاتە کوێوە، ئیتر مەگەر هەر گوێ لە شارەزایانی شەرع بگرێت و، ئەو نەگبەتانەش وا هەرکەسەیان شتێك دەڵێت و سەر لە پیاو دەشێوێنن . ( دەبێت خستنە " دەمی" کێڵگە یا شوێنانی ترەوە : نێوان مەمکان، گوێ، یا مژینی ... ئیدی، لە فەرهەنگی عارەبستاندا نەبووبێت کە وا قورئان بەلایاندا نەچووە ؟ ) .

کتێبی ئاین هی پیاوە و بۆ پیاوە . ژنیش کە لەسەری دەڕوات هەر لەبەر ئەوەیە کە کتێبی پیاوە . ژن دارایی پیاوە و ناتوانێت لەسەر کتێبی تر بڕوات، چونکە کتێبی تری خۆی نیە . ژنێکی - بە زاراوەی ئەم زەمانە - هێندێك

" فێمینیست"، له سەردەمی پێغەمبەری ئیسلامدا، وادیاره ئەوه له قورئاندا سەرنجی راکێشاوه که زوو- زوو " یا أیها الذین آمنوا "ی دیتووه، که رووی قسەی له پیاوه و له ژن نیه . خودا رووی قسەی هەر له پیاوه، به " ژن"ی نەگوتووه " ئەی ژن، تۆ کێڵگەی پیاویت، رێگا بده به پیاو لەکوێوه دیەوێت بێته ناوتەوه"، نا ... ( وەڵلا هەر ئەوه مابوو کێڵگه پێمان بڵێت لەکوێوه تێی بچین!) . ئەو ژنه- بەگوێرەی تفسیرالجلالین-"أُم عمارة الأنصاري" به پێغەمبەری گوتووه : " ئەوه چیه خودا رووی قسەی هەر له پیاوانه ؟ ئەدی ئێمه ژنان ؟ خودا هەر دەڵێت " المسلمون، المؤمنون ... ئیدی"،که هەمووی رووی قسەی له پیاوانه، ناڵێت " المسلمات ... المؤمنات ... ئیدی". ئیتر جبرائیل به خەڵوار" ... ات" ان فریای پێغەمبەر دەکەوێت : " إن المسلمین و المسلمات و المؤمنین و المؤمنات و القانتین و القانتات ... ئیدی" ( سورەتی " الأحزاب" - ئایەتی ٣٥) . دەبینیت لێرەشدا که باسی ژن کراوه، رووی قسه نەکراوەته ژن، نەیگوتووه یا أیتها الـ... . من ئێستا تەنیا ئەوەندەم له قورئان له یاده که خودا، له ژنان، رووی قسەی هەر له ژنەکانی پێغەمبەر کردووه ( که وادیاره پێغەمبەر لێرەدا، بۆ نێوانی لەگەڵ ئەو هەمووه ژنانەیدا، پێویستیی به پشتگیریی خودای هەبووه) . نازانم ئەو شێوەیەی بەکارهێنانی" ...ات" عارەبی ( جمع مؤنث سالم) چەنده درێژەی هەبووه تا هەوری ئەو فێمینیزمه بەسەرچووه و لەبیرچووەتەوه . وێ ناچێت زۆری خایاندبێت . خوداش له قورئاندا" هو"یه، نەك " هی"، نێرینەیه . نەشدەکرا ئەوسا مەگەر هەر وا بوایه . له تەوراتی عیبرانییەکاندا، ناوی حەزرەتی" ئیبراهیم" به " ئابراهام" دەستی پێ کردووه ( واتا" باوکی هەموان") و لەبەرانبەردا " دایکی هەموان"ێك له ئارادا نەبووه . چیرۆکی حەوا و مەریەمیش - دواتر دێمه سەر باسیان - له سەداسەد له روانگەی پیاوی له ئاست ژندا زۆر بێ ئینساف سەریان هەڵداوه .

زۆر مەسیحی، سەری ساڵ، له هۆڵەندا، دەبینین تەوقێکی گیایەك،گوڵ و وادەبێت به هێندێك رازاندنەوەوه، به دەرگای ماڵیانەوه هەڵدەواسن . من جاری یەکەم که ئەوەم دیت، پرسیارم کرد ئەوه چیه ؟ گوتیان : ئەوه رەمزی بەرەکەته، شکڵی گونی پیاوه که ئەولاد بەرهەم دەهێنێت . گوتم ئەی چۆنه شکڵی هێلکەیەك هەڵناواسن ؟ گوتیان هێلکه بۆ فڵانه جێژنه نەك بۆ سەری ساڵ . من جارێك له دێیەکی سوێد، میوانی دۆستێکی سوێدی بووم . له شوێنێکی پەنا دێیەکه، وێرانەیەك هەبوو، دارێکی درێژی لێ چەقیبوو و دوو شتی به شکڵی ئەنگوتکی هەویر بەملا و ئەولای سەرەوەیەوه هەبوون . مازووڤانەکەم گوتی ئەمه وێرانەی کلیسایەکه و ئەو دارەش رەمزی ئامێری جنسیی پیاوه . شەوی سەری ساڵ دێینه ئێره، تا بەری بەیانی به دەوری ئەو دارەوه سەما دەکەین، دەخۆینەوه و،

گۆرانی دەڵێین . ئەو رەوشتە، دیارە میراتی دەورانێکی زۆر پێش مەسیحییەتە .

کەچی جارێکیان، خانمێکی هونەرمەندی هۆڵەندی تابلۆیەکی زۆرگەورەی بۆ شارەوانیی ئەمستەردام، بۆ پەنای دەمی تونێلێك دروست کرد ( تونێلی ژێر کانالی نێوان ئەمستەردام و دەریای باکوور)، کە بریتی بوو لە شکڵی ناوگەڵی ژنێك ( من لە خۆیم نەبیستووە، بەڵام لە شوێنێکدا خوێندمەوە کە تابلۆی گەڵی خۆی بوو) . سەرۆکی شارەوانیی ئەمستەردام و هاوکارانی پێیان جوان بوو و، لێی قەبووڵکرا و لە پەنا دەمی تونێل دانرا . شۆفێرەکان، لەنێوان خۆیاندا ناوی تونێلەکەیان گۆڕی و ئیتر هەر دەیانگوت : " قوزەکە". خەڵکی تریش وردە- وردە دەکەوتنە سەر بەکارهێنانی هەمان ئەو ناوەی شۆفێران . خانمی هونەرمەند لە بەکارهێنانی ئەم ناوە تووڕە بوو، ئەو ناوێکی تری گەڵی ژنی لە تابلۆکەی نابوو (هۆڵەندیش وەکو میللەتانی تر چەندین وشەیان بۆ ناوی هەمان ئەو شتە هەیە) . ئیتر تابلۆ دوای چەند مانگێکی کەم نەما . من سەری ئەو ساڵە چاوەڕوانم دەکرد، فێمینیستەکان پۆستەرێکی ئەو تابلۆیە لەجیاتی شکڵی گون بە دەرگای ماڵەکانیانەوە بکەن، کەچی وا نەبوو .

ئامێری جنسی، ئەوەندەی سەرنجی پاپوا و قەومە سەرەتاییەکان رادەکێشێت، لە سەدا یەکی ئەوەش سەرنجی هۆڵەندی راناکێشێت، هەر بەدەگمەن هیچ سەرنجی رابکێشێت، مەگەر لە بەرهەمێکی زۆر هونەری یا ئەدەبیدا، وەك ئەوەی " یان ڤۆلکەرس"،کە پێش حەوت ساڵ (٢٠٠٧) لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، نووسەر-ێکی زۆر نـاوداریان بوو، جارێك وێنەیەکی ژنەکەی بە رووتـی خستبووە سەر بـەرگی کتێبێکی و، لە پەنایدا نووسیبووی :" خۆشەویست، چ قوزێکی جوانت هەیە" و، بۆ ئەوە، خۆی و ژنی دەعوەتی بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆن کران ... ئیدی . ئـەو بەرهەمەی تابلۆی گەڵی ئەم خانمەش لەبەرئەوە زۆر باس دەکرا، کە داهێنانێکی نوێ بوو، تابلۆی وەها پێش ئەوە لە شوێنی گشتی نەبوون . کاتێك نەما، هەر بە زوویی لەبیر چۆوە .

## ( ٧ )

## عەزرا پیرۆزە و مار قسەی کردووە ؟

دانانی شکڵی" گون"ی پیاو بە رەمزی بـەرەکەت و،" بـاکرەیی"ی مرۆڤی مێ بە پیرۆز یانی چی ؟ چەندی بە چەندی ؟ مەگەر نـەمانی باکرەیی مێ تاقە رێگایەکی بەرەکەتی گون نیە ؟ مەگەر کـارگەی دروستبوونی مرۆڤ لە " لەشی مێ" دا نیە ؟ ئێ چۆن هێشتنەوەی دەرگای کارگە بە داخراوەیی پیرۆزە لەکاتێکدا کە کارایی گون بەرەکەتە ؟ یانی چی ؟ کەسێك هەیە لەوە بگات ؟ خۆ ئینشاڵڵا نالێین بـەرەکەت لە دەستپەڕدایە، ئـەینا کارایی

گون بۆ دروستکردنی مرۆڤ بەکوێدا ؟ بەڕاست، ئەوە یانی چی ؟

" چۆسەر" (١٣٤٣؟ - ١٤٠٠)ی ئینگلیسیش وادیارە هەمان کێشەی منی لەگەڵ ئەوەدا هەبووە . لەشوێنێکدا پرسیاری کردووە : " ئەرێ بەڕاست، کە دەڵێن باکرە پیرۆزن، مەگەر ئەوان خۆیان لەکوێوە هاتوون ؟ ".

من کە یەکەمجار، پێش زۆر ساڵان، ئینجیلم خوێندەوە، وەکو ئەو هەمووە زۆر ساڵانەی تائێستا، حەپەساوم کە مرۆڤ ئەو قسانەی باسی" نەژاد"ی مریەمی عەزرای چۆن قەبووڵ بووە ؟ چۆن ئێستاش بە ملیۆنان مرۆڤ دەیخوێننەوە و، وەکو هیچ شتێکی سەیر نەبێت . ئاخر هەی بەشەر، ئایا تۆ قەبووڵتە کە من بۆ درەختی نەژادی کاك جرجیس، باو و باپیرانی وەستا فەتاحت بۆ باس بکەم ؟ مەعقوولە ؟ ئێ دە ئەمە ڕێك ئەوەیە کە ئینجیلی پێ دەست پێدەکات : " نەژادی عیسای مەسیح بەم جۆرە بوو : مریەم مێردی بە یوسف کرد، یوسف تێکەڵی جنسیی نەبوو، مریەم هەر باکرە بوو بەڵام زگپڕ بوو ...". ئێ، کەواتە ئەو یوسف ئەفەندییە کارێکی بە نەژادی عیسا نەداوە . بۆ نەژادیعیسا،خودا لە جێی باوکییەتی و، دەمێنێتەوە بزانین ناوی دایك و باوك و باو و باپیران و داپیرانی مریەمی دایکی چی بوون . بەڵام نا، ئینجیل بۆ ئەو نەژادە، بە دووورودرێژی باسی باو و باپیرانی یوسفمان بۆ دەکات! تا دەیگەیەنێتەوە حەزرەتی ئیبراهیم . ئاخر یوسف چ کارێکی بەو عیسایە داوە کە لەو نیە ؟ هیچ، بەڵام خۆ ناکرێت نەژادی ژن باس بکرێت ... مەگەر ژنیش نەژادی هەیە ؟ لەبەرئەوە - ناچار- باسی ئەو مێردەی دەکات کە هێشتا بەرەکەتی گونی وەکار نەکەوتووە و هەر وەکو مەلا شکور دەکات . کاتێك کە تۆ درەختی عیسات نیە، یا - بۆ دایکی- ناتەوێت بڵێیت ژنیش نەژادی هەیە، خۆ هیچ مەڵێ، بەلای باسی نەژاددا مەڕۆ . بەڵام نا، فەرهەنگی نەژاد، بە دوورودرێژی لە ئەدەبیاتی نەژادپەرستیی عیبرانییەکاندا هەیە و، مەسیحیە-یەتیش هەر لقێکی ئەوەیە،دەبێت ئەویش شتێك بڵێت . ( دکتۆر"علي الوردي" ی سۆسیۆلۆجی ناوداری عیراق، لای وابوو کە بیری درەختی نەژادی لایعارەب دەبێت لە بە گرنگ سەیرکردنی نەژادی ئەسپەکانیانەوە هاتبێت) .

جا بەس نیە ئەو ژنە ناوێکیشی هەبوو : " مریەم" ؟ چونکە سەردەمێك، کچ لە چین ( ی بوودایی) ناوی تایبەتی خۆیان نەبوو . بەغوونە : دایکی مائۆ تسی- تونگ، کاتێك لەدایکبووە، هیچ ناوێکی لێ نەنراوە . کە دەخوێنیتەوە بۆچی ؟ وەڵامەکە بریتیە لە : چونکە کچ بووا ،" مێ" شایانی ئەوە نیە هیچ ناوێکی هەبێت . ئیتر بەوە کە باوکی ( " وێن " ئەفەندی)، پێش ئەو، شەش کچی تریشی هەبوون، تەواوی ژیانی هەر پێیان دەگوت : " حەوتەم خوشك مالی وێن" و هیچی تر . مائۆش لە ئاست ژندا زۆر زبر و بێ ئینساف بوو، بەڵام ئەوە ئیتر دیارە باسێکی ترە .

کـارگەی دروستبوونی مرۆڤ و هێلکەی کە ئـەو دروستبوونە لێیەوە دەستپێدەکات، لە لەشی ژندایە . پیاو هـەر نوتفەیەکی بۆ گەیشتنە ئەو هێلکەیە و وەکارخستنی و، وەکارخستنی کاری کارگەکە هەیە و تەواو . ئەوە چ سیحرێکە کە ئەو لەشەی ژن دەتوانێت دوای وەرگرتنی ئەو نیو چۆرە تەڕاییە لە پیاو، مرۆڤێك دروست بکات ؟ تەنانەت وادەبێت پتر لە یەك مرۆڤیش هەر بە یەك جار ؟ ئەوە دەبێت پیاوی ئێجگار زۆر ترساندبێت . ئێستاش، لە ناو هێندێك قەومی ئەفریقادا، حەیزی ژن بە سیحرێکی رووحی خەتەر دادەنرێت و، ژن لەوکاتەیدا بە تـەواوی لە گوندەکەی دوور دەخرێتەوە و، لەولاوە هۆبەی بەجیای بۆ دروست کراوە، تا گوند لە بـەڵای دوور بێت . جگە لەوەش،هەر پیاوەکانی گوند بە نهێنی دەچن لە شوێنێك کۆدەبنەوە و، شتانێك دەڵێن کە نابێت ژنەکان بیانبیسن، چونکە رووحی ژن دەکرێت زۆرخەتەر بێت ( بەڵام ئەمیش ئیتر دنیای ئـانترۆپۆلجییە، بەغوونە بڕوانە بەرهەمی لێکۆڵینەوەکانی پرۆفیسۆر Roger M.Keesing ) .

کچ، کاتێك پیرۆزە کە عـە زرایە، واتا کاتێك کە ڕێگا نـادات کارگەی لەشی، مرۆڤ دروست بکات، بە شەمی سـوور داخراوە . کـارگەی بە شەمی سـوور قەپاتکراو پیرۆزە و ئەوەی کە دەرگـای کردووەتەوە و مرۆڤ دروسـت دەکات پیرۆز نیە ؟ دە بۆ خاتری خودا من چۆن لەو رووحانیەتە بگەم ها ؟

ئـەوجا بەس نیە لە ئیسلامدا دایك بە لەعنەت نەکراوە ؟ خودایا سەد شکور . تەنانەت قورئان بە مسوڵمانی گوتووە " فلا تقل لهما أُفٍ"، دایك و بابت هـەرچەند ئەزیەتیشت بدەن، بە حوکمی ئەوە کە دایك و بابتن، نـابێت " ئۆف"یشیان پێ بڵێیت . کتێبی پیرۆز (بایبل)، دایکی هەر بە تاوانبار داناوە . بەڕاستی نازانم چۆن مرۆڤایەتی ئەو هەمووە ساڵانە ئەم کارەساتەی قەبووڵ کردووە و ئێستاش دەیکات . لە دەقی تەورات :

" خودای تەعالا ئادەمی راسپارد کە پێی‌گوت لە هەموو دارێکی بەهەشت بە خواردن دەخۆیت . بەڵام داری زانینی چی چاکە و چی خراپە، لێی ناخۆیت، چونکە ئەگەر لێی‌بخۆیت، مردن دەمریت (..) خودا خەوێکی گرانی بەسەر ئادەمدا هێنا و خەوت . لایەکی ( عیبرییەکە : تسیلاع، بە عارەبی : ضلع) ی لێ کردەوە (..) خودای تەعالا ژنێکی لەو لایەی کە لە ئـادەمی کردبۆوە دروسـتکرد و هێنایە بەردەمی ئادەم (..) ئەوانە ئادەم و ژنەکەی هەرتك رووت بوون و شەرمیان نـەدەکرد (..) مار بە « ژن»ی گوت نـامرن بـەڵام خودا دەزانێت ئەو رۆژەی کە لێی‌دەخۆن چاوتان دەکرێتەوە و وەکـو خودا دەزانن چی چاکە و چی خراپە (..) ژن (..) لە بەرەکەی کردەوە و خواردی و دای بە مێردیشی لەگەڵیدا و ئەویش

خواردی (..) خودا بە « ژن»ی گوت ڕەنجی زگپڕبوونت زێدە لێ زیاد دەکەم. بە ئێش منداڵت دەبن و، ئارەزووت لە پیاوت دەبێت و ئەو دەبێتە ئاغات."

کەواتە، ڕەنجکێشانی زگپڕبوون و ئێشی منداڵبوون و ئارەزووبوونی ژن لە پیاو، هەموو، سزای خودان بۆ ژن، چونکە لەبەری ئەو دارەی خواردووە و داویە بە مێردیشی. بەری داری چی ؟ بەری ئەوەی کە بە خواردنی توانیویە بزانێت چاك چیە و خراپ چیە.

مەسیحی، هەموو ئەم بەزمەی عەهدی کۆنیان هیچ کە قەبوولە، ئەوەندەشیان خستووەتە سەر کە هەمەریش نایکێشێت.

هاوینێك، لەگەڵ دۆستێکمدا، لە ڕۆژهەڵاتی هۆڵەندا، سەر سنووری ئەڵمان، بە دووچەرخە دەگەڕاین. دۆستەکەم زۆر شارەزای ئەو ناوە بوو. دێیەکی پیشان دام و گوتی:

" خەڵکی ئەم دێیە و هۆو دێیەی تری سێ کیلۆمیترێك لەولاوەیان، بە ساڵانی دوورودرێژ دوژمنایەتیی مەزهەبییان هەبووە و، ئێستاش تێکەڵی یەکتر نابن. بۆچی ؟ چونکە خەڵکی ئەم دێیە لەسەر ئەو مەزهەبە بوون و هەن کە دەڵێت مارەکە( ئەو مارەی کە حەوای لە خشتە برد) قسەی کردووە، لەکاتێکدا کە خەڵکی دێیەکەی تر سەر بە ئەو تایفە بوون ( و ئێستاش هەن) کە گوتوویانە نەخێر مارەکە قسەی نەکردووە."

بە ساڵان دوژمنی یەکتر بوون و گۆڵمەزوهەرایان بۆ یەکتر ناوەتەوە و، ئێستاش خۆ لە یەکتر دوور دەگرن، لەسەر چی ؟ لەسەر ئەوە کە مارەکە قسەی کردووە یا قسەی نەکردووە!

(٨)

ئێنگلس، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا ( ئەسڵی خێزان و دارایی تایبەتی و دەوڵەت - ١٨٨٤)، کتێبێکی چاپی ٢٣ ساڵ پێشتر (١٨٦١) بە یەکەم سەرچاوەی لێکۆڵینەوەی خێزان ناودەبات: Bachofen, Das Mutterrecht " مافی دایك"ی نووسینی باخۆفەن. من ئەوەم ئێجگار زۆر پێ سەیرە. ئەوەی پێم لەوەش سەیرترە،کەمیی ئەو ئەدەبیاتەیە کە بۆ ئەوە لەدوای ئەو کتێبەی ئێنگلسەوە نووسراوە. من لەو کتێبفرۆشییانەی هۆڵەندای کە کتێبی ئەکادیمی دەفرۆشن، لە کتێبفرۆشیی زانکۆکان ... ئیدی، ئێجگار زۆر کەم کتێب لەوبارەیەوە دەبینم. ڕەنگە کەڵکی زۆر پترم لە تەلەفزیۆنی" بی بی سی" وەرگرتبێت تاوەکو بە کتێبخانەی گشتیش دەگات ( لە کاتێکدا کە

کتێبخانەی گشتی لە هۆڵەندا هەن کە بە ملیۆنان کتێبیان تێدا هەن) . بەغوونە : شێوەی ژن و مێردیی هێندێك ئـامازیغیی باکووری ئەفریقا، کە کامیرای تـەلەفزیۆنی" بی بی سی" هـاوینێك چـووبووە ناو ئـاپۆرەیەکیان لە شوێنێك، کە ساڵانە، لە کاتێکی دیارکراودا، نێر و مێ، بۆ پەیداکردنی هاوسەرێك بۆ ساڵێك، دەچنە ئەو شوێنە . بە دەیان ژن و پیاو، کە یەکتر نـاناسن، دەچنە ئەوێ و سـەیر دەکەن، کێ کێی بەزەوق بوو، لەگەڵیدا دەدوێت و، دوای کۆڵێك پرسیار و وەڵام، ئـەگەر رێككەوتن، ئەوا دەبنە ژن و مێرد . بـەڵام هەمیشە بۆ ماوەی یەك ساڵ . کە ساڵەکە تەواو بوو، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی،هاوسەرییەکەیان کۆتایی دێت و لەیەکتر حەرام دەبن و، دوو رێیان لەبەردەم دەبن : یا دیسان تازەی بکەنەوە یا جیا ببنەوە و، هەرکـامەیان - ئەگەر بیەوێت - دیسان بچێتەوە هەمان شوێنی دۆزینەوەی هـاوسەر، بۆ پەیداکردنی هاوسەرێکی تر بۆ ساڵێکی تر . لەو فیلمە دۆکـومێنتییەدا، زۆر بە داخەوە، زۆر وردەکاری باس نەکران : منداڵ و دارایی و ئەو هەمووە کارەساتانەی فەرهەنگی قانوونی و شـەرعی کە لە دنیادا هەن، لەوێ چۆن هـەڵدەسـوورێن . ئەوانە مسوڵمانن، زۆریش مسـوڵمانن، هەموو ژنەکان سەریان داپۆشیوە و کۆڵێك کراس و کەوای رەنگاورەنگی جوانیان لەبەرە و، لەقسەشدا گوتنی" ئینشاڵڵا" و" ئەلحەمدو- لیللا" و " بارەکەڵڵا" و ئەو شتانەیان لەبیرناچێت . عونسوری" عەقڵ"ی کاهینانی ئـەوانە، لەوەی شێخ و مەلا کاهینەکانی ئێمە کاراتر بووە، ئەو نەزمەیان بۆ ئوممەتی ئیسلامی خۆیان پێ لە" زیندانیی ئـەبـەد"ی کـۆیلەیی زۆر لە ئوممەتی ئیسلامی تر باشتر بووە .

لای " پاپوا"، کە مسوڵمان نین، وەکو بەشێکی سەردەمی یونانی کۆن و، زۆر قەومی تری سـەرەتایی، سـاڵانە جـارێك، خـەڵکی عەشیرەتێك یا گوندێك یا مەڵبەندێکیان، هـەموو بە ئـۆرگی ( جنسی تێکڕایی ) کۆدەبنەوە و، دوای ئەوە دیسان سنفبەندی دەکەنەوە : کامە نێر و مێیەك دەیانەوێت بۆ ساڵی داهاتوو ژن و مێرد بن . کە لێرەدا دیارە، گونجانی جنسی، توانای رەحەتبوونی باشتر، بەتایبەتی بۆ ژنـەکان زۆر دەور دەبینێت، کە رەحەتبوونیان لەوەی پیاو زەحمەتترە ــ لە هۆڵەندا خانمانێکی تەمەنی سـەرووی پـەنجا ساڵ هەن، باسی ئەوە دەکەن کە تا پێش بیست ساڵێك قەت رەحەت نەبوون و هەر نەشیانزانیوە رەحەتبوونی جنسیی ژن هەیە و چیە، دە ئەوە شتێکە کە لای پاپوا حەقەن - زۆر لە جێی خۆیدا - بە وەحشیگەریی ئەوروپاییە پێستسپییەکان دادەنرێت .

بۆ بـەدبەختیی پاپوا، وا ئێستا مەسیحییەتی پێستسپی و تەفسیری " ژنانو کێڵگەی خۆتانن"ی کاهینانی ئێمە دەکەوێتە ناویانەوە . من ماوەیەك لە هۆڵەندا کیژێکی پاپوام دەناسی، هاوسێم بوو، سەیر ببوو بە مەسیحی و هـەموو یـەکشەممەیەك دەچووە کلیسا . زۆر وادەبوو، کە لە کلیسا دەهاتەوە، سـەرێکی لە من دەدا، دەیگوت

حەزدەکەم چایەکت لا بخۆمەوە، بەڵام هەرجارە مەبەستی هاتنەکەیم زوو لێ روون دەبۆوە : دەیویست بمکات بە مەسیحی . بەڵام ئیتر نە ویستم ببم بە مەسیحی و، نە ئەویش بکەم بە "ژنانو کێڵگەی خۆتانن" .

ئەو باسەی پاپوا، باسێکی "سامۆوا"م وەبیردەهێنێتەوە :

مارگارێتا مێد، خانمێکی ئەمریکایی ( ١٩٠١- ١٩٧٨ )، شەیدای خوێندنی "ئانترۆپۆلۆجیی فەرهەنگی" بووە . لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا، بۆ توێژینی زانستی، چووەتە وڵاتی سامۆوا ( ئێستا دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، لە باکووری نیووزیلەند، رۆژهەڵاتی ئوستراليا) . لە دێیەکی ئەوێی کە ٦٠٠ کەسێکی تێدا ژیاوە، لەگەڵ ٦٨ کیژی تەمەن لە ٩ تا ٢٠ ساڵدا قسەی کردووە و، پرسیاری ژیانی جنسیی کردوون ئایا چ کێشەیەکیان لەو رووەوە هەبووە و کۆمەڵگاکەیان چۆن لە ئازادیی مرۆڤی "مێ"ی نۆڕیوە . کیژەکان سەیری یەکتر دەکەن، تێ‌ناگەن مەبەستی چیە . ئیتر پرسیاری روون دەکاتەوە : ئێوە کیژن، کە هەست بە ئارەزووی جنسی دەکەن، چی دەکەن ؟ وەڵام : چی دەکەین ؟ مەگەر ئەگەر مرۆڤ حەز لە شتێك بکات چی دەکات، دەیکەین، هەر کیژ و لاوێك هەرکاتێك مەیلیان لە جنس هەبێت دەیکەن و، تەواو، ئیتر کێشەی چی و شتی چی ؟

مارگاریتا خانم راپۆرتی هێنایەوە و، ساڵی ١٩٢٨ لە ئەمریکا چاپی کرد :

Margareta Mead, Coming of Age in Samoa, 1928.

ئەو راپۆرتە، نەك هەر ئەمریکا، هەموو رۆژئاوای ورووژاند . ئەوەی بە چەپۆك بسەری خۆیدا دەکێشا، ئەوەی مارەکەی وەبیردەهاتەوە کە قسەی کردووە ... ئیتر هەر یەکەی بە شکڵێك . ئەوە سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ دەستبەردانی رۆژئاوا لە خەرافاتی پیرۆزیی باکرەیی سەدەکانی ناوەندی .

ئێستا لای زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی رۆژئاوا، نیزیکەی هەمووی، بە مەسیحییە ئایینییەکانیشییەوە، ئیتر ئازادیی نێوانی جنسیی کیژان و لاوانیان بە شتێکی ئاسایی رۆژانە دەبینن . بەڵام ئەگەر پێت وابێت مەسیحییە کۆنەکانی رۆژئاوا لەوبەیندا تۆڵەیان لە سامۆوا نەکردبێتەوە، ئەوە مانای وایە ئاگات لە مێژووی سامۆوا نیە . چونکە بڵاوکەرەوەکانی ئاینی مەسیحی، بەو هەمووە مەزهەبە جیاوازانەوە، وازیان لە خەڵکی سامۆوا نەهێنا، تا وایان لێ‌کردن باکرەیی پێش شووکردن بە پیرۆز بزانن . ئیتر گۆڕیویانەتەوە : ئێستا کیژان و لاوانی رۆژئاوا هەر کە گەیشتنە تەمەنی ئارەزووی جنسی، جنسی خۆیان دەکەن و، کیژانی سامۆواش - تەبیعی بەرەسمی - دەبێت تا شەوی چوونە پەردەوە "عەزرا" بن .

(٩)

رهنگه جورئهتێكی زۆریش بێت لهمنهوه، بهڵام ئیتر من بیروڕای خۆم دهڵێم . من لامهوایه گهورهترین كهمایهسیی ماركس و ئێنگڵس لهوهدا بوو كه پسپۆڕی رهواننناسی نـهبوون . پسپۆری ئـابووری و مێژوو و فـهلسـهفه، زۆر تایبهتی فهلسهفه بوون، به رادهیهك كه بیناكردنێكی" زۆر فهلسهفی"ی دنیایهكی باشتر، دوور له چهوساندنهوهی مرۆڤ لهلایهن مرۆڤهوه، به مهنتیقی " زۆر ئابووری"، واقیعی رهوانیی مرۆڤی لێ شاردنهوه . ئهو هـهمووه شته " زۆر" انه، رهوانناسییان " زۆر كهم" تێدا بوو . له كاتێكدا كه سهرمایهداران زۆر ئاگاداری ئهو واقیعه بوون . ههر ئهوهش بوو كه ئهزموونی لینینی بلیمهتی له شوێنێكدا چـهت تێخست و، نـهیتوانی پتر بڕوات . شتیش كه وهسـتا، له دنیایهكدا كه نـاوهستێت، واتا فڕێدهدرێته لاوه و، خـهڵك رێگایهكی تـر دهگـرێت، تاكو له واقیعدا بژیت . ماركس و ئێنگڵس، دوو زانا بوون، ئێجگار زۆر زانا بوون و، به خـهیاڵی زانسـتی ( سـاینس فیكشن)، نهخشهی كهشتییهكی ئاسمانیی كۆمهڵگایهكیان به " زۆر مهنتیق"ی قانوونهكانی - تا ئهوسای- ئابووری كێشا، بـهڵام - سهد حهیف - ئهو دارستانهی ئهو هـهمووه زانستانهیان، دارێكی سایكۆلۆجیی وههای تێدا نـهبوو كه به قانوونهكانی سـایكۆلۆجی- نـهك ههر تهنیا ئابووری- ریشـه دابكوتێت و، لهجیاتی ژیانی ههر ٧٣ ساڵ، تا سهر پهره بستێنێت .

من جارێك له كتێبێكی زانستی زماندا نـهك سایكۆلۆجی- قسهیهكم دیت ( كه ئێستا بهداخهوه ناچمهوه سهر سـهرچاوهكه)، زۆر سهرنجی راكێشام، بهو مانایه بوو كه دهیگوت مرۆڤ ژێردهستهی عادهته . گۆڕینی عـادهت لهچاو كۆیلهیی بۆ عادهت، وهكو ئهوهیه كه منداڵێكی سـاوا له ماڵدا تازه گڕوگاڵ دهكات و، وادهبێت وشهیهك له دهمی دهردێت كه كهسوكاری پێیپێدهكهنن و دهیڵێنهوه و، ئیتر دهچێته قـامووسی زمانی خێزانهوه : بقه ... چزه ... گغه ... شتی لهوبابهته . رادهی نیسبهتی گـۆڕانی عـادهتی له فهرههنگدا به ئهو گڕوگاڵه هاتبووه بهرچاو . مرۆڤ، سهردهمێكی زۆر، باسی پێنج حـهواسی كردووه، لهكاتێكدا كه حـهوتی ههن، دووهكهی تـر بریتین له " راگـرتنی هـاوسـهنگی" و " بهكارهێنانی ماسوولكه " . من لێرهدا كارم بهمهی دواییان هـهیه : بڵێین، تۆ، به پـهیژهیهك دهچیته سهربان، پلهیهك له پلهكانی لێ كهوتووه، لهوێدا دهبێت بازێكی دوو ئهوهندهی بۆ پلهكانی تر هـهڵێنیتهوه . لهوسهرهوه كه دێیته خوارهوه، لهبیرت چـووهتهوه كه ئهو پلهیه نهماوه، ههر وا وهكو ئهوانی تر لاقتی بۆ دههێنیته خوارهوه، بزانه چیت بهسهردێت ؟ بهو هیوایه كهسێك لهوانه نـهبێت كه كێشـهی دڵیان هـهیه . من هۆڵهندییهك دهناسم، به رووداوێك ئیفلیج بووه و ئیتر لهكاركهوتووه : كرێكاری ماڵ گـواستنهوه بووه، جـارێك

کارتۆنێکی زۆرگەورەی لەسەر مێزی بەردەمی دیتووە، وای زانیوە پڕە، کە باوەشی پێدا کردووە و هەڵیگرتووە، پشتاوپشت کەوتووەتە سەر ئەرز (تۆمەز کارتۆن بەتاڵ بووە) و ... بۆ هەتاهەتا ئیفلیج بووە. چونکە غەریزەی بەکارهێنانی ماسوولکە، فەرمانی بەکارهێنانی هێزێکی وەهای داوە بە ماسوولکەکانی بازووی، کە ئێجگار زۆر لەوەی پێداویستی ئەوەندە قورساییە پتر بووە.

بە هەمان شێوە، من کە عادەتم بەوە گرتبێت کە کچەکەم وکوڕەکەم لە سەرەتای بزووتنی غەریزەی جنسیدا مافی ئەوەیان نیە دۆست بگرن و جنس بکەن، ئەوا ماسوولکەکانی دەستگای عەسەبییم، ئەگەر پێشەکی بۆ ئەوە ئامادە نەکرابن، ناتوانن بە هاسانی رووداني شتی وەها قەبووڵ بکەن، ئەوە کاری سایکۆلۆجیی‌عادەتە، نە هیچ شتێکی تر، (دەستگای عەسەبیی زۆربەی ئەوروپاییان ئەوە بە رۆتینێکی ژیانی رۆژانەی ئاسایی وەردەگرێت، چونکە عادەتی ئەو وەهایە). خەتەری ئاین ئا لێرەدایە، دەتکاتە کۆیلەی عادەت، دەڵێت دەبێت هەمیشە لەسەر ئەم عادەتە بڕۆیت و، نابێت قەت بیگۆڕیت، مافی مەنتیقی خۆت نیە، چونکە ئەوە فەرمانی خودایە و، کەس ناتوانێت قسەی تێدا بکات. مارکس زۆر جوانی گوتووە کە "ئاین ئەفیوونی گەلانە". بەڵام خەنی لەخۆی کە بەشی ئەوەندە نەژیا ببینێت چۆن ئەو هەمووە کۆششە عەقڵییەی خۆی و ئێنگڵس دەکرێنە "ئاین" ... ئەوەی بدیتایە، دەبوو بە چ هەستی تاڵییەك خۆی بکوشتایە ؟

مارکس لە "سەرمایە"کەیدا لای وایە، لە بەربەرەکانیی چینایەتیدا، "جاران" (دەبێت مەبەستی "پێش پێکەوەنانی خێزان" بێت)، پرۆلیتار هەر هێزی بازووی کاری خۆی هەبووە و بە سەرمایەداری فرۆشتووە، بەڵام لە خێزاندا، هێزی ژن و منداڵیشی بە سەرمایەدار فرۆشتووە. پرۆلیتار، ژن و منداڵی بۆخۆی دەچەوسێنێتەوە، ئەوان بۆ ئەو کار دەکەن، هێزی ژیانی ئەو لە کاری ژن و منداڵییەتی و، ئەو دەچێت بە سەرمایەداری دەفرۆشێت.

باشە کاکە مارکس‌گیان، کە ئەوە سایکۆلۆجیەتی پیاو بێت، بۆچی پێت وایە ئەگەر بێتە سەر حوکم، هەڵوێستی لە چەوساندنەوەی ژن دەگۆڕێت ؟ پیاوی پرۆلیتار کە جارێ هیچی بەدەست نیە، چەوساوەی سەرمایەدارە و، ئاوا ژن و منداڵی دەچەوسێنێتەوە، ئەی ئەگەر ببێت بە ئاغا و، هەموو شتی بەدەست بێت، بۆچی پێت وایە سایکۆلۆجیەتی لە ئاست ژندا دەگۆڕێت ؟

مارکسیزم، زۆر بەداخەوە، هیچی زانستیی بۆ رەوشتی جنسی، بۆ نێوانی جنسیی مرۆڤ پێ نەبوو ... هیچ، هەر هیچ. بۆ من، لە هەمووی پتر، ئەو قسەیەی ئێنگڵس زۆر سەرنجی راکێشام، کە لە "ئەسڵی خێزان و دارایی تایبەتی و دەوڵەت"دا دەڵێت: " تەنیا کاتێك کە پرۆلیتاریا حوکم دەگرێتە دەست، قەحبەیی نامێنێت و، کێشەی

ژیانی جنسیی بە خێزانی هاوسەریی بە ئەڤین چارەدەکرێت . * ئێ چۆن ؟ گریمان، من ژنم هەیە و حەوت منداڵ، خانمێکی هاوسێی زۆر سێکسی دەمورووژێنێت، کە مێرد و منداڵی هەیە و، منی دەوێت و منیش دەمەوێت، ئێ چی بکەین ؟ تۆ کە باسی" ژیانی جنسیی بە خێزانی هاوسەریی بە ئەڤین"م بۆ بکەیت، نابێت هێندێك باسی غەریزەکانیشم بۆ بکەیت، تا بزانم چۆن هەڵیانسوورێنم ؟ هەر وشەی "خێزان" یانی چی ؟ ئەگەر مێردمنداڵێك هـاوجنسگەرا بێت و بیەوێت لەگەڵ دۆستێکی هاوجنسگەرایدا ببنە هاوسەر، یا کیژێکی هـاوجنسگەرا بیەوێت لەگەڵ کیژێکی تردا ببنە هاوسەر و کەسوکاریان زۆر دژی ئەوە بن، ئەوسا خێزانی بەختیاری بە ئەڤین چۆن ؟ تۆ

---

* بەهجەت ئاکرەییەك هەبوو ،لەگەڵ بارزانییەکاندا چووبووە سۆڤیەت، لەگەڵیشیاندا گەڕابۆوە و، هاوسێیەکی ماڵیهەژار بوو لە بەغدا( ئەویش وەکوهەژار لە ڕێگای سەرۆك بارزانییەوە خانوویەکی ئیسکانیحکومەتی پێ بڕابوو)، زۆر جار باسی سەرەڕۆییەکانی خۆی دەگێڕایەوە . بەهجەت لە سۆڤیەت کراوە بە پاسەوانی شەوانەی باغ و باغاتی دەوڵەت، دەیگوت :

" ئیدی نام کەوتبووە ڕۆنەوە . هەژارییەکی زۆری سەردەمی ستالین بوو . شەو ژن دەهاتن میوە بدزن، شەو نەبوو ژنێك نەگرم، شەوی وا دەبوو سێ یا چوار ژنم بە جارێك دەستکـەوت دەبوو . ژنم دەگرت و دەمگوت دەی دەڵێی چی ؟ میوەکەت لێ بستێنمەوە و بتدەمە دەست پـۆلیس یا بتگێم و بەرت دەم و بە میوەکەوە بگەڕێیتەوە ماڵەکـەت ؟ تـەبیعی، هـەمیشە دووەمـەکـەی هـەڵدەبژارد، چونکە من هەر خۆم بەتـەنیا دەمگاو میوەکەشی دەست دەکەوت، ئـەگەر بمدایەتە دەست پۆلیس، میوەکەی دەچوو و، بـەلای کـەم پـازدە پۆلیس پازدە شەو و ڕۆژ دەیانگا پێش ئەوەی بیدەنە دەست پازدە کەسی دووەمی سـەروو خۆیان، ئیدی دەست بەدەست دەیانگا، تا دەگەیشتە ئۆردوگایەکی کار تا لەوێش بیانگایە تا تێدا دەڕزا " .

چەندین جـەنەراڵی سـۆڤیەت بەهۆی کێشەیەکی سەر وەدەستهێنانی ژنێك ڕاپۆرتی درۆیان لێ دراوە و بە ناوی خاین بە پرۆلیتاریا ،جاسووسی ژاپۆن یا ئینگلیس بەر دەستڕێژیگوللە دراون . من خۆم فیلمێکی باسی ڕووداوێکی وەهام دیت کە دوای ڕووخـانی ڕژیمی سـۆڤیەتی لە مۆسـکۆ لە ڕووی هێندێك دۆکـومێنتی سۆڤیەتی دوای ستالین بەرهەمهێنراوە . هەژاریـش بـاسـی شتێکی وەها دەکات ( باغرۆف .(..) هەر ژنێك کە ئەو ویستبێتی و نەچوبێتە لای، بە مێردو منداڵەوە حەواڵەی سیبیریا کراوەو فەوتاون ـ چێشتی ل ٣٤٢) .

که ئەسڵی خێزانم بۆ باس بکەیت و، چۆن کۆمەڵگای مرۆڤ پەرەی سەندووە و، بەرەوکوێ دەچێت و، دواییەکەی چۆن بە ژیانی جنسیی خێزانی هاوسەریی بە ئەڤین دەگات، مەگەر نابێت قسەکانت بە زانستی باسی غەریزە روون بکەیتەوە ؟ یا وەکو ئەو کیژۆڵە ئەمریکاییە دەکەیت، کە لە ماڵێکی زۆر دەوڵەمەند بوو و، مامۆستاکەی پێی‌گوت شتێك لەسەر ماڵێکی هەژار بنووسێت، کیژ نووسی : " ماڵێکی هەژار هەبوو، هەموو زۆر هەژار بوون، چێشتلێنەرەکەیان هەژار بوو، سەگەوانەکەیان هەژار بوو، هەموو ئۆتومبیلەکانیان لە مۆدێلی‌کۆن بوون، خانووی هاوینی سەردەریایان هەژارانە بوو ..."و لەوبابەتە . تۆش هەمان عیبارەتێکی یوتۆپیایی کەشە و خەتیبی مزگەوت و ئەوانە دەڵێیت : تەنیا کاتێك کە پرۆلیتاریا حوکم دەگرێتە دەست، قەحبەیی نامێنێت و،کێشەی ژیانی جنسی بە خێزانی هاوسەریی بەئەڤین چارە دەکرێت .

جینەکانی مرۆڤ درێژەپێدانی جینەکانی هۆمۆساپیەنەکانە . زانایەکی هۆڵەندیی دەستگای عەسەبی ( دیك زڤاب)، کە رەنگە ئەمڕۆ یەکەم زانای تەشریحی " مێشك" بێت لە دنیادا، ئێستا مامۆستایەکی بەناوبانگترین زانکۆی وڵاتی چینە لەو بوارەدا ( زانکۆی ژێ جیانگ)، کتێبێکی هەیە بە ناوی " ئێمە مێشکمانین "، بە هۆڵەندی : Dick Swaab, Wij zijn ons brein, 2010. کە مەبەستی لە مێشك لێرەدا " ئید Id" ـەکەی فرۆیدە، دەڵێت : مێشکمان ئێمە دروست دەکات، نەك ئێمە مێشکمان . کەواتە، دەبێت بیر لە زانستی کاری مێشکمان بکەینەوە .

رژێمی سۆڤیەت،وەك زۆر لە رژێمە تۆتالیتێرەکانی‌تر،هەنگاوی چاکی بۆ ژن نا، لە زۆر رووەوە هێنایەپێشەوە، بەڵام فەلسەفەی حوکم بوو بە ئاین و، ئاینەکە هی پیاو بوو، ئاین هەمیشە هی پیاو بووە و،- بەتایبەتی- لای ژن سەری نەگرت . ئێستا هەولی بوونە قەحبەی سەرکەوتوو و ژنی گەوودای سەرکەوتوو، لە مۆسکۆ، زۆر، هەر ئێجگار زۆر، لە واشنتۆن پترە و، رووس ئێستا ئێجگار زۆر مافیای سێکس هەناردەی رۆژئاوا دەکەن . کەواتە قسەکەی ئێنگڵس لێرە سەری نەگرت . بۆچی ؟ چونکە مارکسیزم بوو بە ئاین . ئەگەر نەکرایە بە ئاین و، هەر ساڵە کۆنگرەی حیزبی کۆمونیست بە بیروباوەڕی مارکس و ئێنگڵس و لێنیندا بهاتایەتەوە و، بە زانستی نوێ دەستکاریی بکردنایە، دەکرا بەم کارەساتەی کۆمەڵگای مافیای رووسیایەی ئێستا نەگەیشتایە .

بەڵام مارکسیزم - لێنینیزم، کە بوو بە دین و عادەت و، گۆڕینی بەگوێرەی پەرەسەندنی زانستی رێگا نەدا، وەك هەر دینێکی لێ دێت . هەر بیرێك، کە کرا بە دین ... ئەوا دین، هەموو دینێك و هەمیشە، شەقامێکی قیرتاوە کە دەچێتە یەك هەمان شوێن : دۆزەخ .

## (١٠)

## ئەنجامگیری و دوا قسە

زانستی مێژوو پێمان دەڵێت کە مرۆڤ میوانێکی نوێی سەرزەوییە، یەك ملیۆن ساڵ یا شتێکی لەو بابەتەیە کە هەیە ( مێش پتر لە سێ‌هەزار ملیۆن ساڵە هەیە) . مرۆڤ لەسەر رێگای دۆزینەوەیە و لە چارەسەری خەمەکانی دەگەڕێت . بە شێوەیەکی زۆر بێ‌ئاهەنگ و لەیەکتر بێ‌ئاگا ئەوکارەی کردووە . لەبەرئەوە، هێندێك بەشی مرۆڤ ئێستا لە قۆناغی پێش چەندهەزار یا چەندسەد یا ئەوەندە ساڵی مرۆڤانیکی تری ئێستادا دەژین . ئێستاش- بە نموونە- مرۆڤ هەن کە مرۆڤی تر دەخۆن . قوربانی‌کردنی مرۆڤ بە هەمان شێوەی پێش چەند هەزار ساڵ، ئێستاش لە هێندێك شوێن ماوە . ئاین هەن کە شێوەی ژیانی پێش زۆر سەدە بە ئیدیاڵی ئەمڕۆی خۆیان دەبینن و کاری بۆ دەکەن .

لەوەتای نووسین دەستی پێ‌کردووە و، لە ئەوەندەی لافاو و بوومەلەرزە و وێرانکارییەکانی تری تەبیعەت و وەحشیگەریی مرۆڤ بۆیان هێشتووینەوە، بەزەحمەت،نێوانی مرۆڤی نێر و مێ ئەوجا لە دەهەزار ساڵی رابردووەوە بزانین . بە پێوانەی دادپەروەری،تەواوی ئەو دەهەزارساڵە، ئەوەندەی کە ئێمە پێ‌دەزانین و، حەقەن لەبەشی زۆری مەڵبەندی ئێمەدا وەها بووە، نێوانی مرۆڤی نێر و مێ، بۆ مێیەکە، زۆر بێ ئینسافانە بووە، دوور لە دادپەروەری و بەختیاریی مرۆڤ بووە . مرۆڤ، ئەم میوانە نوێیە،کاتی زۆری دەوێت تا عەقڵی بە زۆر شت دەشکێت و، چاوی بە ئەستێرەکەی زەویی دەکرێتەوە .

ئەو پرۆسەیە هەمیشە بە تیۆری و خەیاڵ دەستی‌پێ‌کردووە و، ئەوجا لە پراتیکدا تاقی‌کراوەتەوە و، دەستکاری کراوە، یا دەستی لێ بەرداوە و خەیاڵ - ناچار- بۆ شتی تر چووە . یەکەم دەوڵەتانی کە پێ‌دەزانین، سومەری، پیاوانی ئاینی بە خەللاقیەتی وەحیی خەیاڵی‌خۆیان دروستیان کردوون . لەوساوە جۆرەها وەحیی تر جۆرەها دەوڵەتی تریان لە شوێنی ئەوەی پێش خۆیان دروست کردوون . بەنیسبەت ئێمە،" ئیسلام"ی کە وەحی بە محەمەد گەیاند و، بەنیسبەت بەهاییەکان ئەوەی حەزرەتی" بهاء الله" دوامینیانە . دیارە تابیعانی ئاینەکانی تریش هەر ئەوەی خۆیان پێ هی دوا وەحیی راستە،کە دەبێت لەسەری بڕۆن . مرۆڤ نەیتوانیوە بە بێ وەحیی خەیاڵێك بژیت، تەنانەت لە" کتێبی پیرۆز"دا دەخوێنینەوە،کەسێك گوێی لە دەنگێك بووە کە پێی‌گوتووە کوڕە خۆشەویستەکەی خۆی سەرببڕێت، دەستی داوەتە چەقۆیەك و ویستوویە سەری ببڕێت، دەنگەکە ئەوسا گوتوویە نا ، سەری مەبڕە، تاقیمان‌کردیتەوە، ئەم حەیوانە لەجیاتی ئەو سەرببڕە و، حەیوانەکەش لە غەیبەوە هاتووە و لە بەردەمی قوت

بووەتەوە ( کە وەرگرتنی ئەو قسەیە بە حەرفی، ئـەمڕۆ مـەگەر هەر حەزرەتی ئیبراهیم بە" شیزۆفرین" بناسێنێت : گوێی لە دەنگانێك بووە کە هـەر لە سـەری خۆیدا بوون ) . گرنـگ ئەوەبووە کە " سـەربڕێت"، لەبەرئەوە ئێستا مسوڵمان ساڵانە چەند ملیۆن حەیوان لە ڕۆژێکدا " سەردەبڕن"، ئەوەش ناودەنێن" جێژن" .

ئا لەم وەحشیگەرییەی مرۆڤدا ،لەم دەهەزار ساڵەی کە پێدەزانین، مرۆڤ ئەوەندەی حەیوانی سەربڕیون، ڕەنگە ئەوەندەش مرۆڤی سەربڕیبێ . بەڵام لە هەمان پرۆسەی وەحشیگەریدا ، وەحیی نوێ پەیتا- پەیتا بۆ ئەوە هاتوون کە پلەیەك لەو وەحشیگەرییەی کەم بکەنەوە . هەر ئەوە خۆی کە ئیبراهیم ( باوکی هەموان)، حەیوانی لەجیاتی کوڕە خۆشەویستەکەی سەربڕیبێت، نیشانەیەکی ئەوەیە . وەحیی پێغەمبەری ئیسلام، زیندە بەچاڵکردنی کیژی تـازە لەدایکبووی لە عارەبستان هەر بنبڕ کرد... زۆر نموونەی تر .

بـەڵام ئەو " وەحی"یانە، کە زۆرتر وایە هـەنگاوێکی بەرەوپێشەوەی مرۆڤن، دوو بـەڵای گەورە، ئێجگار زۆر گەورە لەگەڵ خۆیان دەهێنن :

یـەکەم ـ چـارەنووسی مرۆڤ دەدەنە دەست چینێکی بیرۆکراتی زۆرگـەورەی مفتەخۆر،کە - بەتەبیعەتی حاڵ - خۆی بەکردار شوێنی خودای خەیاڵەکە دەگرێتەوە و مرۆڤەکانی تابیعی دەکاتە عەبدی خۆی . ئێستا لە ئێران، بە قانوونی ڕەسمیی پەرلەمانی دەوڵەت، کەسانێکی دژی سیاسەتی حکومەت، بە تاوانی " محاربە با خدا" دەکوژن .

دووەم ـ ئەهلی وەحی دەڵێن : مێژووی گۆڕان و پەرەسەندنی عەقڵ و خەیاڵی مرۆڤ لێرە کـۆتایی دێت، ئەمە قانوونی دوا پەیامە بۆ مرۆڤ و ئەبەدییە .

کاری ڕۆشنبیر لە ئەم گەرداو و زەنا- زەنای خەیاڵ و وەحی و فەلسەفە و چی و چییەدا ، ئەوەیە ناو بەناو ئاوێکی سـارد بە دەموچاوی خـۆی و خـەڵکدا بکات و، بیانهێنێتەوە واقیعی ژیان . بڵێین، سـاڵانی زۆر، مـەنتیقی پەرستنی بتی قەبووڵ کرد و، لە شوێنێکدا بە پێوانەی واقیع، گەڕایەوە ئەو حەقیقەتە کە ئەو بتە هیچ یارمەتیی نەدەدا . لە عارەبستان، بتی لە خورماش دروست دەکرد و، ئەوەی بەکەڵکیش دەدیت، چونکە کە برسـی دەبوو، شتێکی لێ دەخوارد ، بەڵام لەدواییدا عەقڵی بەوە گەیشت کە ئەو بتە هیچ پێویست نەبوو . لە ڕژێمی سۆڤیەتدا ، ئاینی دەوڵەت، بە مەنتیقی زانست، هێندە-هێندە مەنتیقی بوو،کە تەنانەت بۆ خوێندەوارترین مرۆڤیش ئێجگار زۆر زەحمەت بوو کە بیگوتایە ئەم ڕژێمە هەڵەیە . بـەڵام ڕۆشنبیر کە - وەك گوتمان - ئاوێکی ساردیان بە دەمو- چاوی خۆیاندا کرد و، لە " وەحی"ی زانستی ئابوورییەوە، هاتنەوە واقیعی ژیان بە ئابووری و نـائابوورییەوە، دیتیان نـا ، ژیانی دۆزەخی دنیای سـەرمایەداریی ڕۆژئـاوا لە ژیانی بەهەشتی پرۆلیتاریای ئەوان خۆشتر بوو،

دیواری بەرلینیشیان لە نێوان خۆیان و دۆزەخدا نـەهێشت و، هەر بەتەواوی بوونە دۆزەخی . ئەوەی کە لەوەدا زۆر یارمەتیدەر بوو، ئـاگاداری پەیداکردنی خەڵکی سۆڤیەت و وڵاتانی تری سەر بەو بوو لە رۆژئاوا و، کەواتە هەلی " بەراوردکردن"یان لەبەردەم بوو . عەقڵ هەلی هەڵبژاردنی لەبەردەم دانرا و، هەڵیبژارد .

ئێمە، کـورد، دەتوانین ئـەمڕۆ لە ڕێگای تەکنیکی راگەیاندن و کتێب و جۆرەها شـێوەی زانیارییەوە، وێنەی جیاوازی ژیان ببینین و بـەراورد بکەین . هەر لە هیندستان و چینەوە تا بە فینلاند و ئایسلاند دەگات : رژێمی حـوکم، ئیدارەی ژیانی رۆژانەی خـەڵك، خێـزان، نێـوانی نێر و مێ و ژیانی جنسیی ژن و مێرد و ئەولادیان و، کەواتە : هەلی بەراورد و فێربوونمان لەبەردەمە .

تـەبیعی، لەشـکری بیرۆکراتانی کـاهینان هـەموو هـەوڵێك دەدەن، بە هـەموو جۆرە چەکێکی گـەرم و سـارد و مەعنەوی کە پێش بەوە بگرن مرۆڤی کورد هیچ لە وڵاتانی پێشکەوتوو فێر بن، بەڵام رۆشنبیرانیش لەبەرانبەر ئەوانەدا نابێت بێدەنگ بن .

بـەڵێ، هـەرکەسە لەلای خۆیەوە و لە سنووری تـایبەتی خۆیدا، دەتوانێت هـەر خەیاڵێك و وەحییەك و دینێك و عیبادەتێك و هەرچی دەیەوێت، بۆخۆی هەبێت، بەڵام نابێت بە هیچ جۆرێك ئەوە بەسەر کەسی تردا بسـەپێنێت . ئەگەر هەوڵی سەپاندنی بدات، ئەوا دەبێتە دوژمنی پێشکەوتنی نـەتەوە و، کەواتە خاین بە نەتەوە و نیشتمان .

ئازادیی دەربڕینی بیروڕا، بیرکردنەوە بە دەنگی بەرز بۆ پێشکەوتن، بۆ بەراوردی فەلسەفەی ژیان، بـەراوردی رژێمانی سیاسی و ئەخلاقی و رووحی و، هـەڵبژاردنی سـەرکەوتووترینیان، بە نموونە نێوانی کیژ و لاوی کە لە رۆژئاوا هەیە، هەم مافی مرۆڤی خـەڵکی کـوردستانە و، هەم ئـەرکی سەرشانی خەباتکارانی . حەقمەن خەباتی نەتەوەیی کورد بە بێ ئەو پێوانەیە دەبێتە قسەیەکی پووچی بێ ناوەرۆك .

( ١ )

دۆستێکی فەیسبووك، بەشی دووەمی نووسینی" ئاین و نێوانی جنسیی مرۆڤ"ی منی خوێندووەتەوە و، ئەم کاردانەوەیەی هەبووە ( بەڵام بە رێنووسی خۆی) : " پێم سەیرە کەسێکی وەك تۆ هێشتا باوەڕ بەو گاڵتەجاڕییەی نێو تەورات ئەکات لەکاتێکدا نووسینی دەستی چەند حاخامێکی جوولەکەیە" . من بەخۆم نەبوو، زۆر بەو قسە خۆشەی ئەو برایە پێکەنیم،کە خوانەکات- ئەوە بە هیچ جۆرێك بە تێپەڕاندنی سنووری رێز نەبوو، هەر قسەکەیم پێ سەیر بوو، کە ئەو برایە ئەوەندە لە دنیای زانستی مێژوو دوورە .

هەموو کتێبێك لە دنیادا هەر نووسینی دەستی مرۆڤە . هێندێك دەڵێن کە پێغەمبەرەکەیان لە وەحیی وەرگرتووە و بەوانی گوتووە بینووسنەوە و، هێندێکیش دەڵێن ئەوە بەرهەمی خۆمانە ... ئیدی . ئەوجا کتێب، لە هەردوو حاڵەتدا، دەکرێت، بە پێوانەی زانستی، شتی بەکەڵکی تێدا بێت، دەکرێت شتی بێ کەڵکی تێدا بێت و، کەواتە دەشکرێت لە هەرتکی تێدا بن .

پیاوێکی ئەڵمانی سەدەی نۆزدە" شلیمان"، حەزی لە فێربوونی زمانان دەکرد، زمانی شازدەهەمی کە فێری- بوو، یونانیی کۆن بوو . ئیتر کەوتە خوێندنەوەی چیرۆکی ئەو هەمووە ئەفسانانەی یونان و، دوای خوێندنەوەی هۆمێرۆس،کرێکارانێکی بردە سەر زەوییەك لە تورکیای عوسمانی و گوتی :" ئێرە بکۆڵن". کۆڵییان و، شارێکی کۆنی یونانی دۆزییەوە، شاری " ترۆی"، کە ئێستا ساڵانە پارەیەکی باشی سیاحەتگەران بۆ ئابووریی دەوڵەتی تورکیا دەهێنێت . زەلامێکی تر،" لایارد"ی ئینگلیس، هەمان سەدەی نۆزدە، دوای خوێندنەوەی کتێبی ئاینیی جوو، چووە مووسڵ و، زۆر شتی لە نەینەوا دیتنەوە کە پێشتر هەر لەو کتێبەی جووەکاندا باسیان هەبوو .

ئێمە ئێستا دەزانین کە پێش پێنج هەزار ساڵێك، قەومە سامییەکان پێیان وابووە سێ دەستە قەوم ( خێزانی نەژادی) لە دنیا هەبوون : سامییەکان و حامییەکان (ی میسر و ... ئیدی) و یافیت ( هیندۆ- ئەورووپایی) . چۆن ئەوە دەزانین ؟ بەوە کە کتێبی ئەو حاخامانە دەڵێت : " نووح سێ کوڕی هەبوون : سام و حام و یافیت " و، ئێمە دەتوانین ئەو رەمزە بەو جۆرە وەربگێڕین و، ئێستاش ئەمەتا من وشەی سامییەکان بەکاردەهێنم .

ئەفسانە قسەی قۆڕ نیە . ئەفسانە رەمزە، ئەگەر تۆ لە رەمز نەگەیت و وەکوخۆی بە حەرفی وەربگریت،" ئەوسا" دەبێت بە قسەی قۆڕ، بەڵام ئیتر ئەوە خەتای ئەفسانەکە نیە، خەتای ئەوەیە کە تۆ زمانی رەمزی ئەفسانە نازانیت .

وەکو ئەوە کە " شێرکۆ بێکەس" دەڵێت " من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ"، ئەوجا ئەگەر تۆ بتوانیت رەمز تەرجومە بکەیت، ئەوا لە قسەکەی دەگەیت، یا- بەهەرحاڵ- پێت وا نابێت کە" شێرکۆ بێکەس" لە شێتخانە ئەو قسەیەی کردبێت، ئەینا - زۆر لەجێی خۆیدا- دەکرێت پێت قسەیەکی شێتێك بێت، چونکە تینوێتیی مرۆڤ بە گڕ ناشکێت، بە ئاو دەشکێت، بە شەربەت، بە چا، بە ماستاو ( کە لە زاخۆ پێیان دەگوت" چەقەڵماست") یا ... شتێکی وەها .

ئەگەر مرۆڤێك لە ئەستێرەیەکی ترەوە، بە کەشتییەکی ئاسمانیی لەوانەی ساینس فیکشن (خەیاڵی عیلمی) بگەڕێت و، کەشتییەکەی بە ناچاری دابەزێنێتە سەر زەوی، - بڵێین - بەنزینی تەواو بووبێت یا هەرچی، یا هەر دابەزێت تا- بڵێین - میزێك بکات . بیەوێت لە شەقامێك بپەڕێتەوە، چرای سوور ببینێت، دەکرێت نەتوانێت ئەو رەمزە تێبگات، نەزانێت کە هەڵبوونی ئەو چرا سوورە لەسەر شەقامەکانی ئەستێرەی ئێمە واتا " ئێستا نابێت بپەڕیتەوە، چونکە نۆرەی تۆ نیە کە بپەڕیتەوە، دەبێت چاوەڕێ بکەیت تاکو چرای سەوز هەڵدەبێت، ئەوسا بپەڕەوە". حەقەن دەکرێت ئەم زمانەی زۆر پێ سەیر بێت،کە لەجیاتی دەنگ، لەجیاتی ئەو هەمووە چیرۆکە، هەر چرایەك هەڵدەبێت و هیچی تر و، مرۆڤێکی ئەم ئەستێرەیە بەخێرا خۆی ئاوا بۆی وەردەگێڕێت تا نەچێت و بکەوێتە ژێر ئۆتومبیلەوە ... دەشکرێت ئێمەی پێ وەکو حاخامەکانی جوو خەرەفاو بێت، چونکە توخوا ئەوەش بوو بە زمان کە لەجیاتی ئەو هەمووە چیرۆکە هەر چرایەکی سوور هەڵکەیت ؟!

مارکس و ئێنگڵس کەڵکیان لە ئەفسانە وەرگرتووە و لە زۆر شوێن بە بەڵگەیان هێناونەوە و، بەتایبەتی زۆر بەلای ئەفسانەی یوناندا چوون . وەك کە منیش باسی" زێوس" و"هێرا"ی خوشکی و، باسی حەزرەتی لووت و کچەکانی عیبرانییەکانیشم بۆ روونکردنەوەی قسەکانی " مۆرگەن"ی کتێبەکەی ئێنگڵس بە بەڵگە هێناونەوە .
( رەمزەکانی پیتی نووسین و ماتماتیك و زانستەکانی تریش، کە ژیان بە بێ ئەوانە ناڕوات، لەولا بوەستن ... کە ئەوانە هی لقێکی تری سامانی دنیای رەمزن) .

ئەوەندەی ئێمە بۆ زانستی مێژوو لە رەمزەکانی ئەفسانە فێربووین، ئێجگار زۆر لەوە پترە کە لە رێگای ترەوە فێریبووین . ئەوەش کە هێشتا ماوە لە ئەفسانەکانی فێرببین، هێشتا ئێجگار زۆرە . خۆ ئەگەر قەت بتوانین قاموسێك بۆ هەموو رەمزەکانی هەموو ئەفسانەکانی جیهان دابنێین، ئەوا ئەوە مەگەر هەر مرۆڤی زۆر دەوڵەمەند بۆیان بکڕدرێت، چونکە ئێجگار زۆر بەرگان پێکدەهێنێت .

بەڵام دیارە هەموو کەسێك ناتوانێت وەکو شلیمان شوێنی شاران، لە شیعری هۆمێرۆسی باسی خودایان و نیوە-

خودایان، لە ژێر زەویدا بدۆزێتەوە .

( ٢ )

## چیرۆکی مووسا

کەسێك، لە کتێبی ئـاینیی جـوودا دەخوێنێتەوە کە مووسا لە میسرەوە بەرەو ئیسرائیل دەرچووە ( لە قورئانیشدا دەیبینێت) . ئیتر لەبەرخۆیەوە دەڵێت : کەواتە خەڵکێکی عیبرانی لە میسرهەبوون ؟ ئێ ؟ کەی و چۆن کەوتوو-نەتە ئەوێ ؟ راکردنی مووسای چی ؟ مووسـا کێ بووە ؟ ئەم قسە سەیرەی بڕینی رێگای ئاو بە دارلێدان و ... بەڕاست ئەمە چیە ؟ دەچێت دوای دەکەوێت، رەمزەکان دەبینێتەوە، دەردەکەوێت کە :

" « یـوسـف » رەمزی عەشـیرەتێکی کۆچەری تـاڵانکەری عیبرانییە، کە پـەلاماری میسریان داوە و، خۆیان بە سەر بـەشێکی گرنگیدا سـەپاندووە و، خـەڵکەکەیان بۆخۆیان چەوسـاندووەتەوە، بـاشترین زەوییەکانیان بۆخۆیان رەنێوهێناون و ... ئیدی . میسری فیرعەونی، دوای ماوەیەك خۆی دەگرێتەوە و، ئەو تـاڵانکەرانە دەشـکێنێت و، ئەمجارە ئەو، ئەم عیبرانییانە دەکات بە کۆیلەی خۆی و، بە سـەد قات تۆڵەیان لێ دەکاتەوە . عیبرانی، دوای دەوری سەدەو نیوێك مانەوەیان لەو وڵاتە، بە پێنج هەزار کەسێك و ماڵاتەوە، دەردەچن . بەڵام بەکوێدا ؟ رێگای پەنا دەریاچەکانی رۆژهەڵاتی دەریای سوور دەگرن، لەوێ تا هەشتا کیلۆمیترێك دەستیان بە سـەرچاوەی ئاوی خواردنەوە دەگات و، پەڕینەوە لە دەریاچەکان، ئەگەرکەسانێك- بڵێین- وەکو قاچاخچییەکان،پسپۆڕی ئەو رێگایانە بن، ئەوا جەندرمەی حکومەت بەزەحمەت دەتوانن لەوێ بیانگرنەوە . یەکێك لە شتە زۆر گرنگەکان بۆ قاچاخچییەکان ئەوە بووە کە کاتی هەڵکشان و داکشانی ئاوی دەریاچەکانیان زانیوە . عیبرانی، لەکاتی داکشـانی ئـاودا دەپەڕنەوە سینا . فیرعەون کە بە راکردنی ئەوانە دەزانێت، فەرمان دەدات بە ئەفسەرێکی کە : هەی سەگی سەگباب! ئەوانە چۆن دەرچوون ؟ هەر ئێستا دەبێت بچیت بیانگریتەوە و بیانهێنیتە بەردەمم . ئەفسەری بەدبەخت بە پەلەپەل وهەلەهەل، وەدوویان دەکەوێت . کە دەگاتە ئەو دەریاچانە، سەبری ئەوەی نـابێت جارێ پرسیارێکی باری هاتوچۆی ئەو ناوچانە لە شارەزایانێك و قاچاخچییانێك ... ئیدی بکات، پەلەیەتی نەوەکا عیبرانییەکان لەدەست دەربچن و، ئەوسا وای بە حاڵی بەدەست فیرعەونەوە . مل لێ دەنێت و،کە لە ناوەندی ئـاودا دەبێت، ئاو هـەڵدەکشێت و، خۆی و سـەربازەکانی دەخنکێن .

عیبرانییەکان، کە دەبیسنەوە چی روویداوە، دەکەونە سەر ئارەقخواردنەوە و ناوقەدبادان و گۆرانی- گوتن. ژنێکیان بە ناوی «مریەم» خان، - تۆ بڵێ- وەك مریەم خانە گۆرانیبێژەکەی خۆمان، بە توانای شیعریی وەکو کاك شێرکۆ بێکەسمان، لە شیعر و ئاواز و گوتنی خۆی، گۆرانییەك بۆ ئەو بەدمەستانە دەڵێت کە سەمای لەسەر بکەن: «خودای ئێمە رێگای لە ناو جەرگەی ئاوەکە بۆ کردینەوە و، کاتێك سەربازانی فیرعەون وەدوومان کەوتن، ئاوەکەی لێ وێکهێنانەوە و خنکاندنی ... تلی للی لی و تەرەلە- للی... دە بخۆن سەربازانی فیرعەون دەی ...». ئیتر ماوەی پتر لە هەزار ساڵ، هەموو ساڵێك،- تۆ بڵێ- وەکو عاشوورای شیعەکان، ئەو رۆژە بە ئەو گۆرانییەی مریەم خانی عیبرانی بە ئاهەنگ و ئارەق- خواردنەوە و کەیف و هەرا یادکراوەتەوە. دوای هەزارو ئەوەندە ساڵ، کاتێك حاخامەکان بڕیاریان دا کتێبەکانیان بنووسنەوە، ئەو چیرۆکەشیان بەو جۆرە تۆمار کرد و، عارەبیش هەر لەوێی خوێندەوە و، چووە قورئانەوە و ... ئەوە چیرۆکەکەی."

وەرگێرانی رەمزی ئەو چیرۆکە لە چییەوە دەستی پێ کرد؟ ئا لەو زەلامەوە کە- بەقسەی ئەم دۆستە- گاڵتەجاڕیی ئەو حاخامانەی خوێندەوە. بەڵام ئەو زەلامە هەر بەوەندە واز ناهێنێت، زەلامی قیرسیچمە! تازە وەرگێرانی زمانی رەمزی لێ خۆش هات، زۆری پێ لە زمانەکەی خۆی خۆشتر بوو، ئیتر درێژەی پێدا: «مووسا» یانی چی؟ دەبینێت «س» و «ش» لە نووسینی ئارامی و عیبرانیدا هەر یەکە. هێندێك مالوومی جوو گوتوویانە: " ئێمە کە دەڵێین «مۆشێ»، لە «مۆشییەع»ی ئارامییە، واتا «رزگارکەر» (شێوەیەکی تری هەمان «یەسووع»ی کە مەسیحی کۆپییان کردووە و عارەب کردوویانە بە «عیسا» واتا «خوشتر»). بەڵام زەلام عەقلی نایگرێت، چونکە بەگوێرەی چیرۆکی ئەو حاخامانە، دەبێت مووسا لە ماڵی فیرعەون ناو نرابێت، کەواتە دەبێت ناوەکە فیرعەونی بێت، نەك ئارامی و نازانمچی. هەر واش دەرچوو: مووسا بە زمانی فیرعەونییەکان واتا «منداڵ». بەڵام ئاخر بۆ خاتری خودا، چۆن زەلامێك ناوی «منداڵ» بووە؟ بگەرێ ... بگەرێ ... دەبینێتەوە هەمان رووداو، هەمان تاس و حەمامی زۆر پێش باسی ئەو مووسایەش هەبووە: "سارگۆن"ی ئەکەدی، کە ساوابووە، دایکی خستوویەتە سەبەتەیەکەوە و بە ئاویدا داوە و، لە کۆشکی ماڵی پادشای دوژمن(ماڵی لوگال زاگگێسی لە کیش) گیرساوەتەوە و ... تۆمەز ئەوەش لای گۆرانیبێژانێکی وەکو مریەم خان و شاعیرانی وەکو کاك لەتیف هەڵمەت عادەت بووە، - بە زمانی فەرەنسی- «ژێنر"ێکی ئەدەبی بووە بۆ رەمزی رووداوانی سەرهەڵدانی سەرلەنوێی قەومێك کە ویستبێتی لە چنگی قەومێکی تر دەربچێت ... دەی دەی دەی ... زەلام دەچێتە لای حاخام و پێی-

دەڵێت : " وەرە، رزگارکەری چی و شتی چی ؟ مووسا واتا منداڵ . حاخام دەڵێت :" بەڵێ، دەکرێت قسەی تۆ بێت، حەقەن وەهایە، بەڵام چ فەرق دەکات ؟ هەمووی زمانی رەمزە، ئێمە حەز دەکەین ئەو رەمزە نەتەوایەتییەی خۆمان وا وەربگێڕین، تۆش وای وەربگێڕە، جەوهەری مەسەلە فەرق ناکات، زۆر چاك دەکرێت قەت کەسێك لە دنیادا بە ناوی مووسا نەبووبێت، بەڵام ئێمە « رەمز»ی مووسایەکمان هەیە کە کۆڵەکەیەکی رووحی نەتەوایەتیی قەومی جوو و لە نەتیجەدا دامەزرانی ئەم دەوڵەتەی ئیسرائیلە ."

## ( ٣ )

## سپینۆزا

مرۆڤی تۆژێنەر، دوای ئەوە کە - ئارسین لوپین ئاسا- سەری داوی چیرۆکی مووسای لە کتێبی ئاینیی جوو وەدە-ستکەوت و وەدوایکەوت، تا بەتەواوی چیرۆکە راستەقینەکە گەیشت و، زانی کە ئەوە گـۆرانیی مریەم خانمێك بووە و،لەدواییدا بەهۆی زۆر شتەوە وای لێ بەسەرهاتووە؛ ئەوجا دەیەوێت پتری وردبکاتەوە، بزانێت ئەو دار لە ئاو دان و کردنی بە خاك و، ئەو هەمووە موعجیزانەی تری ئەم پێغەمبەرە و ئەم هـەمووە پێغەمبەرانەی تر چین ؟ مرۆڤێکی خۆم و خۆت ئاسا، بە دوو دەست و دوولاق و نازانمچی، بە دار لێدانێك ئاو بکات بە خاك ؟ ئەمەیان چیە ؟ ئەو پرسیارە، سەدەی حەڤدە،" سپینۆزا" ناوێکی جووی‌هۆڵەندیی بەئەسڵ پۆرتوگالیی بەخۆیەوە خەریك کردووە . سپینۆزا، کە تاسەر زۆر بـڕوای بە خـودا هـەبووە ( ساڵی ١٦٧٧ لە تەمەنی ٤٤ ساڵ و شتێکدا کۆچی دوایی کردووە)، سـەرنجی گەردوونی داوە، دیتوویە : گەردوون بە زنجیرە قانوونانێك هەڵدەسووڕێت کە مرۆڤ ناوی ناون : فیزیا، کیمیا، زیندەوەرناسی، فەلەك و ... زۆر و زۆری تر . کەواتە : قانوونەکانی تەبیعەت و خودا، نـاکرێت لێك جیابکرێنەوە . بڵێین، من کە مەنجەڵێك ئـاو لەسەر ئاگر دابنێم، نـاکرێت ئاوەکەی تێدا، بەو ئاگرە بیبەستێت، نا؛ ئاو بە کوڵینی بەردەوام، بەردەوام دەبێت بە هەڵم ." خودا و تەبیعەت " " یـەکە"یەکی لێك جیا-نەکرانەوەیە . ئەوە قانوونی خودایە . ئەگەر من یا مووسا یا هەرکەسێك لە دنیادا دار لە ئاو بدات، بەگوێرەی ئەو یەکە پیرۆزە، بە قانوونی تەبیعەتی خودا، یەك نەتیجەی دەبێت : دارەکە تەڕ دەبێت و ... تەواو .

ئەی کەواتە ئەو موعجیزەیەی کە رێگایەکی وشکانی بە لێدانی داردەستی مووسا لە ئاودا کرابێتەوە، دەبێت چی پێ بڵێین ؟ وەڵامەکە زۆر هاسانە : کفری بێ ئەخلاقیکی کافر! کە ئەو داردەستەی خۆی پێ لە سەرووی ئەو قانوونایە کە تەبیعەتی خودای، بەگوێرەی قانوونی خودای پێ هەڵدەسووڕێت . هەر شتێك لە گەردووندا، ئـەگەر

وەبەر مەنتیقی عەقڵ نەکەوێت، پێچەوانەی زانست بێت، ئەوە کفری کافرانی لەعینە، کە هیچ شـەرمێك لە خودا نـاکەن . سپینۆزا، بەگوێرەی عـادەتی فەیلەسووفانی ئـەوسـا، بە لاتینی نـووسیوە ( " دیـن و دەوڵـەت ـ نامە" و " ئەخلاق" و وادەزانم دوای مردنی، نووسینێکی بە هۆڵەندیش دۆزراوەتەوە .

پیاوانی ئـاینیی جوو، بۆ فریاکەوتنی خۆیان، سپینۆزایان بە کـافر راگـەیاند و، پـاکانەیان لێ کرد ( تـەنانەت خوشکەکەی و باوکی خۆی لەدژی وەستان) و، زۆر هەژارانە ژیا، سـەیر نیە لەبرسان مردبێت . من کە یەکەمجار دەقـی حـوکمی بە کافر راگەیاندنیم خوێندەوە، بەخۆم نـەبوو، لەداخانا زۆر پێکەنیم، کە لە دوا دێـڕەکاندا دیتم نـووسراوە : نـابێت لە سێ گەز لێی نیزیکتر ببنەوە! ... تۆمەز ئەوانەش وەکو کاهینە ئیسلامییەکانی ئێمە بوون، ئاخر باشە ئەی ئەگەر بە کۆڵانێکی زۆر تەسکدا رۆیشت، ئەوسا چی ؟ خۆ " ئەو" ئەوسا لە سێ گەز لە جووەکانی خزمی نیزیکتر دەبێتەوە، ئێ چی دەکەن - سپینۆزا گوتەنی - هەی کافرینە ؟

سپینۆزا ئێستا لە هۆڵەندا پەیکەری بۆ دروست کراوە و شوێنی گشتی بەناوی کراون، شەقام و خوێندگە و ... ئیدی و، پیاوانێکی ئـاینییش هەن، مەسیحی و جوو کە ئەوپەڕی رێزیان لە خزمەتیدا هەیە . بـەڵام بێینەوە سەر باسەکەمان : ئەو کافرانە بۆچی ئەو کفرانە دەکەن و باسی موعجیزەی مووسا و عیسا و محەمەد و فلان و فیسارمان بۆ دەکەن ؟ بۆچی قسەی هەلەق مەلەق بەناوی موعجیزە بە خەڵك دەفرۆشن ؟ وەڵام : تاکو خەڵك لە عەقڵ دووربخەنەوە، بە کەر بهێڵنەوە و، سواری سەریان ببن و، بۆخۆیان دابدۆشن . ئایا ئەوانە دەیانەوێت خودا تـاڵان بکەن ؟ بە جەردەیی، دەسەڵاتی لێ بستێنن و قـانوونەکانی لێ بگۆڕن و، قـانوونەکانی خۆیان لەجیاتی ئەوانەی ئەو دابنێن ؟ بڵێین : کە دار لە ئاو بدەن، لە جیاتی هەر تەڕبوونی دارەکە و هیچی تر ( قـانوونی خودا)، ئاوەکەی پێ بکەن بە خـاك ( قـانوونی خۆیان ) ؟ بـەڵام مەگەر قەت کەس توانیویە ئاوا بە خودا بوێرێت و بۆڕی بدات ؟ وەڵامی سپینۆزا ئەوەیە کە: نا، ئەو کاهینە کافرانە لەوە توڕەهاتترن کە قەت شتیوەهایان لەدەست بێت . سپینۆزا پرسیاری ئەوە دەکات کە مەگەر ئینجیل تەواوکەری تەورات نیە ؟ ئەدی بۆچی کاهینانیان بەگژ یەکتردا چوون و ئەو هـەمووە کارەسـاتانەیان ناوەتەوە ؟ ئەوە جگە لە گەندەڵیی کـاهینانێکی بێ باك بە ئەخلاق، مەگەر دەکرێت چیی تری پێ بگوترێت ؟ کەواتە، بەگوێرەی ئەم کاك " سپینۆزا"یەی کە ئەوپەڕی بڕوای بە خودا هەبووە، رەنگە بکرێت بڵێین : موعجیزەکانی پێغەمبەرانیش رەمزن، رەمزی بێئەخلاقیی کاهینانی گەندەڵی کافر! .

( ٤ )

## ئەنجامگیری و دوا قسە

فەرهەنگی مرۆڤ پڕە لە رەمز. زۆر لەو رەمزانە لە نەریت و ئـاین و ئەدەبیاتدا هەن. ئەو ئاینانەی کە رۆژگاریان بەسەردەچێت، ئیتر خەڵك ناویان دەنێن" ئەفسانە"، بـەڵام چیرۆکی ئەوانەی کە هێشتا رۆژگاریان بەسەرنەچووە، هەر بۆ بێبڕوا بەوانە ئـەفسانەن و، لای ئەوانەی بڕوایان پێیانهەیە پێیان دەگوترێت کتێبی پیرۆزی ئاین، قسەی خودا ... یا شتی تری بەو مانایە. توانای ساغکردنەوەی مانای ئەفسانە، دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاریی مرۆڤ. هـەر شـوێنپێهەڵگرتنی ئـەتیمۆلۆجیی وشـەیەك تێدا، دەکرێت هێندێك گرێمان بۆ بکاتەوە ( مووسـا، شاررووم کین - سارگۆن ...).

مرۆڤی ئـاینی و کـاهین دوو شتی جیاوازن، لەبەرانبەر هەر یـەك کەسی ئایندا، یـەك لەشکری کاهینان هەن. ڤۆلتێر، کاتێك دۆستانی پێیان وابوو لە سەرەمەرگدا بوو، کەشەیەکیان نارده لای، ڤۆلتێر لە کەشەکەی پرسی: کـێ تـۆی ناردووە ؟ کەشە گوتی: خـودا ناردوومی. ڤۆلتێر گوتی: کوا نامەکەیت پێیە ؟ ( ئەو نامەیەی کە سـەفیران پێیانە،" أوراق إعتماد")، ئیتر کەشە رۆیشت. ڤۆلتێر بە یارمەتیدەرەکەی خۆی گوت: " بنووسـە: من لە حاڵێکدا دەمرم کە خودا دەپەرستم، دۆستانی خۆم خۆش دەوێن و، رقم لە دوژمنانیشم نیە و، ئێجگار زۆر رقم لە خەرافاتە. ئیمزا: ڤۆلتێر ٢٨ی فیوریە/ شوباتی ١٧٧٨". ڤۆلتێر، سێ مانگێك دوای ئەوە (٣٠/٥) مرد و، کاتۆلیك رێگایان نەدەدا بنێژرێت، بە فێڵ و تەڵەکە گەیەندرا گۆڕستان.

کاهینان، رەمزە جوانەکانی ئـەدەبیاتی ئـاین و ئـەفسانە لە حەقیقەتیان دوور دەخەنەوە، وا لە خەڵك دەکەن کە خودی رەمزەکان " بە رووتی" و " سەربەخۆ لە پێوەندی" بپەرستن و، ئەوسا دەبن بە " خەرافات". بەنموونە:

ـ سەردەمێك لە قەراغی شاری ئورشەلیم (قودس)، دۆڵێك هەبووە پێیان گوتووە " گی هانوم" ( بە عیبری واتا دۆڵی هانوم، هانوم ناوی خانمێك بووە). سەردەمێك وای لێ هاتووە زبڵی ماڵان براوەتە ئەوێ و لەوێ فڕێدراوە و سـووتێنراوە، ئیتر هەمیشە لە شوێنێکەوە ئاگر یا دووکەڵی لێ بووە. خەڵکی ئورشەلیم، لە بەلەعنەتکردنی کەسێکدا گوتوویانە: وەڵڵا ئەوە هەر بۆ گی‌هانوم باشە!. ئێستاش کە ئێستایە لە عیبریدا پێی‌دەڵێن" گی‌هۆنیم" و عارەب لای خۆیانەوە کردوویانە بە " جهنم" ( جەهەننەم). ئەوە زاراوەیەکی بەتەواوی مەجازییە.

ـ جەنەت واتا باخچە. فیردەوس ( لە " پەردیس"ی میدیایی) واتا باخی بە پەرژین. هەمووی بە مەجاز.

ـ " الصراط المستقيم" واتا " ڕێگای ڕاست"، بە مەجاز واتا کردار و ڕەوشتی چاك، کاهینان کردوویانە بە پردێکی لە موو باریکتر و لە ئەڵماس تیژتر کە مرۆڤی بەسەردا بڕۆن . کاهینان لە کوردستان کەسانێکیان وا لێ کردوون کە پێیان وابێت شێخەکەیان ڕۆژی قیامەت دەیانخاتە گیرفانی خۆیەوە و بەسەر ئەو پردەی لە موو باریکتر و لە ئەڵماس تیژترەیاندا دەپەڕێنێتەوە بۆ بەهەشت .

ـ " گایا" لە ئەفسانەی یوناندا ( کە تەبیعی لەسەردەمی خۆیدا ئاین بووە، بەڵام ئێستا ئاینەکە بەسەرچووە، لەبەرئەوە پێی‌دەڵێین ئەفسانە)، بریتی بووە لە ناوی " زەوی" . گوتوویانە : ژیانی مرۆڤ لەسەر گایا و ئاوە . کاهینان کردوویانە بە : زەوی لەسەر شاخی گایە و، گایەکە لەسەر پشتی نازانمچی و ... کە مێشێك دەچێتە گوێچکەی گایەکەوە، گا سەری ڕادەوەشێنێت و بوومەلەرزە ڕوودەدات ... ئەو خەرافاتە .

لە پیشەی " کاهینی"دا، ڕەمز ئەسڵ دەخوات، سەدهەزار فیشەك بە ئەسڵی ڕەمزی مەجازیی ئەدەبیاتی ئاینەکەوە دەنێت و ئاداری بەسەر پادارییەوە ناهێڵێت .

" ركوع" و " سجود"ی نوێژ، کە ژێردەستەکانی پادشایانی فارس بۆ پادشایان کردووە، نیشانەی ملکەچیی کۆیلەیی و، لە ڕێگای تابیعانێکەوە ( مەلیکەکانی" المناذرە"ی" حیرە"وە) گەیاندووەتە عارەبستان و، دوایی کەوتووەتە نوێژی ئیسلامەوە ( کە ئیسلام خودای بە پادشا دادەنێت و کاربەدەستەکان بە جەندرمە و جەللادەکانی خودا و ئەوانە هەرکەسێکیان بە دڵ نەبێت بە قانوونی" محاربە با خودا" سزای دەدەن و زۆرتریش حەز لە سەربڕین دەکەن، چونکە دەڵێن لەسەردەمی پێغەمبەری ئیسلام وابووە) ... یا ڕۆژووگرتن،هەموو ئیترهەر بریتین لە عادەت و، هیچ کارێك بۆ هیچ مەبەستێکی تیۆریی ئاین ناکەن، ڕووتێنراونەوە، پووچ کراونەوە، هەر خۆیان لەخۆیاندا کراون بە مەوزووع، نەك هیچ هۆیەك بۆ هیچ کوێ، جگە لە خزمەتی چینی‌کاهینان و ئەو حاکمانەی تری هاو-بەرژەوەندی کاهینان، کە بۆ دادۆشینی جەماوەری سادە بۆ خۆیانی بەکاردەهێنن .

کاهینانی‌ئیسلامی کە ئیدیالی‌خۆیان لە گەڕانەوە بۆ پێش هەزارو چوارسەدو ئەوەندە ساڵی‌عارەبستاندا دەبینن، بەتەبیعەتی حاڵ،بەهەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەن کە ئێمە نەتوانین وەرگێڕانی زانستیی ڕەمزەکان وەدەستبهێنین . بەڵام ئێمەش لەو بەربەرەکانییەی نێوان زانست و خەرافاتی کاهیناندا، نابێت لە خەباتی وەرگێڕانی ڕاستەقینەی ئەو ڕەمزانە دریغی بکەین .

ئەورووپاش سەردەمێك وەکو ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە، بەڵام ڕۆشنبیرانیان لە کاهینانیان ڕاپەڕیون و، قوربانییان داوە و کاریان کردووە . من لە هۆڵەندا چوومە سەر قەپانی تاقیکردنەوە، تا بزانن ئایا جادووگەرم

تا بمسووتێنن، یا دیپلۆمێکم بدەنێ ( کە جادووگەر نیم) . ئەو قەپانە لە شارۆچکەی "ئاودە ڤاتەر"ی هۆڵەندییە . بەتایبەتی لە سەدەی شازدەوە لە ئەورووپا زۆر بەناوبانگ بووە . بازرگانی زیرەکی هۆڵەندی پارەیان بەو کارە پەیداکردووە و، ئێستا پتری پێ پەیدا دەکەن . شوێنی قەپانەکە، لە پەنا کلیسایەك، ئێستا موزەیەکە، دەچیت دەتخەنە سەر قەپان و، دیپلۆمێکت دەدەنێ و پارەیەکت لێ دەستێنن . ئەو شارۆچکە زۆر جوان و خنجیلانەیە، ئێستا ساڵانە" فستیواڵی جادووگەران" یکی زۆر خۆش بۆ سیاحەتگەران رێك دەخات و، داهاتێکی باشی لێ وەدەست دەکەوێت .

کەواتە، دیسان :

مانالێدانەوەی رەمزەکان سامانێکی گەورەی فەرهەنگی مرۆڤە و زۆری لێ فێردەبین . زۆر لەو رەمزانەش هی دەوڵەمەندیی تیۆریی ئاینن، بەڵام کاهینان بۆ کەرکردن و دادۆشینی خەڵکی ساویلکە، دەیانکەن بە خەرافات . ئەگەر مرۆڤی ئاینی، هەر خۆی بۆخۆی، بڕوای بە خەرافاتێك هەبێت و پەلاماری ئەو خەڵکەی تر نەدات کە دەیانە- وێت مانای راستەقینەی رەمزەکان بزانن، من کێشەیەکم لەگەڵیدا نیە . تۆ با بۆخۆت پێت وابێت کە هەنار میوە نیە، چونکە وەك شادڕەوان حەسەنی قزڵجی دەیگوت : " کوڕە خۆ عارەب نەیانزانیوە کە هەنار میوەیە، ئەوەتا قورئان دەڵێت" فاکهة و رمان"( میوە و هەنار)، بەڵام هێرش مەکە سەر قزڵجی چونکە قسەیەکی مەنتیقیی خۆی کردووە . هەرکەسە بە رێگای خۆیدا . ئەینا کە تۆ سەرنجی خەرافاتیی کاهینانم بەسەردا بسەپێنێت، بڵێیت یا دەبێت وەکو خەڵکی مووسڵی ژێردەستەی داعیش ملی بۆ کەچ بکەم و مافی قسەکردنم تێدا نەبێت یا بە کافرم رابگەیەنیت و داوای سەربڕینم بکەیت ... نا، من کوردستانم بۆ کۆیلەیی سەدەکانی ناوەندی ناوێت . دەمەوێت کۆمەڵگای پێشکەوتن و ژیاری بۆخۆم و بۆ جیهان بینابکەم . لەبەرئەوە دەبێت لە ئێستاوە رێگامان لێ روون بن : ئەگەر کاهینان دەست لە کاروباری زانست وەربدەن، دەبێت - بە زاراوەی مەجاز- دەستیان هەر لە شانەوە ببڕین . ئەینا خەباتی نەتەوەیی کورد بە بێ زانست، قسەیەکی پووچی بێ ناوەڕۆکە .

# تەریقەی قادری و نەقشبەندی

## بەبای دا رەونەق و ئاهەنگی کوردی

( ١ )

بەشێك لە زیندەوەران : حەیوان، چەند سنفیان هەن، یەکێك لەوانە بریتیە لە" مرۆڤ". غەریزەی حەیوانی تر زۆر کەم و سست پەرە دەستێنێت . پەرەسەندنی مرۆڤ، بەهۆی دەوری زمان و، شێوەی فیزیکیی بۆ کار، لە هەموو بارێکدا ، زۆر لەوەی حەیوانەکانی تر خێراتر دەڕوات، بەڵام دیسان، مرۆڤ حەیوانە و بەشی هەرە زۆری کرداری، هێشتا فڕی بەسەر عەقڵ و مەنتیقی عەقڵیی فەرهەنگەوە نیە . فەرهەنگ خۆی کانالیزەکردنی غەریزەکانییەتی تاکو بەرەو بوونە حەیوانێکی باشتر تەکان بدات . مرۆڤ هێشتا لە یەکەم ملیۆن ساڵی وەحشیگەریدایە و نازانین تا یەك ملیۆن ساڵی تر چیی بەسەر دێت، ئایا کۆتایی بە خۆی و ژیانی سەر ئەستێرەی زەوی دەهێنێت ؟ یا لە بازنەی دەردی سایکۆلۆجیی وەحشیگەری و خەرافاتی کە ئێستا تێدایە دەردەچێت و شتێکی تری باشتری لێ پەیدا دەبێت ؟

مرۆڤ، ئەگەر بە" هەموو زانست" بگەیشتایە، ئەوا هیچ کێشەیەکی غەریزەی نەدەبوو، ئەی کە هەموو زانستی نیە چی بکات ؟ ئەوەی بۆی دەکرێت ئەوەیە کە هەوڵ بدات غەریزەکانی، یا- بە وشەی تر - نەزانییەکەی بەشێوە-یەك کانالیزە بکات، کە ژیانی " بەکۆمەڵ"ی لەسەر زەوی گونجاوتر بکات، - بڵێین- لەوەی چەقەڵ و گورگ و فیل و سەگ و ... ئیدیی پتر بگونجێنێت و، تاکو رێگای گەیشتنە"هەموو زانست" لە خۆی نەگرێت و، لەدواییدا بتوانێت لە وەحشیگەریی دەربچێت . مرۆڤ، بە کردار خۆی دیتووە کە حەیوانێکی وەحشییە و تەڵپاتی تەڕ لە ئەسڵ و فەسڵ و داهاتووی خۆی نازانێت و، بۆ ئەوە، پێویستی بە میکانیزمێکی غەیرە زانست هەیە ـ چونکە زانستی نیە . ئیتر لێرەدا بە داهێنانی وەرزش، مووسیقا و جۆرەها هونەری تر، لەوانە : ئایین، سەرگەرم بووە . وەهەم و خەرافات باڵی بە مرۆڤ گرتووە تاکو بفڕێت و تێکەڵ بە شتانێك ببێت کە خەیاڵەکەی دروستیان کردووە و سەبووریی بداتێ .

تەریقەتەکان، کە دوو لەوانە لە کوردستان هەن : قادری و نەقشبەندی، نموونەی زۆر چاك، ئیدیاڵی سەلماندنی ئەم قسانەی منن . سەیری ئەم دیمەنە بکە ( لە کتێبی " ئاغا و شێخ و دەوڵەت"ی فان بروونەسن) :

" « مەجلیس» دەبوو دوای نوێژی مەغریب دەست پێ بکات، دەروێش بەدوا یەکدا وەژوورکەوتن (..)

ئەوەی دەهاتە ژوورەوە" سەلام عەلەیکوم" ێکی لە حازران دەکرد و راست بەرەو میحراب دەچوو، میحراب و ئالای سەوزی ماچ دەکرد ( و دوای ئەوە کەللەیەکی لەسەرەخۆی بە ڕێزی بە ناوچەوانی دەگەیاندێ) . وادەبوو لە خواری وێنەکانی پێغەمبەر(!) و شێخانیش دیواریان ماچ دەکرد (..) ئالقەیەکیان - هەرچۆنێ ڕێککەوت - سازدا ( ..) خەلیفە مەجلیسی بە دوعایەکی کورت ( بە عارەبی) کردەوە : (..) بۆ پێغەمبەر و ئۆمەتی و بۆ سەحابە و ئەولیای ئەووەڵی (..) جا درێژەی دایێ : دوعا بۆ غەوسیئەعزەم و تێکڕای هەرچی سیلسیلەی تەریقەتی قادری و نەقشبەندی و سوهرەوەردی و کوبرەوی و چیستی بوو . لەوبەینەشدا، ناوبەناو دەوەستا تا خەڵکەکە لەبەرەخۆ ( بە پستە پست) دوعای خۆیان بکەن ( بەڵام ئەویش هەر شکڵێك بوو) . دوای ئەم ئەدعیەیە، دەروێش ملیان لە« زیکر» نا، ئەمەیان دەگوت :

یا هوو، یا هوو، یا مەن هوو، یا مەن لەیسە ئیللا هوو

یا ئەڵڵاهـ ، دایم ئەڵڵاهـ

یا ئەڵڵاهـ ، مەولام ئەڵڵاهـ

ئەوەیان بە دەنگێکی بەرز دەگوت،کە دەروێشێکی کوێر بە دەنگێکی خۆش و بەخۆوە رابەریی دەکردن و پێیی دەگوتن کام دوعا بە زیکر بڵێن و چەند جار بڵێنەوە (..) تەسبیحێکی درێژی پێ بوو، زیکری دەژمارد ( دەوری دە زیکرێکی جیاواز، زۆربەیان حەوت جار دەگوتران . (..) دوای ئەوە هاتە سەر سیلسیلەی عەبدولکەریمی کربچنە ( ..)، پاش ئەوە دیسان ملیان لە زیکرێکی تر نا ( بە ناوی" زیکری حەق") : دەروێش شەهادەتیان دەگوت :" لا ئیلاهە ئیللەڵڵاهـ "، بەڵام چەند سەد جار، ئەم جارە بەپێوە بوون و، لە ناوقەدبەرەژووریان بە هەوایەکی تایبەتی لەگەڵ شەهادەتدا با دەدا ( لەگەڵ " لا ئیلاهە"دا بەلای چەپدا دەهاتنەوە و لەگەڵ " ئیللەڵڵاهـ" دا بەلای راستدا ) .

بۆ مـن،قسەکان هەرتەنیا ئەوەبوون کە دە خەوم بخەون ( تەئسیری هیپنۆتی) . دەبێ بۆ ئەوانەی بەشداری زیکرەکە، بەو هەناسەدانە بەپەلە و لەسەریەکە و بەو هەوا و ئاهەنگە تایبەتییە و بەو حەرەکاتەی سەر و بەشی سەرووی لەش لەگەڵدا، تەئسیری زۆر پتر کردبێ . لە " لا ئیلاهە ئیللەڵڵاهـ" ـەوە چوونە سەر هەوایەکی کورتتر : " ئەڵڵاهـ، ئەڵڵاهـ، ئەڵڵاهـ...". دەف هاتە پاڵ، حەرەکاتی لەش تادەهات بە توندی و وەحشەتی پتری دەگەیشت . ئیتر دەروێش بە دوای دەروێشدا مێزەریان لێ کردەوە و پرچی درێژیان

پەرێشان کرد( دەروێشی قادری زۆرتر وایە پرچ دەهێڵنەوە، دەیبەستن و وەبن مێزەری دەدەن، بەڵام لە زیکردا بەرەڵای دەکەن، ئیتر ئەو دیمەنەی کە بە بێ ئەوە دنیایەك تەفسیر لە مرۆڤ دەکا ئەوەشی دێتە سەر و، ئەوەندەی تر سامناك دەبێ) . ئێستا هێندێکیان لەحاڵدا بوون ( یا بە ساختە وایان پیشان دەدا) و لەو زیکرەدا زریکەی بەسامیان لێ هەڵدەستا . دوای چەند سەد جار" ئەڵڵاهـ. ئەڵڵاهـ "یش، ئیتر شت خوێندن تەواو بوون . توندی و وەحشەتی حەرەکاتی دەروێشان تەنانەت پتر بوو . لەپر، یەکێك هەڵبەزییەوە، پری دا زەرگێك ( دەوری ٤٠ سەنتیمیترێك درێژ و پێنج میلیمیترێك ئەستوور، دەسکی دار و، زنجیری کورتی مەعدەنی وێ‌خرابوون)، بە دەنگی بەرز هاواری کرد، سوورێکی بە خانەقادا پێدا، زەرگی بەرزکردبۆوە وەك بیەوێ سەرنجی بۆ رابکێشێ . هەرچەندە لەوەشی دەکرد لە حاڵدا بێ، بەڵام دیسا هەر دەیویست دڵنیابێت لەوە کە خەلیفە و منی بێگانە چاك چاومان لێیەتی . دوای ئەوە هات و لەبەردەمی من چۆکی دادا، دەمی داپچکراند و سەری تەواو کێشایە دواوە، سەرە تیژەکەی زەرگی دە بنی زمانی راکرد، بە قایم پاڵی پێوە نا، بە جۆرێك کە نووکی زەرگ لە ژێر چەناگەیەوە دەرچوو، هەستا و دەورێکی خانەقای دا، دوای پێنج دەقیقەیەك زەرگی هەڵکێشایەوە و، سەری پەنجەی گەورەی توند بەسەر برینەکەیدا هێنا، لە تاقە یەك قەترە خوێن پتری لێ نەهات . دوای چەند دەقیقەیەك، وێکڕا سەر و چا خورایەوە . دەروێشی تر لەوبەیندا، خۆیان لە ناوقەد بەرەژوور رووت کردەوە، زەرگی لە هەمان بابەتیان پێ بوو و، دە ئەملا و ئەولای خۆیان رادەکرد . دەروێشێك شیرێکی بەدەستەوە بوو و، بە دەمە تیژەکەی دەستی بە لێدانی سنگی خۆی کرد (..)

( ٢ )

ئەو پیاوانە بۆچی وادەکەن ؟

چونکە دەروێشی تەریقەتی قادرین .

تەریقەت ؟ تەریقەت چیە ؟

" طریقە" بە عارەبی ( لە طریق = رێگا) واتا : شێوە، رەوش، تەرزی کار؛ ئەوروپایی دەڵێن : مێتەد، مێتۆدە .

بەڵام لێرەدا زاراوەیە، زاراوەیەکی کاهینانی ئیسلامە،" تریمینگهەم" بەم جۆرە مانای لێ دەداتەوە :

" تەریقەت : تەرزە بیرکردنەوەیەك ... بۆ رێشاندانی ئەو کەسەی لە دوو ئەوەیە، کە بەهۆی تەرزە بیر و هەست و

کارێك، زنجیرە قۆناغێکی یەك لەدوا یەك ببڕێت و ... بگاتە حەقیقەتی پیرۆز . "

ئێ ؟ کە ئەو پیاوانە ئەو شێوە کارە دەکەن، بە زەرگ لە خۆ دەدەن و دەیکەنە زریکە و هەرا و ئـەڵڵاهـ ئـەڵڵاهـ، بەوە دەگەنە حەقیقەتی پیرۆز ؟ ئێ، ئەو حەقیقەتە پیرۆزە چیە ؟ کە ئەوان وا پێی دەگەن، بە ئێمەشی دەڵێن تا ئێمەش بزانین چیە ؟ نـا ، نـایڵێن، چونکە بۆخۆشیان نـازانن چیە، ئیتر چی بە ئێمە بڵێن ؟ حاڵەتی رووحی ( سایکۆلۆجی)یە، پێی دەڵێن " پێوەندیی دڵ" بە دنیای سـەرووی ئەم دنیایەوە، دنیای خوداوە . ئێمە ئەگەر ئەو زەرگانەی دەروێشـان لە خـۆمان بدەین، کارمان تێدەکەن، بـریندارمان دەکەن، خـوێنمان لێ دەهێنن . تـەنانەت بەوە کە ئەو زەرگانەی ئەو دەروێشانە هەمیشە پیسن، خوێنمان تووشی جۆرەها میکرۆب دەکەن، ژەهراویی‌دەکەن، بەڵام کار لە دەروێش ناکەن . دەبینیت لە هیندستانیش " فەقیر" لەسەر بزمار دەخەون، دەیان بزماری پیس، هەر یەکەی بە درێژایی قامکی زەلامێك دە پشتی رۆ دەچن . ئەوەی هیندستان بۆ ئەوەی دەکات کە روپیەیەکی پێ لە سیاحەتگەران وەدەست بهێنێت ( وەك سەماکردن بە مار و... هونەری تر)، ئەوەی دەروێشی کوردستان بۆ ئەوە کە لە رێگای کەرامەتی شێخییەوە کارێك بکات کە بە خەڵکی تر ناکرێت .

ئـەگەر شـێخێکی خوێندەواری لەبلەبانی دەروێشـانیش بدۆزینەوە، تا پێمان بڵێت ئەو دەروێشانە بـۆچی وا دەکەن، دەکرێت بڵێت :

" دەروێشیش - وەکو هەموو مرۆڤی تری دنیا- کە" زانست" ( بە مانای زانینی هەموو شت) ی نـەبێت، ( زۆر پرسیار لەبارەی ژیان وگەردوون هەن کە مرۆڤ وەڵامیان نازانێت)، پێویستیی بە تێکەڵبوون بە ئـارامییەکی دەرەوەی زانست هـەیـە ( خۆش ئارامی!)، تۆ بڵێ مەسـت بوون و خۆ شێت کردن، تا لە عەزابی تێنەگەیشتنی ئەم دنیایە دەرچێت . خۆ ئەویش هەر لە دنیا ناگات، وە نیە ؟ ئێ دە با مەست بێت و بچێتە حاڵەوە، زەرگ و تیر و شیر لە خۆی بدات و لە عەزابی نـەزانیی ئەم دنیای ماددەیەی کە وەڵامی پرسیارەکانی پێ نیە دەرچێت و، بە دڵ، نەك بە مێشك (ی کە وەڵامی پرسیارەکانی لا نیە)، لە خاوەنی وەڵامی هـەموو شتێك ( خودا) نیزیك ببێتەوە و، تـەنانەت لە ئـەوپەڕەکەیدا، لە سـالکیی ( بە رێـگاوەبوونی) ئەو رێـگایەدا، بگاتە مەقامی فەنا فیللا ( الفناء فی الله)، واتا بگاتە لای خـودا و تێکەڵی ببێت، تێدا بتوێتەوە و، وەکو مەنسووری حەللاج بڵێت " أنا الحق" ( بە عارەبی واتا من حەقم، سنوور لە نێوان حەق « خودا» و مندا نەماوە ."

ئەی ئەوەی ئەم بەزمەی بۆ گەیشتنە ئەم دۆخە رووحییە داهێناوە کێ بووە ؟ دەڵێن شێخ عەبدولقادری‌غەوسی

گەیلانی بووە، لەبەرئەوە پێی دەڵێن " قادری".

ئەوجا هەرکەسێك دەتوانێت وا بكات ؟ نا، مەگەر چی هەیە بە هەمووکەسێك بکرێت ؟ تۆ دەتوانیت لەسەر پشت لەسەر بزمار بخەوێت، پشتت ئەوەندە کونی ئەوەندە سەنتیمیی تێ بێت و خوێنی لێ نەیەت ؟ ناتوانیت. لە سلێمانی، هەڤاڵێکمان، کاك کەریم لەهۆنی، کوڕی دەروێشێك بوو. دەیگوت جارێك، کە باوکی لەماڵ نەبوو، زەرگەکەی باوکی لە گووپی خۆی دابوو و، ئەوە دەرسێکی وەهای دابوویێ، وەهای تەنبێ کردبوو کە ئیتر ببڕای-ببڕای بەلای دیسان هەوڵی خۆکوژیدا نەچێتەوە، ئێستا لە یادم نیە چ ماوەیەکی پێ چووبوو تا برینی زۆر پیسی دەموچاوی سارێژ ببوو.

شێخ یا خەلیفەی شێخ بەسەر مەجلیس رادەگەن، شێخ نوێنەری غەوسی گەیلانییە، غەوس نوێنەری پێغەمبەرە و، پێغەمبەر نوێنەری خودایە. کەواتە دەروێش بە بەرەکەتی خودا کە بەو سیلسیلەیەدا هاتووە، ئەو کارە نائاساییانەی بۆ دەکرێن و، کەسێك کە دەستی لە سەری پەتکێك گیر بێت کە سەرەکەی تری لای نوێنەری خودا بێت، بە رادەی خەیاڵی خۆی زۆر بەتاڵایی پڕ دەکاتەوە * و، هیچ گومانی لە موعجیزات ( پێیان دەڵێن : کەرامات)ی زۆر گەورەی لە شێخی خۆی نیە. ئەو هەر دەروێشێکە و بە بەرەکەتی شێخ ئەو هەمووە شتە نائاساییانەی بۆ دەکرێن، ئیتر دەبێت شێخی کە سیلسیلەی ( زنجیرەی رووحیی) دەگاتەوە پێغەمبەری نوێنەری خودا چیی پێ بکرێت ؟ زۆر. وەك چی ؟ وەك ئەمە :

کاك ئەحمەدی شێخ لە سلێمانییەوە کڵاشی لە دەمی کەسێك لە هیندستان گرتووە و پێکاوییەتی .... جا بزانە. ئەو موعجیزانەی شێخ، جەماوەریشی مات و مەبهووت کردووە. بنەماڵەی شێخ، لە سایەی "کەرامات" (موعجیزات) ی شێخ و باب و باپیران و خزمانی، بوونە دەرەبەگی گەورە و زەوی و زار-

---

* هەژار گێڕایەوە گوتی : رۆژێك " سادق"ی برام کە عومری هەمووی ٦-٧ ساڵ بوو، بە راکردن هاتەوە ماڵ و، دەروێشێك بەدوویەوە رایدەکرد و هەڕەشەی لێ دەکرد. کوتم:" ها دەروێش چتە شێت بووی هەتیو، تۆ چت لەو منداڵە دەوێ ؟ بۆچی دوای کەوتووی ؟ ". کوتی :" دەستی بۆ دەفەکەم برد، کوتم دەستی لێ مەدە، شەهید دەبێ! کوتی شەهیدی چی ؟ ئەوە پێستی بزنە! پێستی بزن شەهید دەبێ ؟". پێم کوت :" ئاخر دەروێشی عاقڵ ئەتۆ چووزانی ئەو دەفەیە لە چی دروست کراوە، خۆ لەبەر چاوی تۆ دروستیان نەکردووە، چ مەعلووم پێستی سەگ نیە هەتیو ؟ ".

یکی زۆریان وەدەستهێناوە و، ئیتر لە نەتیجەدا بوونە دەستڕۆیشتووی سیاسەتیش. ئەو کەرامات و نەسەبەی بنەماڵەکە، کە خۆیان بە" قورەیشی" (لە عەشیرەتی پێغەمبەری ئیسلام) داناوە، لەسیاسەتی نەتەوایەتیشدا زۆر بە کەڵکی هێندێك لە ئەولادیان هاتووە: شێخ مەحموود (کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی شێخ محەممەدبچکۆل کوڕی کاك ئەحمەدی شێخ)، کە کوردێکی نەتەوەیی بوو، مەرکەزی بنەماڵە- کەی بۆ بوونە پادشایکوردستان بۆ زۆر بەکەڵك بوو. کوڕێکی پادشاش( شێخ لەتیف) زۆر لە سیاسە- تدا بوو( کوڕێکی تریشی" باباعەلی" بوو بە وەزیر لە بەغدا). لە هەڵبژاردنەکانی ئەم سەردەمەشدا، دەبینین برادەرانی مارکسیست - لێنینیست دەچن نوێژ لای گۆڕی کاك ئەحمەدی شێخ دەکەن و وێنەی ئەو نوێژکردنەیان (بۆ رکابەریی ماڵی بارزانیی نەقشبەندی) بڵاودەکەنەوە.

ئەو ناوەی" دەروێش" لە چی؟

بەتەواوی نازانین. چەند تیۆری هەن. ئەوەی پتر عەقڵی من دەگرێت ئەو تیۆرییەیە کە دەڵێت ئەوە لە وشەی " ئا- دهریگو"ی سانسکریتە و بە زنجیرەیەك سەروگوێلاك شکاندن وای لێ بەسەرهێنراوە. ئا- دهریگو واتا نا- هەژار. کەسانی کە لە هیندستان ئاوا خۆیان ئارام دەکەنەوە! ئێستا پێیان دەڵێن فاکیر (فەقیر = هەژار). دەبێت لە هیندستانیکۆن، پێش وەرگرتنی ئەم وشە عارەبییە، کەسێکی رووحانیی کە بەدووی سامانی رووحییە- وە بوویێت و گوێی بە سامانی مادده نەدابێت گوترابێت " نا- هەژار"، واتا بەڵێ بە مادده هەژارە بەڵام بە رووح ناهەژارە( وەك بە کوێر دەگوترێت: بصیر،عینالی ...). ئیتر خۆ بەزمەکەش لە هیندستانەوە هاتووە، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست " ئا"یەکەیان لێ فڕێ داوە، ئیتر ئەوەیە کە وشەی دەروێش هەر بە مانای" هەژار" ( > دهریگو) یش بەکاردێت.

دەروێشی و سۆفیایەتی، لە دنیای کتێباندا هەر یەك هەمان شتن. وادەبێت دەڵێن دەروێشایەتی لقێك لە لقە- کانی سۆفیایەتی (تەسەووف) ـە، بەڵام ئیتر خەڵکی تر چی دەڵێن با بڵێن، کورد بەو تابیعەی تەریقەتی قادری دەڵێن: دەروێش، بەوەی تەریقەتی نەقشبەندی دەڵێن: سۆفی. جیاکرنەوەی تابیعانی ئەو دوو شێوە ئێجگار زۆر جیاوازەی چوونەحاڵ، لەلایەن کوردەوە، بە دوو ناوی جیاواز، بە بیری من، شتێکی زۆر مەنتیقییە. ئەوانە دوو تەرزی کاری زۆر جیاوازن، هەرچەندە شێخانی وەهاش هەن کە ئیجازەی ئیرشادی هەردوو تەریقەتیان هەن( شێخ عوسمانی دوڕوو - بەفوونە)، بەڵام ئیتر ئەوە لە جیاوازیی ئەو دوو شتە کەم ناکاتەوە.

( ٣ )

چوونه حاڵ ( که ڕۆژئاوایی پێی دەڵێن : ترانس)، تاکو مرۆڤ بۆ لەحزەیەك بە هەست ( دۆخی سایکۆلۆجی) لە دنیای واقیعیی ماددیی ژیانی خۆی و دەوروبەری دەرچێت و، بفڕێتە دنیایەکی تری پیرۆز، زۆر ڕێگای هەن . لە کوردستان، دەروێشانی قادری" مەجلیس"ی خۆیان بە ڕێگایەکی ئەوە دادەنێن . ڕێگایەکی تریشی لای سۆفیی نەقشبەندییە، کە بە مەجلیسی خۆیان دەڵێن " خەتمە" . فان بروونەسن دەڵێت کە خەتمەیەکی لە دێی" دوڕوو"ی شێخ عوسمان دیتووە و بەم جۆرە بووە :

" خانەقا، هەمان مزگەوتی دێ بوو .(..) نوێژی شێوان بە ئیمامەتیی مەلایەك (..) کە نوێژ تەواو بوو، بە جەغزێك دادەنیشن (حەلقە دەبەستن) . چرا دەکوژێننەوە و" خەتمە" دەست پێدەکات . شێخ ( ئەمجارەیان) لەوێ نیە (..) مەلایەك لە مەلاکان ( یا چەند دانەیەك بە نۆرە) دەست بە خوێندنی قورئان و حەدیس دەکات، ناوبەناویش بێدەنگییەکی تێدەکەوێت کە ( لەبەرخۆوە) هەندێ حەدیس یا سوورەت یا ئایەتی قورئان دەخوێنن، ئیتر هەر کام بوو ( حەدیس یا بەشێکی قورئانی تایبەتی بۆ ئەوە دیار نەکراوە) . مەلا پێیاندەڵێت کامەیان بخوێنن و هەریەکەیان چەند جار. ئەوجا بەشی ڕامان، ئەندێشەی مردن،دەستپێ-دەکات . بەشداران مردنی خۆیان دەهێننە بەرچاو : وا لە گۆڕدا درێژ بوون و دوو فریشتە هاتوونە سەر-یان، پرسیاری ژیانیان لێ دەکەن *. ئەمە پێنج تا دە دەقیقەیەك دەخایەنێت . جا ئاه و نووزەی بە دەنگی بەرز پەردەی ئەو بێدەنگییە دەدڕێت ( زۆر لە گریانی ئاسایی بەقەوتر، بە ئەقڵم دەیانەوێت پیشانی ئەوانی تری بدەن کە چۆن بە چاکی دیمەنی مردنیان لەبەرچاوە و،کە« ناتەواوی» چەند بە ئێش و ئازارە، بەوە موحیتەکەش بۆ چوونە حاڵ ئامادەتر دەکەن) . ئەوجا دێنە سەر گرنگترین بەش : مەلا دەستپێکردنی « ڕابیتە شێخ» ڕادەگەیەنێت، واتا مرید« هەوڵ دەدەن» ڕابیتە( پێوەندی)ی ڕووحییان لەگەڵ شێخدا هەبێت . چاویان دەنووقێنن و هەوڵ دەدەن شێخ بهێننە بەرچاوی خۆیان . کە دیمەنی شێخیان بە ڕوونی هاتە بەرچاو، ئەوسا ئەوە دەهێننە بەرچاوی خۆیان کە وا شێخ دەیانباتە خزمەتی

---

* یەکەم پرسیاری فریشتە ( بە عارەبی) : من ربك ؟ ( مەن ڕەببوکە ؟ واتا : کێ خوداتە) . کورد هەن لەجیاتی ئەو" مەن ڕەببوکە"یە دەڵێن فریشتە لێت دەپرسن : مەڕنەمووکە ؟ ئەوەیە کە هەژار لە شیعری " تەلقین بە کوردی"یدا دەڵێت " هەزار جار بڵێن کوا مەڕنەمووکە ـ بێدەنگ قڕوقپ لێت نەیە جووکە"!

پێغەمبەر و، پێغەمبەریش دەیانباتە نزیکی حوزووری پەروەردگار( خودا) . ئەمیش پێنج تا پازدە دەقیقە دەخایەنێت و، زۆرتر هەر وایە بە بێدەنگییەکی تەواو بەئەنجام دەدرێت . بە خوێندنی چەند سوورەتێکی تر و خوێندنەوەی سیلسیلە ( درەختی رووحیی رابەریی تەریقەتەکە لە سەرەتاوە تا بە شێخەکەیان گەیشتووە) (..) تەواو دەبێت . "

وشەی " سۆفی" - دەڵێن - لە وشەی" صوف"ی عارەبی ( واتا : خوری) هاتووە،گوایا چونکە جلوبەرگی زبری خورییان کردووەتە بەر . من ئەوەم زۆر پێ سەیرە وعەقڵم نایگرێت، بەڵام چی بکەم کە هەموو سەرچاوەکان هەر وا دەڵێن و، لە هیچ شوێنێك نەمدیتووە هیچی تری جگە لەوە هەبێت .

ناوی" نەقشبەندی"، لە نازناوی " شاهی نەقشبەند"ی کەسێکەوەیە کە ناوی بەهائەدین بووە ( ١٣١٨-١٣٨٩) . زەلامێکی خەڵکی دێیەکی نزیکی شاری " بوخارا"ی ئوزبەکستان بووە . کە نە دامەزرێنەری تەریقەتەکە بووە و، نە ئەم شەعایرەی خەتمە . بەڵام ئیتر وا بە ناوی ئەو شکاوەتەوە . شێخان گوتوویانە تەریقەتەکە لە ئەبوبەکری سدیقەوە (یەکەم خەلیفە) هاتووە، بەڵام چەندە بەڵگەی" مێژوویی" بۆ پێوەندیی تەریقەتی قادری بە عەبدولقادری گەیلانییەوە (١٠٧٧- ١١٦٦) هەیە، پێوەندیی ئەمیش بە ئەبوبەکرەوە (٥٧٣-٦٣٤) هەر ئەوەندە . بەڵگەکان هی عاتیفە یا پڕۆپاگەندەن، نەك مێژوو . کتێب هەن دەڵێن : کەسێك بە ناوی یوسووف هەمەدانی (١٠٤٩-١١٤٠) ئەو تەریقەتەی لە عارەبستانەوە بردووەتە ئوزبەکستان . لەوێ، عەبدولخالق ناوێکی خەڵکی گوندی " غەژدوڤان" ( یا شتێکی وەها: غەجدەوان ...) بووە بە مرید و چوارەم خەلیفەی . عەبدولخالق ساڵی١١٧٩ یا ١٢٢٠ مردووە . بەهائەدین شاهی نەقشبەند کە ٩٨ یا١٣٩ ساڵ دوای مردنی ئەم عەبدولخالقە لەدایکبووە، درێژەی بە تەریقەتەکە داوە . بەڵام زۆر لە نەزمی ( زۆر یانی چی ؟ وردەکاریی خەتمە ؟ ) لەلایەن" ناسیرەدین عوبەیدوڵلا ئەلئەحرار" ( ١٤٠٤-١٤٩٠) ـەوە، خەڵکی گوندێکی نزیکی سەمەرقەندی ئوزبەکستان، داڕێژراوە .(خۆشیی ئەو سەرچاوانە لەوەدایە کە دوای ئەوە هەزار چیرۆکت بۆ باس دەکەن، ئەوجا دەڵێن " والله أعلم"، واتا ئیتر خودا دەزانێت ) .

ئەگەر کەمێك بگەڕێینەوە سەرباسی قادرییەکان :

تەریقەتی قادری، بە قسەی ماڵی بەرزنجی، دوو برا بە ناوی عیسا و مووسا، قورەیشی بوون و هێناویانەتە دێی

بەرزنجەی ئەوەندە کیلۆمیتریی لە سلێمانییەوە و، ئیتر ماڵی بەرزنجی لەوانن ( دەڵێن لە سەیدعیسان) و تەریقەتە-کەیان درێژە پێداوە . ئەی کە ئەو دوو بـرایە ئەم نەزمەیان لە ناو قورەیشـی عارەبسـتانەوە هێنابێت، لەوبەینەدا عەبدولقادری گەیلانی لە بەغداوە چی ؟ ئەمەیان "والله أعلم"ـەکە دەیگرێتەوە .

کـۆمەڵێك تـاریخی کەسـانی بنەماڵەکە لە سـەرچاوەکاندا هـەن ( دیارە بە تـەقویمی هیجرین، لەبەرئەوەیە کە - بەغوونە- دەڵێن کاك ئەحمەدی شێخ ٩٧ ساڵ ژیاوە، ئەینا ئەگەر ئەوە بە ساڵی زاینی وەربگرین دەکاتە ٩٤ ساڵ (١٧٩٣-١٨٨٧) . بەڵام من تاریخی هاتنی عیسا و مووسام بۆ بەرزنجە بەرچاو نەکەوتووە . بەرزنجی، درەختی نـەژادیی" کاك ئەحمەدی شێخ " لە" سەیدعیسا"وە وا دادەنێن : سەیدعیسا ـ بابا رەسووڵی گەورە ـ باباعەلی وەندەرێنە ـ محەممەدی نۆدێ ـ ئەحمەدی خەزعی ـ مستەفا ـ مارفی نۆدێ ـ کاك ئەحمەدی شێخ .

ئەوجا کە بێینەوە سەر باسی نەقشبەندییەکانمان و بپرسین :

تـەریقەتی نـەقشبەندی، کێ کەی هێناویەتە کـوردسـتان ؟ مەگەر کوردستان ئەمەی لە ئوزبەکستانەوە هاوردە کردووە ؟

وەڵام : نـا ، ئێمە هـەر ئەوەندە دەزانین ئـەم تـەریقەتە نـەقشبەندییەی کە ئێمە ئێستا لە کوردستان دەیبینین، مەولانا خالیدی جاف (١٧٧٩-١٨٢٦) چووە لە هیندستانەوە" هێناویەتەوە" .

یانی چی هێناویەتەوە ؟ هـەموو ئەو سـەرچاوانەی من دیتوومن، دەڵێن تـەریقەتی نـەقشبەندی زۆر پێش مەولانا خالید لە کوردستان هەبووە، بـەڵام سەردەمێك نـەماوە و لەبیرچووەتەوە، تا دیسـان مەولانا خالید هێناویەتەوە .

بەڵام ئەو قسەیە سەیر نیە ؟ چۆن لەبیرچووەتەوە ؟ ئەی چ تەریقەتێکی تر شوێنی گرتووەتەوە ؟ ئەولیا چەلەبی لە سیاحەتنامەکەیدا باسی نەقشبەندییەکانی سەدەی ١٧ی کوردستان دەکات،هەر بەغوونە لە باسی" بتلیس"دا(کە ١٦٥٥/٥/٢٣ چووەتە بتلیس) دەڵێت : " نزیکەی بیست تەکیەی نەقشبەندی و گوڵتەنی و بەکتاشیی تێدایە " .

کـەواتـە، هێشتا نـازانین ئەم تەریقەتە یـەکەم جار چۆن هاتووەتە کوردستانەوە و کێ هێناوییەتی و، مێژووی لە کوردستان تـا سەدەی نـۆزدە چۆن بووە . باسەکەمان لێرەدا هەر لەوەتای مەولانا خالیدی سەدەی نۆزدەوەیە، کە تەریقەتەکەی تێدا دیسان هاتووەتەوە کوردستان .

مـەولانا خـالید، شێخێکی قادری بووە . لە قەرەداغی سـلێمانی لەدایکبووە . بۆ خوێندن چووەتە چەند شوێنی کوردستان، لەوانە چووەتە سنە ( لای مامۆستا " محەممەد قەسیمی مەردووخی"ی خوێندووە) . خانەقای لە شاری

سلێمانی هەبووە . چووەتە حەج . چیرۆکێکی ( کە زۆر چاك دەکرێت وابووبێت، بەڵام چونکە - بە من - زێدە خۆشە، دەڵێم " والله أعلم") :

مەولانا خالید( " مەولانا"، " شهرزوری"،" بەغدادی" و ... زۆر نازناوی تریشی هەبوون)، لە حەج، رۆژێك دەبینێت زەلامێك پشت لە کەعبە دەکات و دەیەوێت قسەی لەگەڵ بکات . مەولانا ئەوەی زۆر پێ ناخۆش دەبێت، ئاخر کێ لە خزمەتی کەعبەدا دەکرێت ئەوەندە بێئەدەب بێت کە پشتی تێبکات تا لەگەڵ عەبدێکی خودادا قسەبکات و، پێی دەڵێت : « زەلام، تۆ چۆن پشت لە کەعبە دەکەیت تا لەگەڵ من بدوێیت ؟ » . زەلامەکە دەڵێت : « مەگەر تۆ نازانیت کە حورمەتی ئینسان لای خودا لەوەی کەعبە پترە ؟» . ئیتر ئەو پرسیارە - وەك بڵێیت - دنیای بیرکردنەوەی پێشتری مەولانا هەڵدەتەکێنێت . مەولانا دەیەوێت لەو زەلامە فێرببێت . زەلام پێی دەڵێت « چاوەڕێ بکە، کەسێك لە هیندستانەوە دێتە لات لە سلێمانی» .

مەولانا دەگەڕێتەوە سلێمانی . ساڵی ١٨٠٩، کەسێك بە ناوی " میرزا رەحیم عەزیمئابادی هیندستانی" دێتە خانەقای مەولانا و ماوەیەك لەوێ دەمێنێتەوە . مەولانا، ئەم میوانە هیندستانییەی ئێجگار زۆر بە دڵ دەبێت و لێیدەپرسێت کە ئەو هەمووە هیدایەتەی لە کێ وەرگرتووە ؟ زەلام پێی دەڵێت لە شێخ عەبدوڵلا دەهلەویی مور- شیدی تەریقەتی نەقشبەندی لە دەهلی ( دێلهیی پایتەختی هیندستان) . مەولانا بڕیار دەدات بچێتە هیندستان و لای ئەو شێخە بخوێنێت . هەر واش دەبێت : بە موکریاندا دەچێتە تاران و ئەوجا سمنان و ... هیرات و قەندەهار و کابل و پیشاوەر و لاهوور و ... بە ساڵێك بەرێکاوەبوون دەگاتە دەهلی (دێلهی) و دەچێتە لای شێخ عەبدوڵلای دەهلەوی . مەولانا خالید تەریقەتی نەقشبەندیی لەو شێخ عەبدوڵلایە وەردەگرێت .

ئیترمەولانا خالیدی کە لەم سەرەوە بە " قادری" چووبووە هیندستان، لەوسەرەوە بە " نەقشبەندی" دەگەڕێتەوە سلێمانی (١٨١١) .

( ماڵی بەرزنجی بۆتان هاتم!)

( ٤ )

مەولانا خالید، کە دێتەوە سلێمانی، دیارە شێخ و مشایخ و " ئەهلی عیلم" دەستە- دەستە دەچنە لای، تا بەخێر- هاتنی لێ بکەن و، " عیلم"ی لێ ببیسن . زۆربەی ئەوانە، کە تەبیعی بە" قادری " دەچنە لای، بە" نەقشبەندی"

لەوسەرەوە دێنەوە، واتا مەولانا قەناعەتیان پێدەکات کە بێنە سەر ئەم تەریقەتە نوێیەی کە ئەو لە هیندستانەوە هێناویەتی. ماڵی بەرزنجی کێچ دەکەوێتە کەوڵیانەوە ... ئای - ئای، خۆ ئەم پیاوە جافەی ئێمە فێری هونەرمان کرد، وا بە هونەری خۆی پیاوەکانمان لێ دەستێنێت. بەتایبەتی "شێخ مارفی نۆدێ"، ئیتر خەو و خۆراکی لێ هەڵدەگیرێت و بە جۆرەها نووسین هێرشدەکاتە سەر مەولانا. مەولانا دەچێت ماوەیەك لە بەغدا دەرس دەڵێتەوە. شێخ مارف، جۆرەها شت بۆ کافرکردنی مەولانا بە نامە بۆ والیی بەغداش دەنووسێت،کە تێدا باسی جادووگەر-یی هیندستانیی مەولانا و بیدعەت و زەندەقە و ئیتر ئەوهەمووە زاراوە ئیسلامییانە دەکات،کە عیلمی ئیسلامی بۆ سەربڕینی یەکتری مسوڵمانان هەیەتی. ( هەر وەك بزمارخواردنی دەروێشەکانی خۆی هونەری هیندستان نەبێت) . والیی بەغدا،کە تەبیعی ئاگاداری ئەم بەزمانەی دەسەڵات و بەرژەوەندو کەڵەکچێتییانەیە، کۆمەڵێك لە "عولەما"ی وڵات کۆ دەکاتەوە و، وەڵامێکی زۆر چاکی بە ناوی هەمووان دەداتەوە : کە ئەوان ئەو قسانەی دژی مەولانایان قەبووڵ نیە. هەموو، یەك بە یەك، بە مۆری خۆیان مۆری دەکەن و بۆ شێخ مارفی دەنێرن. ئیتر شێخ مارف دەزانێت ناتوانێت بەغدا و ئەو هەمووە "ئەهلی عیلم"ـە لەوە پتر لە خۆی توورە بکات، ناچار بە رووکەشی شلی دەکاتەوە و مەولاناش دەگەڕێتەوە سلێمانی. بەڵام ناو و ناوبانگی مەولانا تا دێت پتر دەبێت. ئەو هەمووە کتێبانەی کە ناوەکانیان بە شێوەی کێش و قافیەی ناوی کتێبانی ئەو سەردەمە پێی هەڵدەڵێن : "أصفى الموارد من سلسال أحوال مولانا خالد" و "الأساور العسجدية في المآثر الخالدية" و ... چەند و چەندی تر،کە نووسینەکانی بەرانبەر("تحرير الخطاب" و"دين الله الغالب" و نازانمچیی بێ وەزن و قافیە!) لەگەڵیاندا دەرناکەن. خولاسە، قادری، لە شەڕی سایکۆلۆجیدا دە رۆستی کامپی مەولانا نایەن. شێخ مارف ئیتر هیچی بۆ نامێنێتەوە مەگەر بە کوشتنی مەولانا کێشە ببڕێتەوە. "کاك ئەحمەدی شێخ"ی کوڕی هان دەدات کە مەولانای بۆ بکوژێت و ماڵی بەرزنجی بحەسێنێتەوە. مەولانا دەزانێت کە دەیکوژن. هەرچەندە والیی بەغدا پێی دەڵێت لە بەغدا بێت و دەرس بڵێتەوە، بەڵام ئەو وا بە باشتر دەبینێت کە بچێتە پایتەختی سووریا. دەچێتە شام(١٨٢٠) و، لەوێ پێوەندیی بە سەرتاسەری دنیای ئیسلامەوە زۆر باشتریش دەبێت و سەلامەتتریش. ئیتر تا کۆچی دوایی (١٨٢٦) هەر لەوێ دەمێنێتەوە.

ئەگەر شێخ مارف زیرەك بوایە، وەکو شێخ عوسمانی دوڕووی دەکرد، خۆیشی دەکرد بە نەقشبەندیش و، قادر-ییەکەشی لەدەست نەدەچوو. ( وەکو سووپەرمارکێت، هەموو تەریقەتەکانی هەبوونایە، کێ حەزی لە چی کرد، ئەوە بکڕێت، ئەوەی دەیەوێت بزمار دەخوات، ئەوەی فیلم دەبینێت ... هەرچی، هەمووی بەسەرچاو، ئیتر نە کێشە

و نە هیچ) . تۆ لە ئەهلی ئەو تەریقەتانە بپرسە، ئێوە جیاوازیتان چیە ؟ هەموو دەڵێن : لە جەوهەردا جیاواز نین، هەموومان دەمانەوێت بە وەرزشی رووحی بگەینە خزمەت پێغەمبەر و خودا، جیاوازی لە شێوەی وەرزشدایە، یەکێك بە زەرگ لە خۆ دان و، یەکی تریش بە چرا کوژاندنەوە و داهێنانی فیلم لەبەرچاوی خۆی . هەمان بەزمی هەمیشەی مسوڵمانان، هەموو مسوڵمانن و دەیانەوێت بچنە بەهەشت و، یەکتریش دەکوژن .

دەروێش لەکوردستان کەم نەبوون، بەڵام بڵاوبوونەوەی ئەوەندە زۆری تەریقەتی نەقشبەندی بە هەموو کوردستاندا لە ماوەی ساڵانێکی کەمدا، زۆر سەرنج رادەکێشێت . لێرەدا، رەنگە جیاوازیی شێوەی رێکخراوی قادری و نەقشبەندی دەوری هەبووبێت . وادیارە نەقشبەندی ئۆتۆنۆمیی پتریان داوە بە تابیعانیان لە کوردستانێکدا کە پێوەندیی تێدا زۆر هاسان نەبووە . ئەوجا ئیمتیازی کە دراون بە شێخانی نەقشبەندی : بە بێ گەڕانەوە بۆ مەرکەز جێگرانیان ( خەلیفە) دابنێن . شێوەی شەعایری نەقشبەندیش کە لەناو عەشیرەتاندا گرانتر هەست پێ کرابێت ( لە بەرانبەر جلفیی کاری مەجلیس و ئەو شتانەی دەروێشە قادرییەکان دەیکەن) دەبێت دەورێکی هەبووبێت .

( ٥ )

## قۆناغی دەسەڵاتی سیاسیی تەریقەتەکان لە مێژووی نەتەوایەتیی کورددا

باری سیاسیی سەدەی نۆزدەی کوردستان، لە روویەکەوە، بە ئەم گۆڕانەی سەدەی ٢٠- ٢١ی بەشێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێتە بەرچاوم .

کە سەیری ئەو گۆڕانەی ئەمەی دوایی دەکەین، دەبینین دوو شەڕی جیهانی، ناسیۆنالیزمیان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووژاندەوە : کەمالیزم، بەعسی، ناسر، خۆیبوون، هیوا، ژێکاف و ... ئیتر ( مەلا جەمیل رۆژبەیانی لەسەر بوونە" نازی" کەوتە زیندانەوە) . بەڵام دواکەوتوویی قەومەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕادەیەك بوو کە وەکو ئەورووپاییەکانیان بۆ نەکرا و، شکستیان هێنا، زەمینەی چینیناوەندی لە ئاستیعاتیفە و دروشمدا نەبوو . لەدواییدا، خەڵك لە دروشمەکانی بێ نەتیجەی سەدەی بیستەم ماندوو بوون و، لەجیاتی فێربوون لە ئەزموونی ناسیۆنالیزمیئەوروپایی ( یا ژاپۆنی ...)، وەڵامەکەیان لەوەدا دیتەوە کە بگەڕێنەوە پێش سەدەی بیستەم و، ئەگەر بکرێت بگەڕێنەوە رۆژگاری" درەخشانی" پێش هەزار و ئەوەندە ساڵ تا بەتەواوی لەم رابەرە کەڵەکچی و گەندەڵا- نەی سەدەی بیستەم دووربکەونەوە . دیارە بەرژەوەندە جیهانییەکان و فەرمانڕەوایانی کە کاریان بەوان هەیە، ئەم

نامرادییەی خەڵکی ئەم مەڵبەندە پڕ لە نەوتە بۆخۆیان بەکاردەهێنن، لەگەڵ شەپۆلی شکستە سایکۆلۆجییەکاندا دەڕۆن و، هەوڵ دەدەن بە قازانجی خۆیانی بشکێننەوە. شکستی شا و چینی ناوەندی ئۆپۆزیسیۆنی ئیمپراتۆریی ئێران ڕێگای بۆ دەسەڵاتی سیاسیی ئاخوندان کردەوە، شکستی کەمالیزم ڕێگای بۆ ئیسلامییەکان کردەوە، شکستی دروشمە ناسیۆنال سۆسیالیستییەکانی بەعس ڕێگای بۆ حوکمی تایفەیی ئاینی کردەوە و ... بەوجۆرە.

ئەوە سەدەی ٢٠-٢١ی بەشێکی گرنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوجا باری سیاسیی سەدەی نۆزدەی کورد :

سەدەی نۆزدە سەدەی شەڕو شۆڕی دوا ئەمارەتەکانی کورد بوو، کە لە نەتیجەشدا بە رووخانیان گەیشت. لەوانەدا، سەربازی و سەندنی باجی زۆر لە هەموو لایەکەوە (ئەستەمبوڵ و والی و میران و شا و عەشیرەتانی کە لە دەسەڵاتی میر دەردەچوون یا ئەم میر و ئەو میریان دەکرد) ژیانی خەڵکی زۆر زەحمەت کرد. بە نموونە، ئاغاوەتی زێبار ئەوەندەیان باج لەسەر بارزان دانا (کە دێیەك لە دێیەکانیان بوو)، چونکە ئەوانیش دەبوو باجی زۆر بدەن بە ئەمارەتی بادینان، کە لە شەڕی پاشاکۆرەی ڕەواندزدا بوو. لە نەتیجەی دواییشدا کە ئەمارەتەکان هەموو هەڵوەشان، بەتەواوی هەڵوەشان. وەکو چۆن داوێك لە بلووزێك هەڵکێشیتە دەرەوە و هەر درێژەی پێبدەیت تا هەموو بلووزەکەت دەبێت بە گلۆڵەیەك بەن: کاتێك دەسەڵاتی میر نەما، پێوەندیی نێوان یەکێتی عەشیرەتانی جیاواز نەما، هەر یەکێك لەوانیش لێك هەڵوەشا، عەشیرەتیش و تەنانەت بەرە و تیرەکانیش دەوریان نەما. ئیتر ئەو ریسەی کە گەیشتبووە قۆناغی ئەمارەتان و یەك پلەی مابوو بگاتە دەوڵەتێکی پادشایی نەتەوایەتی، هاتەوە سەر خورییەکەی کوردی بێ هیچ نەریتێکی دەسەڵات. خەڵك ئیتر بۆ کێشەی ڕۆژانەشیان، لە نەبوونی داڕۆغە (پۆلیس)ی میر یا قانوونی گزیر یا دادگای قازی، یا مەجلیسێکیعەشیرەتیی دەستڕۆیشتووی بە نەزم، کە هیچ کامیان ئیتر نەبوون، پێویستیان بە دەسەڵاتێك هەبوو کە بچنە ژێر ئاڵای. خەڵك ئەعسابیشی ماندوو بوو و، چوونە حاڵ و هاواری میسالیاتی ئەخلاقیی دژی چەتەیی و ڕێگری و ئەو شتانەی پچڕانی شیرازە، رایدەکێشان و دەچوونە ژێر ئاڵایەوە. پەروەردەی رووحییکوردیش، وەکو ئەوەی زۆر قەومی تر، بۆ ئەوە ئامادە بوو کە لە ڕۆژی شکستی داوودەستگای دنیادا، دەست بۆ ئاسمان بەرزبکاتەوە، بەڵکو ئەو فریای بکەوێت و، وا شێخانێك بە هونەری هیندستانەوە سواری فڕۆکەی خەیاڵیان دەکرد و، دەیانبردە لای پێغەمبەر و خودای و- بەتەبیعەتی حاڵ - بەهەشتیش (کە حەقەن زۆر لەم دنیا پڕ لە کێشەیە خۆشترە) هەر بەدەست پێغەمبەر و خودایە کێ تێی بچێت یا تێی نەچێت. کەواتە، پێویستیی هەبوونی نەریتی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی بۆ ژیان لەلایەکەوە و، نەبوونی ئالتەر- ناتیڤی تر و، هەبوونی زەمینەیەکی عەقیدەییش تاکو جەماوەر بۆ ئەو شێخانە بخاتە تەپکەوە، ڕێگای دەسەڵاتی

بۆ شێخان کردەوە . مەسەلە، ئەو تەکنیکانەی هیندستان، چوونە حاڵی بزمار خواردن، یا خەڵقەی ڤیدیۆی ریپۆر-تاجی سەردانێکی پێغەمبەر و خودا نەبوو . مەسەلە، پێویستیی هەبوونی نەریتێکی نوێی دەسەڵات بوو : لەشکر و قانوون و نەزم و باج و ئیدارەی کە بەتاڵایی نەریت پڕ بکاتەوە .

ئێمە، وەك دیتمان، کاتێك رژێمی شای ئێران رێگای بۆ هیچ رێکخراوێکی سیاسیی چینی ناوەندی نەهێشت، چینی ناوەندی ( بە چەپ و راست و لە هەموو قەومەکانی ئیمپراتۆریی ئێران) بەر لە هەرکەسی تر پشتگیریی لە ئیمام خومەینی بۆ راونانی شا کرد ، چونکە گەل هەرکۆبوونەوەی بە دەوری ئەو تاقە مەرکەزەی بۆ مابۆوە، کە مەرکەزی ئاینیی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندان بوو . لە کوردستانی سەدەی نۆزدەدا ، زۆر لەوەش خستتر بوو، بەتاڵاییەکە زۆر پتر بوو،هەر ئەسڵەن " دەوڵەت "ی ئەمارەت نابوود بوون، لە نەریت سڕانەوە . خەڵك چی بکەن ؟ روو بکەنە کوێ بۆ داڕشتنەوەی هەر رژیمێکی ئالتەرناتیڤ ؟ ئا لێرەدا بوو کە شێخەکان تاقە ئالتەر-ناتیڤ بوون . وەك بڵێیت، هەموو ریسەکە، کە ببوو بە خوری، ئێستا سەرلەنوێ ئەو خورییە بە بلووزێکی تر دەڕسترا کە لە ژێر ئاڵای شێخاندا بوو : چەکدارانی حەزرەتی شێخ بۆ پارێزگاری لە زەعیفان هەبوون، زەعیفانی کە ئیتر لە دانی زەکات بە حەزرەتی شێخ دوا نەدەکەوتن و، حەزرەتی شێخ بە سەرمایەی کە لە مریدانی دەهاتە دەستی، چەکدارانی پتری لە خزمەتدا دەبوون . کە مرید پتر دەبوون، شێخیش ئیجازەی پتری دەدا بەوانەی کە عیلمیان لێ وەردەگرت و، بە ناوی ئەوەوە دادگایان دادەنان . دوو بەرەباب کە کێشەیان لێ پەیدا دەبوو، دوو عەشیرەت یا بۆ هەر کێشەیەکی گەورە یا بچووکی دەستەجاتێك، کە میرێك لە ئارادا نەمابوو، مەگەر هەر روو لە شێخێکی بە ئیعتیبار یا دادگای نوێنەرانی بکرایە، لێرەدا شێخ و زیرەکیی خۆی . شێخانێکی زیرەك و ئاغاوە-تێکی زیرەك هەبوون، لە رێگای ژن و ژنخوازییەوە بوونە یەك ماڵ و، سنووری نێوان دەرەبەگایەتی و شێخایەتیش بەوە لە هێندێك شوێن هەر نەما . تەریقەت ئیتر هەموو کۆمەڵگای بە هەموو کێشەکانییەوە ئیحتیوا دەکرد ( شێخانی بامەرنی، بارزان، نەهری ... و ئیتر، هەر یەکە و لە قەڵەمڕەویی خۆیدا لە هەموو روویەکەوە جێگای دەوڵەتی دەگرتەوە) . بەوجۆرە، دەسەڵاتی سیاسیی نوێ لە کۆمەڵگای کوردستاندا پێکدەهات . پێداویستی ژیانی کۆمەڵایەتی بە ئەمارەتانێکی کە ئیتر نەمابوون، ئەمارەتانێکی تری دەخولقاند ، بەڵام بە ناوی تر و فۆرمی تر . شتی وەك خانەقای شێخی بورهانیش - بە نموونە- لەسەر ئەرك و بە دەسەڵاتی شێخێك ( بێ هیچ میرێك) جێگای خوێندگەی ئەمارەتەکانی دەگرتەوە و، بەوجۆرە هەوڵی دیسان رێکخستنەوەی نەریتی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بەرگێکی ئاینیی دەسەڵاتدارانی نوێی بەبەردا دەکرا . ئەوەیە کە ئێمە پێی دەڵێین : قۆناغی تەریقەتەکان، کە

بەدووی قۆناغی ئەمارەتەکاندا هات . ( شتی وەها لە بەرقەی باکووری ئەفریقاش روویدا ، بەڵام لەوێ هەر یەك تەریقەتی ماڵی یەك شێخ هەبوو ، کە دەوڵەتێکی نوێی دروست کرد : دەوڵەتی لیبیای تەریقەتی سەنووسی ) .

کەواتە ، لێکۆڵینەوەی لایەنی فکریی دوو تەریقەتەکە لە کوردستاندا و ، وێکچوون و جیاوازییان و دەوری ناوەرۆکیان لە مێژووی کوردستاندا ... هیچی بۆ مێژووی کورد لێ پەیدا نابێت ، زۆر دوورکەوتنەوەیە لە ئەسڵی مەوزووع و کات پێ کوشتنێکی بەخۆڕاییە . وەکو ئەوەیە بۆ تەفسیری لایەنگریی کۆمونیستان لە هاتنە سەرکاری خومەینی لە دژی شا ، بچین بزانین خومەینی چیی لەبارەی نوێژ و رۆژووەوە نووسیوە و ، ئەوە چ هەڵوێستێکی کۆمونیستانی لێ پێکهاتووە . ئەو نووسینانەی خومەینی لەبارەی نوێژ و رۆژوو و ئەو هەڵوێستەی کۆمونیستان بۆ پشتگیریی خومەینی ، لە هەمان کات و هەمان شوێندا هەبوون بەڵێ ، بەڵام هیچ کاریان بەیەکتر نەداوە ، یەکتر تەفسیر ناکەن . ئەگەر خومەینی هەر شتێکی تریشی لەبارەی نوێژ و رۆژوو بنووسیبایە ، هیچی لە هەڵوێستی کۆمونیستان نەدەگۆڕی . بە هەمان شێوە ، ناوەرۆکی دروشمەکانی تەریقەتی قادری و نەقشبەندی و شێوەی چوونە حاڵ و هەرچیی هەیانبوو ، " خۆی لەخۆیدا " کارێکی بە پڕکردنەوەی ئەو بەتاڵاییە و بوونی شێخان بە رابەرانی کۆمەڵگای کورد نەداوە . ئەسڵەن ئەو شێخانە زۆرتر وابووە هەر گوێیان بە شتی زۆر ئەساسیی ئیسلام نەداوە ، چونکە ئەوان ئیتر سیاسەتیان کردووە ، نەك دین . ئەوەتا ویستوویانە شێخێکی ئاینیی زۆر گەورە ، مەولانا خالید ، بکوژن ، مەگەر ئەوە کارێکی ئیسلامییە ؟ نا ، ئەی بۆچی دەیکوژن ؟ چونکە زیانی ئابووریی لە دەسەڵا- تی شێخانی قادری دەدا ، مریدی لێ دەستاندن ، مریدیش سەرچاوەی دەوڵەمەندی بوون بۆ شێخان ؛ تۆ سەیری ئەو هەمووە دێهاتەی ماڵی بەرزنجی بکە ، ئەوەیان لە کوێ هێناوە ؟ لە مریدان . کەواتە - دیسان - مەسەلەی تەریقەتەکان دەبێت تەنیا لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی - سیاسیدا ببینین و ، بزانین کە ئەوە فڕی بەسەر ئەدەبیاتی عیرفانی تەسەووفەوە نەبووە و نیە . ئەو ئەدەبیاتە جوان و بەرزەی کە شاعیران دایانهێناوە و ، ئەم بنەماڵە دەسەڵا- تدارانەی تەریقەتیش لە کوردستان بۆ رازاندنەوەی خۆیان ، خۆیان لێ کردوون بە خاوەن ، ئەو کارەیان تەنیا دەستبڕینی " سیاسەتی پەتی " بووە و هیچی تر ، کە ئەم هونەرانەی هیندستانیان لای خەڵکی سادە و دواکەوتوو پێ داپۆشیوە . کەواتە ، دیسان ، دوا نەتیجەگیریی ئەم قسانەم : حەقیقەتی مێژووی نەتەوایەتیی کورد وەها بووە : کوردیش وەکو هەر قەومێکی تر پێویستی بە نەریتی کۆمەڵایەتی - سیاسی هەبووە و ، ئەوە لەم هەلومەرجەدا مەگەر هەر وەها پێکبهاتایە .

(٦)

شێخانی تـەریقەت، سەدەی نۆزدە، تۆڕی خۆیان بە سەرتاسەری کوردستاندا بڵاوکردەوە . هەر وەکو دوو رەنگ تێکەڵ بکەیت و رەنگێکی تری سێیەمی لێ دەرچێت، بە هـەمان شێوەی کە پەیامی پێغەمبەری ئیسلام تێکەڵ بە فەرهەنگی " ئـەشـراف"ی عارەب بوو و، ئەوە نـە سیاسەتی ئەشرافیەتی خستە لاوە و، نـە کردی بە ئەو شتەی کە مرۆڤی سادە و دڵسۆز لە ئەدەبیاتی ئاینی ئیسلامیدا دەبینێت؛ فەرهەنگی ئاین و سیاسەتی کۆمەڵگەی کوردستا- نیش لەگەڵ تەریقەتاندا، لە زۆر رووەوە وای لێهات و، نەدەکرا مەگەر هەر وەها بوایە . کە دەڵێین لە زۆر رووەوە، واتا جیاوازیش هەبوون . گرنگترین جیاوازی لە سەرەتادا، دیارە بریتی بوو لەوە کە دوو تـەریقەت لە کوردستان هەبوون، نەك یەك، کەواتە دوو دەستە رابەرایەتیش . ئیسلام لە سەردەمی پەیامبەریدا،" یەك"سەرکردەی هەبوو کە هـەمووی ئیعتیرافی پێ دەکرد، مەرکەزییەتی هـەبوو و، بە کۆچیدوایی پەیامبەری (٦٣٢) ئیتر ئەوە نـەما . گرنگترین کەسانی کە تەواوی عەشیرەتی خۆیان رەگەڵ دەسەڵاتی پێغەمبەر خستبوو و، بەوە مەرکەزیان لای ئەو پەیدا کردبوو، ئێستا رەنگە زۆر کەمیان چووبنە ناشتنیشی، کاتی ئەوەیان نـەبووە . لەجیاتی ئەوە، کەوتوونەتە کێشەی دەسەڵات ( گوتوویانە ئـەوەی دوای محەمەد کەوتووە، ئەوا محەمەد مرد ؛ ئـەوەی دوای ئیسلام کەوتووە با بێتە کۆبوونەوە) . هەر لە کۆبوونەوەی" سقیفة بني ساعدە"وە تاکو کوژرانی عوسمان (٦٥٦) و، دوای ئەوە ئیتر تا ئـەمڕۆ، هەزاروچوارسەدو ئەوەندە ساڵ سیاسەت و کوشـتن و بڕینی ئیسلام، وەکو ئەوەی ئـاینەکانی تر، تـابلۆی مێژووی نەخشاند .

مرۆڤانی مرۆڤپەروەر و هـەستیار و ئـەهلی عیرفان، هـەمیشـە لە مێژوودا هـەبوون و هـەن و دەمێنن . ئـەوانە بەگوێرەی مێژوو و جوغرافیا، هەستی بەرز و پیرۆزیان لە چوارچێوەی زاراوەسازیی دەوروبەردا دادەڕێژن :

عیرفانی کۆنفوشیوسی، بوودایی، عیبرانی، مەسیحی و ... ئیدی، جیاوازییەکیان جگە لە بەرگی زاراوەسازییان نیە . لەبەرئەوە، دەکرێت کەسانێکی وەها لە تـەواوی مێژووی ئیسلامدا، بە دوو تەریقەتەکەی کوردستانیـشەوە، هـەبووبن، بـەڵام ئەوانە شتی لە سەداسەد" شەخسی" بوون و، نـە فریان بەسەر هیچ ئاینێکەوە هەبووە و نـە مڕ! من لام وایە، ئـەگەر ئەهلی عیرفانی هـەموو ئاینەکان بیانتوانیایە کۆ ببنەوە، ئەوا حەتمەن هەموو ئاینەکانیان هەر بە لەعنەت دەکردن!

کێ لە پیاوانێکی ئـاینیی قـادری و نـەقشبەندی" بە شەخسی" ئەهلی عیرفان بووە و، کێ مرۆڤێکی ئاسـایی سیاسەتی دنیا بووە، وەڵامی ئەوە لە نێوان " ئێجگار زۆر زەحمەت" و" بە موتڵەق نـاکرێت بیزانین"دایە . چونکە

تۆماری مەوزووعیی مێژووییمان بەدەستەوە نین . من کە بەتایبەتی تەریقەتی ( نەقشبەندیی) بارزان، بۆ مێژووی نەتەوایەتیی کورد زۆر سەرنجی راکێشاوم، کە سەیری سەرچاوەکان دەکەم، دەبینم کتێبی سەرۆکی هەرێم لەبارەی ئەوەوە(کە من- بەداخەوە- نەمدیتووە، بەڵام بەگوێرەی هێندێك قسەی کە لە هێندێك سەرچاوەی تردا دیتوومە) و، کتێبی " پێرەش" ( ئەیووبی شێخ بابۆی بارزانی) کە من فۆتۆکۆپییەکیم هەیە، لەگەڵ یەکتردا نـاگونجێن . ( من ماوەیەکی کورت پێوەندیم لەگەڵ کاك ئەیووبدا هەبوو، ئێستاش نامەیەکیم - بە عارەبی - لا ماوە کە لە لەندەنەوە بۆی ناردووم، بەڵام ئەوە ساڵێك پێش چاپی ئەوکتێبەی بوو) .کە ئێمە باسی فلانە ئاین یا تەریقەت یا ئیدیۆلۆجیا یا بـزووتنەوە لە میژوودا دەکەین، ئـەوە غـەیری دنیای تـایبەتی فلان تاك و فیسار تاکە . ئێمە باسی مێژووی کۆمەڵگە دەکەین . من نازانم چ " فلان تاك و فیسار تاکە"ی قادرییەکانی کوردستان وەکو مەنسووری حەللاج لە دۆخی توانەوە لە خودادا بووە و،لام وایە زەحمەتە کەسیش قەت بتوانێت بیزانێت . بەڵام" بزووتنەوەی" قادری، لای ماڵی بـەرزنجی، من هەر پرۆسەی سیاسەت و/ یا دەوڵەمەندبوونیکـاهینانێکی تێدا دەبینم . مەولانا خالید لە بەرانبەردا، وا دێتە بەرچاوم کە ئەهلی عیرفان بووە و، بە کـۆچی دوایی خۆی ( لە تەمەنی٤٧ سـاڵیدا، بەهۆی کۆلێرای کە لە شـام بڵاوبووەتەوە) ئیتر عیرفانەکەی لەگەڵ خۆیدا کۆچی کرد و، تابیعانی گەڕانەوە سەر شۆپی ئاسایی واقیعی ژیان : سیاسەت . ئیتر بە هـەمان تاس و هـەمان حەمامی نەریتی ئەمارەتەکان،" یـەك" شێخ نەیتوانی هەموو شێخانی تری هەر تەریقەتەکەی خۆیشی لە ژێر ئاڵای خۆیدا کۆ بکاتەوە ( شتێکی کە سەنووسی لە لیبیا توانی بیکات و نەوەکەی دەوڵەتی پێ دامەزراند) . بـەڵام، لە ماوەی نێوانی نـەمانی دەسەڵاتی بـەدرخان (١٨٥٣) و یـەزدان شێر(١٨٥٥) و دەرچوونی یـەکەم رۆژنامەی کـوردی (١٨٩٨) و ئـەوجا دامەزرانی یـەکەم رێکخراوی سیاسیی نەتەوەییکورد(١٩٠٨) و شەڕی جیهانییەیەکەمدا، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە نەقشبەند-ییەکان و، شێخ بابا سەعیدی غەوساباد لە قادرییەکان، کە هـەرتك هـەستی نـەتەوەییان هـەبوون، هەوڵیان داوە دەوڵـەتی کوردستان دابمەزرێنن . لەدوای ئەوان، شێخ مەحموودی قادری و شێخ سەعیدی نەقشبەندی، کە هەرتك هەستی نـەتەوەییان هەبوون، بە هاوکاریی رێکخراوانێکی سیاسی و رۆشنبیرانێکیکوردی نەتەوەیی شـارستان، هەوڵیان دا دەوڵـەتی کوردستان دابمەزرێنن .

بە شکست وکۆتایی ئەوانە، قۆناغی دەسەڵاتی سیاسیی شێخانیتەریقەتەکان - بەو سیفەتە- بەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا ( کە کەمێك لە نیو سەدەی پتر خایاند) نەما . بـەڵام بەرهەمی چالاکیی بەکارهێنانی تەریقەت کەوتە سیاسەتی نوێوە : تەریقەتی بـارزان ( بە مارکەی نەقشبەندی) کوڵەکەیەکی گەورە بوو، کە خانووی " پارتی

دیموکراتی کوردستان"ی لەسەر دامەزرا و، لەو ڕێگایەوە کەسانی وەکو برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی لە باشووری کوردستان توانیان - لە ڕێگای دیوەخانی خودانیّ بارزان - جێگای خۆیان لەسەر شانۆی سیاسەتی نەتەوەییدا بکەنەوە .

## ( ٧ )

## بـارزان

قۆناغی تەریقەت، گوتمان چەند هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی دیت . هەر وەك ئەولادی بەدرخان هەوڵیان دا خەونی دامەزراندنی دەوڵەت بەدیبهێنن، ئەولادی شێخانی تەریقەتیش : ئەولادی شێخ تاجەدین و شێخ عوبەیدوڵلای نەهریش زۆریان بۆهەمان مەبەست هەوڵ دا : هەوڵی شێخ عەبدوسسەلامی بارزانی و شێخ بابا لەگەڵ رووسان و، سەید تاهای (ی دووەمی) نەهری لەگەڵ رووسان و دوای ئەوە لەگەڵ ئینگلیسان، هەموو بەشێك بوون لە بەكارهێنانی دەسەڵاتێك كە تەریقەت لە ئەوەندە مێژوویسیاسیی ئەو قۆناغەدا بۆیدەرەخساندن و، دەیانتوانی پێی بكەونە مەیدانی سیاسەتێكی بەرینەوە .

بەڵام ئەو هەوڵانە سەریان نەگرت و، هەر مەڵبەندە لە قاوغی خۆیدا، بە دەسەڵاتێكی ناوچەیی و، فەرهەنگێكی تایبەتی خۆی بە ناوی ڕێبازی تەریقەت مایەوە و، زۆر وادەبوو كێشە وهەرای ڕەقابەتی زۆریان لەنێواندا دەبوو . ئەو شێخانەش وەكو هەموو شێخانی تری جیهان، دینەكەیان بەرهەمی خۆیان بوو و، ناوی" ئیسلام" بەرگێك بوو دەیانكردە بەری . ئیسلام لە هەر شوێنێكی دنیادا هەبێت، هەر وەهایە، دینی شێخانێكی ئەو شوێنەیە و، بەدەر- لەوانە وجوودی نیە . هەموو دینەكەیان بە زاراوە و هێندێك قسەی عارەبیی قورئان و حەدیس و ئەو شتانە دەڕازێننەوە بەڵێ، بەڵام ئەوە ئیتر هەمووی دیكۆرە، نە پتر .

شێخ رەشیدی لۆلان قەناعەتی بە تابیعانی خۆی كردبوو كە بەهەشت لە دەستی ئەودایە، ئیتر نوێژ و ڕۆژوو و ئەو شتانە، لە سنوورێكدا بەڵێ دەكرێت بەكەڵك بن، بەڵام دەشكرێت هیچ نەبن . دین" بزینیس"ی پەتیی نێوان " شەخسی خودا" و" شەخسی شێخ رەشید"ە، ئیتر قورئان و نازانمچی شتی ئەساسی نین، چونكە مەسەلە لە دواییدا هەر دێتەوە بەر دەستی ئەو دووانە : شێخ رەشید و خودای شێخ رەشید .

ئێستا ئەگەر بتوانین ئەتڵەسێك بۆ تایفەكان و جۆری تەریقەتەكان و دنیای جیاوازی شێخەكان لە سەرتاسەری دنیای ئیسلامدا دروست بكەین، تاكو بە ئەتڵەسێكی ئەفسانەكانی كۆنی یونان یا ئەوانەی ئەفریقا یا ئامازۆنی

بەراورد بکەین، ڕەنگە زۆر گەورە بێت و شتێکی زۆر بەکەڵك و خۆشی لێ دەرچێت .

بـارزانییەکانیش، باسی خەللاقیەتی لەوەی شێخ ڕەشید یشیان پتر هەبوون و، چیرۆکی سـەیروسەمەرەیان لێ دەگێڕنەوە . بەڵام خۆیان نکوڵی لە زۆریان دەکەن و، بە پڕۆپاگەندەی دوژمنانیانی دادەنێن ( شێخانی بامەرنی ... ئیدی) . یـەکێك لەو باسـانە - بەغوونە - دەڵێت کە گوایا شێخ ئەحمەدی بارزانی بە تابیعانی گوتووە گۆشتی بـەراز بخۆن و، بـارزانییەکان زۆر کەیفیان بەوە هاتووە ( بـارزان کێشەی بەرازی هەیە و سـاڵانە زۆر ڕاوەبەراز دەکەن) و، دوای ئەوە شێخانی تر لێیان لە هەڵلا داون و شێخ لەو قسەیەی پەشیمان بووەتەوە .

بەڵام من لێرەدا هەر تەنیا باسی ئەو شتانە دەکەم کە لێیان دڵنیام، گومانم لێیان نیە و بەم جۆرە بوون :

شێخانی بارزان، دڵسۆزترین خزمەتکارانی تابیعانیان بوون . ڕژێمی کۆمەڵگەی بارزان، ڕژێمێکی سۆسیالیستـ-یی سەرەتایی بووە . هـەموو، کاریان کردووە و، بەرهەم، دارایی تـایبەتی خاوەنی نـەبووە، دارایی " هەمووان" بووە . هەمووی، هەموو بەرهەمی خستووەتە بەردەستی" خودانێ بارزان"، کە بەیەکسانی بەگوێرەی پێداویستی هەر ماڵە و هـەر تاکە دابەشی کردووە : هـەرکەسە هەرچی بۆ کار لەتوانایدا بێت دەیکات و هـەرکەسە چـەندی پێویست بێت دەیبات . چینایەتی، لە سەردەمی شێخ تاجەدینەوە ئیتر بە هیچ جۆرێك لە بارزاندا نەبووە . جیا-کردنەوەی کەسانێك بە نازناوی" شێخ"، دابەشکردنی وەزیفە بووە و هیچی تر . نیسبەتێك لە داهات بۆ بودجەی خزمەتیگشتی دانراوە، بۆ حکومەتی بارزان، کە بەگوێرەی قانوونێکی ئەوپەڕی دیموکراتی بەکارهێنراوە . هەموو بڕیارێکی کاروباری گشتی لەو عـەشیرەتەدا بە دەنگدان و بە هەڵبژاردنی ئازاد بووە، سەرۆکیش وەك هەرکەسێك تێدا یـەك هەمان دەنگی هەبووە . هەر کوڕ وکچێك یەکتریان بوێت، دەتوانن پێکەوە بدوێن، لە بەرچاوی خەڵك گۆرانیی دڵداری بە یەکترهەڵبڵێن و دەستبازی بکەن و،هەموو شت جگە لە جنسەکە . بڕیاری بوونە ژن و مێرد هەر لە دەستی دڵبەر و دڵداردایە و،کەسی تر هیچ مافێکی بە سەرەوە نیە . خۆیان دەچنە لای خودانێ بارزان . خودان مەلایەك بۆ مارەییکردنەکە بانگ دەکات و دەیانکات بە ژن و مێرد و، سەرلەنوێ زەوی دابەشدەکرێنەوە تاکو بە ئەم تازەماڵەشەوە، دیسان زەویی یەکسان بۆ هەمووان هەبن . لە بودجەی مەرکەزی کە بۆ خزمەتی گشتی هەیە، پارەیەك دەدرێت بە تازەبووك و زاوا و، بە کاری‌هەرەوەزیی گوند خانوویەکیان بۆ دروستدەکەن و، ماڵیان بۆ سازدەکەن و ... ئیدی هەرچی پێویست بێت . هەر ژنێك یا پیاوێك کە بیەوێت لە هاوسەری جیابێتەوە ئازادە . ڕیزێك قانوونی دووردورێژ بۆ خێزان و دادگا و زیندان و زۆر شت هەن . هەمیشە هەموو عـەشیرەتی بـارزان وەکو

یەك گیان ولەشی یەك مرۆڤ رووبەڕووی ژیان و جیهان بووەتەوە . یەك شێخ نوێژ بۆ هەمووان دەکات و رۆژوو-یان بۆ دەگرێت . هەرکەسێك بەهەرهۆی سیاسی یا ئاینی ( بە موتڵەق هەر هۆیەك و هەر ئاینێکی دنیا) پەنای بۆ بارزان بردبێت، بارزان پەنای داوە و، بارزانی وابووە باجی زۆر قورسیان بۆ ئەوە داوە .
مرۆڤ، لێرەوە، لە کۆڵەکەکانی قەڵای بارزان دەگات، کە تەریقەتی شێخ تاجەدینی بلیمەتی سۆسیالیست ( بە مارکەی نەقشبەندی) بۆ پتر لە سەد ساڵ چۆنی راگرتووە .

هاوینێك، کە تەمەنم ١٤- ١٥ ساڵێ بوو، هەژار گوتی برۆ بۆخۆت مانگێك لە بارزان بە، نامەیەکی بۆ سەرۆك مستەفا بارزانی و یەکێکیشی بۆ شێخ ئەحمەد( خودانێ بارزان) بۆ نووسیم و پێی‌گوتم لەبیرت نەچێ دەستی شێخ ئەحمەد ماچ بکەی . ئیتر ئەوە رێك لەوکاتەدا بوو کە شەر دەستی پێدەکرد و، رێگاکان گیرابوون، سەد حەیف و سەد مخابن کە ئەو سەفەرەم بە نسیب نەبوو .

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، زۆر شتی ناخۆشمان لە باسی ماڵی بارزانیدا دیتن :
کوڕی سەرۆك مستەفا بارزانی چووە بەغدا و، شێخ خالید و ... ئێستا وا دەبێت ئەیووبی شێخ بابۆی بارزانی لە ماڵپیرەکانی دژی ماڵی بارزانیدا دەبینین و ... ئیدی . ئەوانە زۆرتریان، یا - بەهەرحاڵ- بەشێکیان، تاکتیکی عەشیرەتی بارزان بوون، من لام‌وایە حەقمەن ئەیووب ئێستا وایە . ئەوانی تریش قەت وانەبووە پشت لەعەشیرەتیان بکەن . سابیر لە بەغداشەوە پێوەندیی بە ماڵەوەی هەر مابوو و، مەلا حەسەن بارزانی لە بەغداوە جاسووسیی بۆ سەرۆك بارزانی و بۆ سۆڤیەتیش دەکرد( بەعسی ئیعدامیان کرد) . عوبەیدوڵڵای نیوە برای سەرۆکی هەرێم ( لە ژنێکی بارزانی، بارزانیەکان خۆشیان دەویست)، کە سەددام ئەویشی لەگەڵ سابیردا کوشت، شتێکی زۆر بێ کەڵك بوو، شتێکی لەبابەتی ئەم نیهادەی ئێستای برای سەرۆکی هەرێم بوو، بەڵام دیسان ئەویش پێوەندیی لە عەشیرەتی نەبڕابوو . نهێنی لەو ماڵەدا زۆرن و رەنگە زۆریان قەت دەرنەکەون .

هەژار نێوانی لەگەڵ پیرەکانی بارزاندا زۆر خۆش بوو و، من لەگەڵ ئەوانەمدا دیتووە، ئیتر بۆ کەسێکی کە لەناو ئەوانەی دیتبا و نەیناسیبا مەگەر بە پۆشاکی لەوانی جیابکردایەتەوە، ئەینا وای دەزانی یەکێکە لەوان .
بیرەوەریی سەیری لەگەڵ شێخانیاندا، بەتایبەتی شێخ بابۆدا هەبوو . شێخ بابۆ،کە پیاوی ئاینیی عەشیرەت بوو،

هەر خەریکی نوێژ و ڕۆژوو بوو و، بەلای چەك و چۆڵدا نەدەچوو . هەژار گوتی :

" جارێـك چوومە لای مەلا مستەفا، دیتم تفەنگێکی بە دووربینی بەدەستەوەیە و، دەیەوێ شێخ بابۆ فێر بکا چۆنی بەکاربهێنێ . دیار بوو شێخ بابۆ زۆر کەیفی پێ نـەدەهات . کوتم :« شێخ تۆ چت لەو تفەنگ و مفەنگە داوە، لێی گەڕێ، وەرە بۆخۆمان هێندێك قسەی خۆش بکەین» . شێخ گوتی :« وەڵڵا خەبەرا هەژارە» ( وەڵڵا قسەی هەژارە) و، وازی لە تفەنگ هێنا . مەلا مستەفا تـووڕە بوو،کوتی :« بۆ خـاتری خـودا تۆ لەم وەختەدا لەکوێوە لێمان پـەیدابووی، ئەوە من لەکەیەوە لەگەڵی خـەریك بـووم تا قەناعەتم پێ کردووە دەست بۆ تفەنگ بەرێ و، تۆ هاتی بە قسەیەك هەمووت تێكدا» " .

ئیتر " گـونـبـەدەکەی خـانـەقا"کانی تـەریقەتەکانی کـوردسـتان زۆریان تێدا بووە و، منیش مەگەر هەر لەگەڵ کۆمەڵناسی هۆڵەندیدا بڵێم : " کوردستان زۆرە و زانیاریی من کەم " .

# چ ژانێکی چ مرۆڤانێك بە چ شەوانێك چیی هێنایە دنیاوە

## ( تێهەڵچوونێکی دنیای شاعیرانێك و شتانێکی وا : ڤامپایەر و فرانکنشتاین)

(١)

یەکەم " ڤامپایەر"ی خوێنمژی ئینگلیس، چەند شەو و رۆژ بوو چاوەڕێی بەدوواداهاتنی" فرانکنشتاین "ی هاودووانەکەی دەکرد، تا لەگەڵ یەکەم تیشکی رووناکیی بەرەبەیانی شازدەی ژوئەن/ حوزەیرانی پێش ١٩٩ ساڵ (١٨١٦)دا، چوار زیندانی، سێ پیاو و یەك ژنی کە تەبیعەت زۆر بە تووڕەییەوە لە ڤیللای " دیۆتای "ی کەناری دەریاچەی جنێڤ لە سویسرا زیندانیی‌کردبوون، بە یەك دەنگ هاواریان لێ بەرزبۆوە :

هوررا ... فرانکنشتاین لەدایکبوو!

ئەگەر لاتوابێت ئەم قسانەی من خەیاڵن، ئەوا حەقمن زۆر سەهویت، چونکە ئەوە هەمووی، زۆر بە وردی، رێك بە حەرفی، بەو جۆرە، لەوکاتەدا، لەو شوێنە، روویداوە . ئەوەندە هەیە کە دەکرێت ئەم شێوە گێڕانەوەیەی من لە شوێنێکی تر نەبینیت، چونکە ئەو چوار زیندانییە ناوداره، زۆرتر وایە کە تەم و مژی سیحراویی رۆمانتیك " وەك عەبا دەوری لەشی داون "، لەکاتێکدا کە من لێرەدا هەوڵ دەدەم هەم وێنەی رووتی خۆیان لەبەر هەتاو و هەم زەمینەی دەوروبەریان وێڕا بگرم و، هەم گوێ بە دڵیانەوە بنێم و مێشکیان بخوێنمەوە .

لە زۆر ساڵانی پێش ١٨١٦شەوە باو بوو، گەشتوەرانێکی زۆر لە زۆر شوێنی دنیاوە خۆیان دەگەیاندە کەناری دەریاچەی" جنێڤ"ی سویسرا و، ئەوە هیچ شتێکی سەیرو تایبەتی نەبوو و، ئاوڕێکی تۆماری مێژووی نەدەهێنا . بەڵام زۆرتری شەوانی ژوئەن/ حوزەیرانی ١٨١٦ شتێکی تر بوو ... چ شەوانێك ... چ شەوانێك ... ئەی براڕۆ چ شەوانێك، هەر چ شەوانێك ؟ چ رۆژانێکیش ؟ ... بڵێ چ حوزەیرانێك ؟ یا چ هاوینێك ؟

ئاسمانی ئارام و سافی پڕ درەوشانەوەی ئەستێرەی شەوان و، هەتاوی گەرم و نەرمی رۆژان، ئاوی دەریاچەی لە ئاسمانی ئارامتر و، پیاسەی گەشتوەرانی دەست لە دەست و دەست لە مل لەبەر هەتاوی رۆژ یا تریفەی زیوینی مانگ، بە کەناری دەریاچە و مێرگ و گوڵفەرشی شیو و دۆڵ و داوێن و لاپاڵی چیایانی دەوروبەریدا ... ئێستا لەم حوزەیرانەدا لە هاوینی جنێڤ تووڕە و تەرە بوون . تەبیعەت دڵی‌گۆڕیبوو، زۆر پیس تووڕە ببوو، دەموچاوی خراپ گرژ کردبوو، نەك هەر هیچ جوانییەکی لە خۆی پیشان نەدەدا، بگرە دەموچاوی بە شێوەیەك تێکنابوو،

خێسەی وەهای دەکرد کە زەندەقی مرۆڤی دەبرد ،- هێمن ئەو بولبولە سەر بێ تووکە گوتەنی -" شەڕەبا بوو لە چیا-کان و هەوا تووش " بوو ، چەخماخەی هەورەتریشقە بوو ، شەپۆلەکانی گەرداوی دەریاچە کەفیان دەچاند ، تەرزە بوو ، رێژنەی باران بوو و ، سەرمایەکی ئێجگار زۆر بوو ... تەبیعەت هیچی تێدا نەهێشتبۆوە ... ئای چ تووڕە بوو ... چ تووڕە بوو ... چ تووڕە بوو!

بەڵام مەسەلە چی بوو ؟ هاوینی جنێڤ بەوجۆرە ؟ نەبیستراوبوو پێشتر قەت شتی وەها رووی‌دابێت، شتێکی ئێجگار زۆر سەیر بوو ، وەك ئەوەی کە بڵێین لە چلەی هاویندا بەفر ئەوەندە لە عارەبستان ببارێت کە بە تەواوی کەعبەی تێدا ون ببێت . بەڵام ئیتر ئەگەر بیستراوبوو یا نەبیستراوبوو، دەبوو ئێستا هەرکەسە فریای خۆی بکەوێت، رابکات و خۆی لە ماڵ بخزێنێت، دەرگا و پەنجەران چاك دابخات و، جارێ بیر لە کردنەوەیان نەکاتەوە .

بەڵام تەبیعەت لە کێ تووڕە بوو ؟ لەو چوار زیندانییەی کە " ڤامپایەر " و " فرانکنشتاین "یان دەبوون ؟ ئەو چوار زیندانییە کێ بوون ؟

چوار ئینگلیس بوون، یەك ژن و سێ پیاو ( یەکێکیان لە باوکێکی ئیتالیایی و دایکێکی ئینگلیس) : دوویان، دوو شاعیری گەورەی رۆمانتیکی ئینگلیس" لۆرد بایرۆن" ( تەمەن ٢٨ساڵ) و " شێلی " ( تەمەن ٢٤ ساڵ) و، " پۆلیدۆری" ( باوك ئیتالیایی) ی نووسەرو بژیشك (تەمەن ٢٠-٢١ ساڵ!) و،" ماری وۆلستۆونکرافت"ی خانمی شێلی ( تەمەن نیزیکەی ١٩ ساڵ )، کچی" ویلیام گۆدوین Godwin "ی فەیلەسووفی ئانارشیست و نووسەر و " ماری وۆلستۆونکرافت"ی فێمینیستی چالاك و نووسەر . دایك و کچ هەمان ناویان هەبوو . کچ تەمەنی ١٠ رۆژ بوو کە دایکی مرد ، ئیتر هەر ناوی دایکی لێ نرا ، بەڵام " گۆدوین" زۆرتر هەر وە دووی ناوی کچەکە خۆی دەخرێت، تا مێرد بە پێرسی شێلی دەکات ئیتر" گۆدوین"ەکەی دەبێت بە شێلی . وادیارە دایکە فێمینیستەکەی توانیویەتی نەهێڵێت ناوی مێردی وەدوو ناوی خۆی بخرێت .

(٢)

بەڵام مەگەر تەبیعەت لە رقی ئەو چوار کەسە بوو کە ئەو هەمووە خەڵکەی سزا دەدا ؟ مەسەلە چی بوو ؟

ئەگەر ئەوسا ئەو پرسیارەمان لە مامۆستایەکی جوغرافیای وەك " گراجرند "ی" رۆژگارێکی سەخت Hard Times "ی چارلز دیکنز بکردایە، ئەوا مشتی لەسەر مێز دەدا و، هاواری بۆ " فاکت"ەکان ( حەقیقەت) دەکرد ، تەنیا فاکت و، هیچ نا بێ لە فاکت و، دەیگوت :

" پێش چاردە مانگ، گڕکانی چیای تـامبۆلا لە ئیندۆنیسیا تـەقیوەتەوە، لەهی و لافاوی تووشی چین کردووە، برسێتیی خستووەتە ئیتالیاوە، وەرزی کشتوکاڵی ئینگلستان و فەرەنسای خراپ کردوون و، ئاژاوەی سیاسیی بەهۆی کـەمیی خۆراك تێدا نـاونەوە . ئـەمریکا تەنانەت لە مانگی ژوئەن/ تەمووزدا بـەفری لێ باریوە . کەواتە نەدەکرا « جنێڤ» یش بەر تەئسیری گڕکان نەکەوێت ."

کە هەمووی بێگومان راستە، بەڵام ئەگەر هەمان پرسیارمان لە هونەرمەندێکی تێکەڵی فەلسەفە، بڵێین لە هونەر-مەندی وێنەی سوریالی" نەسرین ئیسکەندەری" بکردایە، دەکرا وەڵامی بە تابلۆیەك بدایەتەوە کە تووڕەیی جۆرە " هێفێستوس" ێکی خودای یونانیی پیشانبدایە، چۆن لە چوار لەو گەشتوەرانەی‌کەناری دەریاچەی جنێڤ تووڕە بووە، ویستوویە هـەم لە سەر شکاندنی دڵی ئەوەندە کیژۆڵان، دوو شـاعیر سزا بدات و،هـەم بۆ دوورخستنەوەی ئاهەنگی لەدایکبوونی" ڤامپایەر"ی خوێنمژ و" فرانکنشتاین" لە تەبیعەتی ئارام، نەهێڵێت ئەو چوار گەشتوەرە، ئەو چەند شەو و رۆژە، پێیان لە ناو چوار دیواری ڤیللای دیۆتای بەولاوە بچێت .

بەڵام ئەو چوار گەشتوەرە چییان‌کردبوو ؟ بۆچی چووبوونە ئەوێ ؟ ڤامپایەر و فرانکنشتاین کێ بوون ؟ و چۆن لەوێ لەدایکدەبوون ؟ و بۆچی هونەرمەند ئەوە بە سزای هێفێستوس بخاتە وێنەیەوە ؟

بایرۆن و شێلی، لە ماڵە دەوڵەمەندان بوون و، خەمی پەیداکردنی نان و ئاویان نەك هەر نەبوو، بگرە خەمێکی ژیانیان ئەوەبوو نەیاندەزانی چۆن ئەو پارە زۆرەیان بۆکوشتنی بێتاقەتییخۆیان بەکاربهێنن . ئا لەو ئینگلستانەی ئەو سەدەیەدا ،کە لە نەسلی دوای ئەوانیشدا، دەبینین" چارلز دیکنز"ی بلیمەت چ کارەساتی ژیانیهەژارانی ئەو وڵاتەمان بۆ وێنەدەگرێت ( ئـەگەر هەر تەنیا لە " ئۆلیڤەر تویست"ی بنۆڕین، کە دەکەوێتە دەستی " ڤێیگین" لە لەندەن، هاوپیشەی " زیطە"ی " زقاق المدق" ی " نجیب محفوظ"ی قاهیرە ــ با بە دڕندەییەکی کەمتریش بێت) .

ئا لەو سەدەیەدا ،" بایرۆن" و" شێلی"،هەرچیی خۆشی بە پارە وەدەست بهاتایە دەیانکرد ، لە خواردن و خواردنەوە و ( ئەفیوون) کێشان و، - هێمن گوتەنی- وەکو بەرانی سوڵتان مەحموود بـەرەڵڵا و تـەرخان، خەریکی دۆزینەوەی خۆشییەکانی دنیا بوون، کە حەقەن بێ زگپڕکردنی کیژۆڵانیش نـەبوو ... هیچیان نـەهێشتبۆوە تاقییان نەکرد-بێتەوە و، هـەر دانـەدەمرکان و هـەدایان نـەدەدا . گـەورەتـریـن لەعنەتی کە بە سەر خۆیانەوە دەدیت ئـەوەبوو کە "ئینگلیس" بوون . ئینگلیس ( بە رۆژنامە و گۆڤارانیشەوە) لە ئینگلستان هەمیشە بەدوویانەوە بوون و، باسی جۆرەها شتیان بە روودا دەدانەوە کە لۆرد بایرۆن و شێلی نە دەیانزانی یانی چی و، نە دەیانویست بیزانن : شەرم و حەیا و ئابڕوو و حەیسیەت و نازانمچی و چی! دوور نیە رۆژێ سەدجار تفیان لە خۆیان کردبێت : ئێ سەگباب

چ دەبوو بۆ خۆت ئیتالیایی بوویتایە و، لە ڤینیس بژیایتایە، ئەوەتا برادەران لەوی هاتوونەتەوە دەڵێن" دەتوانیت هەر دایك و باوك و كچێك لە ڕێگا رابگریت و پێیان بڵێیت « كچەكەتان بۆ شەوێك بەچەند ؟ ئەی بۆ چوار شەو بەچەند ؟ »، یا سویسرایی بوویتایە و لە كەناری دەریاچەی جنێڤ بوویتایە، بە راست و بە چەپدا بە دڵی خۆت بكردایە،یا یونانی بوویتایە یاهەر شتێكی‌تری غەیری ئینگلیس، ئەم ئینگلیسە بەحەیا و مەیا و ئابڕوو ومابڕووە تەڕەماشە چی بوو تووشمان بوو ؟

(٣)

" بـایرۆن" پێیەكی كێشەیەكی هەبوو و، هەر بە شەل لەدایك ببوو . مامۆستاكەی لە خوێندگە پێی‌گوتبوو شەق - وەشـاندن بۆ پێی باش بوو، مەبەستی تۆپی پێ و شتی وا بوو، خۆ نەیگوتبوو لە خەڵك هەڵبدات، بەڵام ئیتر ئەوە رەوشتی بایرۆن خۆی بوو كە زوو- زوو بە شـەق وەڵامی خوێندكارانی بێحەیای دەدانەوە و، كەم رۆژ هەبوو بە بەجێهێنانی ئامۆژگاریی مامۆستاكەی بەوشێوەیەی خۆی كەتنێك نەنێتەوە . بـایرۆن، كە نێوانی جنسیی لەگەڵ نیوە خوشـكی خۆی ( ئاوگوسـتا)، لە هـەمان بـاوك و لە دایكێكی تـر، دەستی پێ‌كرد، بە زوویـی دەمی هەموو ئینگلستانی لێ كرایەوە : ئەیەڕۆ چ ئابڕوو و چ چی و چ ناچی ... ئێ من خۆم و خوشكی خۆم، ئەو رازی و من رازی، ئیتر ئەوە چیە ئەم هەمووە ئینگلیسەمان لێ بوون بە قازی ؟ بایرۆن بەتەواوی دیقی بەدەست ئینگلیسانەوە كردبوو .

" شـێلی" لە هـەمان تۆپە قوماش بوو، لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا چووە زانكۆی ئۆكسفۆرد و، هێشتا لە ساڵی یـەكەمی خوێندنیدا بوو كە نامیلكەیەكی بە ناوی " پێویستیی بڕوانـەبوون بە خودا" نووسـی و، لە سەر ئەوە لە زانكۆ دەركرا . كەسوكاریشی بەوە زۆری لێ رەنجان ... هەی هەتیوی كافری لەعین . هەر ئەو سـاڵە كە لە زانكۆ دەركرا، تێكەڵی كیژێكی شـازدەساڵانە بوو ( هارییێت وێستبرووك) . سێ ساڵ دوای ئەوە، ئەو ژنەی بە زگپڕی واز لێ هێنا و لەگەڵ " ماری گۆدوین" دا چووە سـویسـرا، بەونیازە كە كۆمەڵگەیەكی تـایبەتی " ئـەڤینی ئـازاد" لەوێ دابمەزرێنێت و، ئیتر رزگاری بێت لە ئـابڕوو و مابڕوو و ئەو شتانە ( كۆمەڵگەی ئەڤینی ئازاد ... ئەگەر مەلا شـكور ئەمەی بدیتایە دەبوو چ ناوێكی كوردیی بۆ بدۆزیایەتەوە ؟ ) .

هارییێت، ساڵی ١٨١٦، بۆ جاری دووەم، لە نێوانێكی جنسیی لەگەڵ كەسێكی ئەوسا" نەناسراو"دا زگپڕ بوو ( هەرچەندە ئەم هەمووە زگپڕكردن و زگپڕبوونانە لە چیرۆكەكانی تەورات دەكەن، بـەڵام ئەوسا ئیتر وابوو، ئەوانە

چەپ و جۆرێك ئانارشیست یا تەنانەت هیپی بوون و، هێشتا حەبی پێش‌پێ‌گرتنی ئەوە دروست نەبیوو) .

هارییێت، ٩ی دیسامبری هەر ئەو ساڵە لە تەمەنی ٢٠-٢١ ساڵیدا لە نیزیکی هایدپارکی لەندەن خۆی فڕێدایە ئاوەوە و خۆی (و بزەکەی) کوشت . ئیتر ماری و شێلی لە ٣٠ی هەمان مانگدا بە رەسمی بوون بە ژن و مێرد ، ماری ( لە دایکی خۆی کەمتر فێمینیست) ناوی خۆی لە " ماری وۆلستۆونکرافت گۆدوین"ـەوە کرد بە " ماری شێلی" . ( دوو مانگ پێش ئەوە،" فانی"ی نیوەخوشکی ماری لە هەمان دایك و لە باوکێکی تر، خۆی کوشتبوو . ئەوانە هێندە تێربوون و هەموو شتێکیان تاقی کردبۆوە، ئیتر وادیارە هەر خۆکوشتنیان بۆ مابۆوە تاقی بکەنەوە) .

من کە ژیننامەی دیکنز و ئەم لە دنیا وەرەزانە بەراورد دەکەم، دەبینم ئەوانە بە هاسانی شەرعی خۆیان دەکەن : ئەسڵەن شتێك بە ناوی سێکس، رۆمانس، تەنانەت یەك ماچی نەرمی پەپوولەیی ئەڤین لە ئەو هەمووە بەرهەمەی دیکنزدا نابینم . کە ماچێکی تێدا دەبینم، بە بێ ئەوە بزانم مەسەلە چیە، زۆرتر وایە لە قاقای پێکەنین دەدەم، چونکە دەزانم ئەوە حەقەن چەخماخەی پێش رێژنەی کارەساتێکە و، بەزوویی دەردەکەوێت کە چ کاڵەکەمارانەیەکە لە بێستانی بەدبەختیدا ، وەك ئەو ماچەی کە ئەستێلا لە " Great Expectations چاوەڕوانییە ( یا ئاواتە) مەزنە-کان"یدا دەیدا بە" پیپ"ی مێردمنداڵ، هەر خوێنی جەرگی لێ دێت، یا ئەوەی لە" Pickwick Papers پیکویك-نامە"کەیدا . ماچی چی و ئەڤینی چی و رۆمانسی چی ؟ ئەو بەدبەختە، چەوسانەوەی ژیان و دیمەنی زۆرانی لە خۆیشی چەوساوەتر بەدەورییەوە، وا قاڵیان کردبوو کە سەدوهەشتا دەرەجە بەپێچەوانەی بەرانەکانی سوڵتان مەحموود گووڕابوو . بە منداڵی، لە تەمەنی ١١-١٢ ساڵیدا، " بە رێکەوت" فڕێیانەدا زیندانەوە . ئەوسا ئەگەر قەرزدارێك لە ئینگلستان قەرزی بۆ نەدرایەتەوە و شکایەتی لێ بکرایە، بە خاووخێزانەوە فڕێیان دەدانە زیندانەوە، ئیتر کە باوکی چارلز دیکنز قەرزی بۆ نەدرابۆوە و شکایەتی لێ کرابوو، پۆلیس چوونە ماڵی و هەموویان رەپێچکی زیندان کردن، بە رێکەوت چارلز و خوشکی لەخۆی بەتەمەنتر لەو لەحزەیەدا لە ماڵ نەبوون و بەوە رزگاریان بوو . خێزان دوازدە حەفتە لە زینداندا مانەوە و، رێکەوتێکی کە جارێك لە ژیاندا روودەدات، رووی‌دا و بووە هۆی دەرچوونی خێزانەکە لە زیندان : دایکی باوکی چارلز دیکنز مرد و، میراتێکی بەشی ئەوەندەی بۆ کورەکەی جێهێشت کە توانی قەرزەکەی پێ بداتەوە و بەوە خۆی و خێزانی لە زیندان دەرچن .

چارلزی منداڵ بەتایبەتی لەو دوازدە حەفتەیەدا زانی ژیانی هەژاران لە لەندەن چ کارەساتێك بوو .

بۆ دوورنەکەوتنەوە لە ئەسڵی باسەکەم و تا لافاوی جادووی چارلز دیکنزی بلیمەت لەگەڵ خۆی نەبردووم، هەر دەمەوێت بڵێم لەکاتێکدا کە لۆرد بایرۆن و شێلی بە رادەیەك لە شیرینیدا نقوم و وەڕەز ببوون کە ژیانیان بەوە لێ

تاڵ ببوو، دیکنزی هەمان سەدەی ئینگلستان ( نەسلی دوای ئەوانیش بوو) وەها لە تاڵیدا نقوم و وەڕەز ببوو کە بە نووسینی کاریکاتۆر دەیویست لەو تـاڵییەدا خۆشـییەك بگووڕێنێت : تۆ ئـەگەر " هەژاری مرۆڤ و دەوروبەری یا کارەساتی کۆمیدیاییەك" یا چیرۆکەکانی دەربەندیخانی" سـەرداری مـەحـمووی حـەمەمـراد"ی نـووسـەری خۆشەویستمان بۆ ئەوروپاییەکی شارەزای دیکنز باس بکەیت، دەکرێت گورج هاوار بکات " دیکنز ... دیکنز ... دیکنز!" چونکە ئەوانە ئیتر پڕن لە کەسانێك کە لە رۆژئاوا پێیان دەڵێن " کەسایەتییە دیکنزییەکان" . ئەو کەسا-یەتییانە لەکوێ و دنیای بایرۆن و شێلی لە کوێ ؟

(٤)

بایرۆن و شێلی لە وەڕەزیی لە ژیانی زێدە کەیفچێتی و، ماندووبوون لە گوشینی مەمك و پشکواندنی کیژۆڵانی نەپشکووتوو، پەنا دەبەنە بەر ڤیللای زۆر گرانی نیزیکی دەریاچەی جنێڤ، کە هاوینەکە لەوێ وەها بەسەربەرن کە بەڵکو دیسا خوابکات هەستی رۆمانتیکی بەشی شیعرێکی نوێیان بۆ بێتەوە ژوان، چونکە ئەوان بە رادەیەك بە بۆنی ئەو هـەمووە مەمك و شتانەی ئەو هەمووە خانم و خانمۆڵانە کەوتبوون، کە ئیتر نـەیاندەزانی چۆن دیسان باڵ بگرن و بکەونەوە فڕین بە ئاسمانی شیعری زێدە رۆمانتیکدا .

پۆلیدۆری، دەوڵەمەند نـەبوو، دە مانگ بوو خوێندنی بژیشکیی تەواو کردبوو . لۆرد بایرۆن پێی‌گوت ببە بە بژیشـکی تـایبەتی من و لەو گەشتەی ئـەوروپامدا لە خزمەتدا بە، معاشێکت دەدەمێ و، بەوە کە نووسـەریت، ئەمە هەلێکە لە ژیاندا بۆت هەڵدەکەوێت کە بۆخۆت دنیا ببینیت و ئەوە حەقمن بۆت بەکەڵك دەبێت ( پۆلیدۆری، بـاوکیشی پێش چوونە ئینگلسـتان، لە ئیتالیای زێدی، سکرتێری شاعیر و دراماتیستی ئیتالیایی ڤیتۆریۆ ئالفییێری ببوو) . بایرۆن، دواتر " ئاوگوستا"ی نیوە خوشـکەکەشی دەهێنێتە لای خۆی لەو ڤیللایە، بـەڵام لەم باسەی ئێستای ئێرەی ئێمەدا - بە پێچەوانەی زۆر سەرچاوەی هەڵە - هێشتا ئاوگوستا نەهاتبوو و، هەر ئەو چوارە بوون کە ناومان بردن .

ڤیللای دیۆتای، پێش تەشریفـهێنانی حەزرەتی لۆرد بایرۆن، کە بە فووی موبارەکی کیژۆڵەکانی زگپڕ دەکردن، ناوی ڤیللای " بێل ریف" ( کەنارئاوی جوان) بوو، بـەڵام گوایا خاوەنەکەی بە خزمایەتییەکی دوور دەگەیشتەوە پیاوێکی " دیۆتای" ناو، کە ئەویش دۆستێکی " جۆن میلتن" ببوو ( شاعیری گەورەی سەدەی حەڤدەی ئینگلیس ... و نووسەر و کاربەدەستی دەوڵەتیش) . لۆرد بایرۆن ( کە ڤیللاکەی بە کرێ‌گرت، بۆ ماوەی لە ١٠ی حوزەیرانی

١٨١٦ەوە تاکو ١ی نوامبری هەمان ساڵ)، بەهۆی ئەوەوە ناوی ڤیللاکەی گۆڕی و کردی بە " ڤیللای دیۆتای"، لەکاتێکدا کە ڤیللاکە لە سەردەمی مسیۆ" دیۆتای"دا هێشتا هەر دروست نەکرابوو، دوای ئەو لە سەدەی هەژدە دروست کرابوو، بەڵام ئیتر دەڵێیت چی، لۆرد بایرۆن - وەکو هەژار لە مهاباد - هەرچی گوتبێتی هەرچەندە قۆڕیش بووبێت هەر بۆی بە موعجیزەی پیرۆز دانراوە و شوێنی خۆی گرتووە . من باسی وردەکاریی ناو ڤیللاکەم بەتەواوی بەرچاونەکەوتووە،بەڵام ئەو ڤیللایە ئێستاش ماوە و، لە وێنەکەیەوە دیارە کە زۆر گەورەیە . ماری دەڵێت کە خۆی و مێردی،" هاوسێ"ی لۆرد بایرۆن بوون،کەواتە هەرکام لە بەشێکی ڤیللاکەیدا ئەگەر بیویستایە دەیتوانی لەوی تر سەربەخۆ بوایە، بەڵام بەهۆی هەلومەرجی خراپی کەشوهەوای دەرەوە وادیارە زۆرتر هەر پێکەوە دانیشتوون و خواردوویانەتەوە و ئەفیوونیان کێشاوە .

ماری، نووسەر و هۆگری رۆمانتیك بوو و زۆرتر بە هاندانی کلێرخانم( کچی باوەژنی ماری لە پیاوێکی تر پێش مێردکردنی بە باوکی ماری) تێکەڵ بە دنیای رۆمانتیکی شێلی ببوو . کلێر خانم - بەگوێرەی ئوسووڵ و قاعیدەی جەماعەت - زگپڕ بوو ( لە لۆرد بایرۆن، ئەوەبوو کچێکی بوو، ناویان نا " ئالێگرا" ... مەگەر کچ لەناو ئەوانەدا ئەگەر چیای بێستوونیش بوایە، دەکرا تێی نەچوونایە ؟) . - خودا پێم نەگرێت، بەڵام - زۆر وێدەچێت کلێر خانم مەبەستی خۆی لەوەدا هەبووبێت . ئەسڵەن ماری ئەوسا هەر لە ماڵی باوکی نەدەژیا، ئەو هەمووە شاعیر و نووسەر و شتانەی کە دەچوونە ماڵی باوکی فەیلەسووف، زۆرترهەر کلێرخانمیان دەدیت، ماری هەر کە بەسەردان دەهاتەوە ئەوانەی دەدیت،ئەمجارەش هەر لە سەردانێکیدا" شێلی"ی دیتبوو . وادیارە کلێر وەها ماری لە شێلی دەئاڵێنێت، تاکو لە دەستی" لۆرد بایرۆن"ی دووربخاتەوە، ئەوەکا دڵی لۆردی نائارام بەلای "ماری"شدا بڕوات ... کە حەقەن دەڕۆیشت، مەگەر دەکرا نەڕۆیشتایە ؟ دڵی ئەوانە چۆمی سابڵاغ بوو لە بەهاریدا، ئەمرێوەڵلا وا دەڕۆیشت نەبێتەوە، ئەویش زگپڕ دەکرا . هەرچەندە دەرکەوت کە ئەو دوورخستنەوەیەش بێکەڵك بوو، چونکە دەبینین ماری دوای مێردکردنیشی وا لەگەڵ "لۆرد بایرۆن"دا لە ڤیللای دیۆتای پێکەوەن و،کلێر بەوە ئۆقرەی لێ هەڵدە-گیرێت و بە زوویی بۆ ئەوێش دوایان دەکەوێت، لە کاتێکدا کە زۆر وێدەچێت بایرۆن لێی تێر و وەڕەز بووبێت و لەدەستی رایکردبێت .

## (٥)

## لەدایکبوونی کتێبی فرانکنشتاین

جا وەرە بیهێنە بەر چاوی خۆت، بایرۆن و شێلی کە لە دنیادا جێیان نەدەبۆوە، ئێستا ئاوا لە ڤیللایەکدا بپەستن و،

نـەتوانن پێ بخەنە دەرەوەی دەرگاوە، لەگەڵ ئەو دووانەی تردا وەکو چوار پشیلەی سیامی بخەیتە قەفەسێکەوە و دەرگای قەفەسیان لێ دابخەیت و، سەیریان بکەیت بزانیت چی دەکەن . شەرابی زۆر، ئەفیوونی زۆر و ... بـەڵام زۆریی دڵتەنگییان هەر لە زۆریی شەراب و ئەفیوون زۆرتر بوو، ئەوان بۆچی هاتنە جنێڤ و جنێڤ چیی بەسەر هێنان .

هەر چوار رۆمانتیك، شەوانە بە دەوری ئاگردانەوە کۆدەبوونەوە،بە دەم خواردنەوەی شەراب وکێشانی ئەفیوون، دەکەوتنە گێڕانەوەی چیرۆکی ترسناك بە دەنگی بەرز، خوێندنەوەی کتێبی باسی دێو و درنجان و غوولی بیابان و ئەو شتانە ( کە لە دنیای ئەدەبیاتی ئینگلستانی ئەوسا بە" گۆتی" ناودەبران) . باسی نووسینەکانی " ئیرازموس داروین"ی باپیری " چارلز داروین"ی بەناوبانگ کرا، باسی" گالڤین" کە پێش چەند ساڵێك سەری نەشتەرێکی لە بۆقێکی مردوو دابوو، بۆقەکە ماسـولکەکانی بە ئەودیودا بزواندبوو و، ئیتر ئەوەی لەوساوە بە " گالڤینیزم" ناودەبرا ( پێش سێزدە ساڵ لە لەندەن لە " جۆن فۆستەر" ناوێك دوای ئیعدامکرانی تـاقیکرابۆوە) . زۆر کتێبی ترسێنەریان خوێندنەوە،" فانتازیاماگۆریانا"ی فەرەنسییان خوێندەوە کە وەرگێڕاوی هەشت چیرۆکی ئـەڵمانیی ترسێنەری دەگرتەوە ( پێش سێ ساڵێك چاپ و بڵاوببۆوە، ئەو جۆرە چیرۆکانە زۆر هی ئـەدەبیاتی ئـەڵمان بوون، ئـەڵمانی کە سـنووری لەگەڵ وڵاتانی ئـەورووپای رۆژهەڵاتدا هەیە، چیرۆکی ڤامپایەرە خـوێنمژەکانی بـالکان، رۆمانیا و ... ئیدی) . شێلی، باسی سەفەرێکی پێش دوو ساڵی خۆی کرد کە چۆن لە ئـەڵمانیا بە لای قـەڵای " فرانکنشتاین"دا تێپەڕیوە، قەڵایەکی لە سـەدەی سێزدەوە، کە چەندە ئەفسانە لەبارەیەوە هەبوون، لە شوێنێکی بەردەڵان و لێڕی چڕ و تاریکدایە .

جا وەرە ماری خانمی ناسـك و رۆمانتیك، بە مەستیی شـەراب و فڕینی خەیاڵی ئـەفیوونەوە، بە گڤەگڤی بای دەرەوە و گرمەی هەور و هەورەتریشقەوە، باسی ئەو شتە خۆشانەشت بۆ بکەن بە شەوچەرە و، بەسەرییەوە بخەویت و خەون ببینیت ... دە خەون ببینە دەی!

شـەوێك لەو شـەوانەی کە ئەو رۆمانتیکانە لەو ڤیللایەدا ئـاوایان بەسەر دەبرد، بایرۆن - دەڵێن - بەوە کە زۆر وێدەچێت ویستبێتی فیز بفرۆشـێت و زۆرتر بۆ رووبەڕووبوونەوەی شێلی بووبێت، پێشنیاری کردووە کە" بـا هەرکامەمان هەوڵ بدات چیرۆکێکی ترسێنەر بنووسێت، با بزانین کێ لەوەدا وەستا دەردەچێت" .

شێلی، کە دوور نیە لەو مەلەلانێیە ترسـابێت، زۆری خـواردەوە و، زۆری ئـەفیوون کێشـا ، لەوانی تـر پتر، تـا لە پـڕێکدا رەنگی هـەڵبزرکا و سـەیری دوو گۆی مەمکی " ماری"ی ژنی کرد ( کە دەبێت دیاربووبن) و گوتی

ئەوە چیە ؟

چیە ؟ مەمکمە .

مەمکی چی ؟ من دوو چاوی سووری عیفریت دەبینم!

عیفریتی چی و شتی چی بێ قەزا بیت پێرسی ؟

شێلی لە کوڕ و دوو چاوی سووری عیفریت رادەکات و، لە ترسانا خۆی لە جێگا دەخزێنێت و لێفە بە سەر دەمو- چاوی خۆیدا دەکێشێت ... ئای ... هەر وەك عیفریت نەتوانێت لێفەی لەسەر هەڵداتەوە! دەبێت قورسیی شەرابی زۆر، " بایرۆن"یشی زوو دوای ئەوە کێشابێتە ناو جێگاوە و خەوی‌کردبێت، ئیتر فیزی بایرۆن و خەیاڵی عیفریتی شێلی هەمووی بۆش دەرچوو . ئەوانەی شەوەکە لە سەر جێگاکەیان مانەوە بیر لە نووسینی چیرۆکی ترسێنەر بکەنەوە و،لەدواییشدا بۆیان کرا، ماری و پۆلیدۆری بوون، نەك بایرۆن یا شێلی . شێلی هەر هیچی بۆ نەکرا و، بایرۆن ( ١٧ی حوزەیرانی ١٨١٦) بە شەش لاپەڕەیەك شتێکی نووسی . پۆلیدۆری، چیرۆکێکی ڤامپایەری نووسی، کە یەکەم چیرۆکی ڤامپایەری بە زمانی ئینگلیسی بوو و، بەوە بناغەی بۆ چیرۆکی " دراکولا"ی " برام ستۆوکەر"ی کۆتایی ئەو سەدەیەی نۆزدە (١٨٩٧) داڕشت .

ماری، شەوانێك، کە دوای ئەم بەزمی مەجلیسەی حەریفان دەچووە ناو جێگا، بە بیری نووسینەکەیەوە ئەملا و ئەولای دەکرد، بیری لە قسەکان دەکردەوە، لە باسی" گالڤین" بەڤوونە : ئەگەر ژیان بخرێتەوە ماسوولکەی لەشی مردوو، بۆچی نەخرێتە بەشێك یا بەشانێکی پتری لەشی مردوو ؟ هەمان کاری کە بەرگدروو بە قوماش دەیکات، بۆچی مرۆڤ بە پارچەکانی لەشی مرۆڤانی مردوو نەیکات ؟ چاوێکی ئەم مردووە زیندوو بکاتەوە و لاقێکی ئەوەی تر و نازانمچیی مردوویەکی سێیەم و هەموویان تێك‌بخاتەوە . یا پارچەکانی مردووانێك تێك‌بخات و، یەك لەشی تەواوی مرۆڤێکیان لێ دروست بکات و، ئەوجا دوای ئەوە ژیانی تێ‌بخات . بۆچی خوێندکارێکی زیرەکی نەشتەرسازی - بڵێین - بە ناوی " ڤیکتۆر فرانکنشتاین" ێکی خەڵکی جنێڤ، نەتوانێت ئەو کارە لە لابراتوار (تەزموونگە)یدا بکات ؟ ئەو خەیاڵەی " ساینس فیکشن" ( خەیاڵی عیلمی) بە رادەیەك سەری داگرت، شەوێك کە تووشی تایەك بوو، مۆتەکەیەك هاتە سەر سنگی، ماری بە چاوی خۆی، خوێندکارەکەی ئەو خەیاڵەی دیت کە خەریکی دروستکردنی مرۆڤی زیندوو بوو لە مردووان . کە وەخەبەر هات، ئەوەی لە مۆتەکەکەی لە بیریدا مابوو خستە سەر کاغەز و ناوی نا چیرۆکی فرانکنشتاین .

ئیتر هاوار بەرز بۆوە هوررا ... فرانکنشتاین لەدایکبوو!

ئەوە بەرەبەیانی ١٦ی ژوئەن/ حوزەیرانی پێش ١٩٩ ساڵ (١٨١٦) بوو .

(٦)

ماری، بە هاندان و پشتگیریی مێردی، کەوتە سەر کارکردن لە سەر ئەو ڕەشنووسەی چیرۆکی فرانکنشتاین و، زۆری لەبەریەککێشا و، دوای دوو ساڵ،بە دەوری دووسەدوبیست لاپەڕە،بە سێ بەرگ و بە بێ ناوی‌خۆی لەسەر، چاپ و بڵاوکردەوە . ( لێرەدا بۆ کورتکردنەوەی ناوەکان، بە ژنەکەی شێلی هەر دەڵێم ماری و، بە پێرسی خۆی دەڵێم شێلی) .

ماری، چیرۆکەکەی وا داڕشتووە کە بیرەوەریی کاپتنی کەشتییەکە : کاپتن" ڕۆبەرت والتن"ی ئینگلیس،کە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی، بە کەشتییەکەی، بە رووسیادا دەچێتە قوتبی باکوور، قۆناغ بە قۆناغ، باسی گەشتەکەی بە نامە بۆ ساڤیل خانمی خوشکی لە لەندەن دەنووسێت . کە دەگاتە قوتب، لەوێ، ڕۆژێك دەبینێت دوو زەلام لە دوورەوە بەوگالیسکانەوە کە سەگ دەیانکێشن،یەکیان بەدووی ئەوەکەی ترەوە،دیارە دوژمنی‌یەکترن و شەڕیانە . یەکێکیان گالیسکەکەی لە سەهۆڵاودا نقوم دەبێت و خۆی بە هەزارناڵی‌عەلی لەسەر پارچە سەهۆڵێك دەگرێتەوە، کاپتن فریای دەکەوێت و دەیهێنێتە سەر کەشتییەکەی و پرسیاری لێ دەکات چ باسە، کێیە و لەو سەهۆڵبەندەدا چ دەکات ؟ زەلام چەند ڕۆژێك بە دووردرێژی ژینامەی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە کە: من ناوم " ڤیکتۆر فرانکنشتاین "، کوڕی " ئالفۆنس فرانکنشتاین"ی کاربەدەستی نەجیب و دەوڵەمەندی شاری جنێڤ، ئەمە چیرۆکی ژیانمە .کە گێڕانەوەی چیرۆکی تەواو دەکات، دەمرێت . ئەوجا دوژمنەکەشی، کە فیلەتەنێکی ترسناکە، پەیدا دەبێت . ئەویش قسەی خۆی لای کاپتن دەکات و، دەڵێت وا منیش دەچم خۆم لەناودەدەم و، وا دەردەکە-وێت کە هەر واش بووبێت و خۆی سووتاندبێت .

ئیتر چیرۆك تەواو دەبێت .

ماری، لەسەر چاپی دووەمی ئەو کتێبەی، ساڵی١٨٢٣، ناوی خۆی نووسی و، خەڵك زانییان کە ئەوە نووسینی ژنێکە، ئیتر هێندێك لەو کەسانەی کە تا ئەوسا هیچیان لەبارەیەوە نەگوتبوو، یا تەنانەت هێندێك لەوانەشیان کە گوتبوویان پێیان خراپ نەبوو، ئێستا کە زانییان ژن نووسیویە، پەشیمان بوونەوە و گوتیان کوڕە دە یاڵڵا ئەوە کەی کتێبە ؟!

هەر سێ بەرگی کتێبەکە لە چاپی سێیەمدا (١٨٣١) وێکڕا بە یەك کتێب چاپ کراوە ( من وێنەیەکی چاپکرا-وەی ئەوەم هەیە، کە دەستکارییەکانی چاپی پێشتریشی تێدا بۆ کراون بە پاشکۆ ) .

ژیان و مەرگی فرانکنشتاین و مەخلوقەکەی، وەك کە فرانکنشتاین بۆ کاپتنی گێڕاوەتەوە :

خوێندکاری زۆر زیرەك " ڤیکتۆر فرانکنشتاین"ی کوڕی" ئالفۆنس فرانکنشتاین"ی کاربەدەستی دەوڵەمەند و بەڕێزی شاری جنێڤ، دوای چوار ساڵ خوێندن لە زانکۆی شاری " ئینگۆلشتات"ی ئەڵمانیا، دوو ساڵ لە لابراتوار بە دروستکردنی پیاوێکی زیندوو لە پارچەکانی مردووان خەریك دەبێت . بەڵام چونکە زۆر پارچەی ورد لە لەشدا هەن، بۆ کارەکەی وای بە هاسانتر دەبینێت پارچەکان زل بکات تا باش بیانبینێت و لێکیان بدروێت . بەوجۆرە، پیاوێکی بە بالای هەشت فووت ( نیزیکەی دوو میتر و نیو) دروست دەکات ... هەر کە " مەخلووقەکە، شتەکە، دەعباکە، دزێوەکە، ئیبلیسەکە ... ئیدی" ( هەر شتی وەهای پێدەڵێت و قەت ناوێکی لێ نانێت) ژیانی تێدەگەڕێت، ڤیکتۆر فرانکنشتاین دەبینێت مەخلووقەکەی ئێجگار زۆر دزێوە . ئیتر کاری کارخانە وەهایە، هێندێك جار هێندێك شتیش خراپ دەبن، ( ئەوەی تێدا نیە، بەڵام من لای خۆمەوە دەڵێم بزانە لە گرتنەوەی چ کەرەستەیەکی پێویستدا، نیوکەوچکێك سرکەی پتر تێکردووە ... و تۆزێك خوێیەکەشی زیاد بووە، ئیتر دەمو-چاوی مەخلووقەکەی هەم ترش و هەم سوێر دەرچووە!)، بالاکەشی ماشاڵڵا لە بالا و،هەر دەستەی بولدۆزەرێك، دەمی وەك دەمی شۆڤەل و، لاقی لاقی فیل ... دە توخوا ئەوە چی بوو من دروستم کرد ؟

... کە دەمارەکانی مەخلووق خوێنیان تێگەڕا و لەشی کارەبای تێچوو و چاو خەریك بوون دەکرانەوە ... جا وەرە ڤیکتۆر لە ترسان تێیتەقێنە و راکە! خۆم بەخۆمم کرد ئامۆزا گیان ... ئێستا من سەری خۆم بۆ کوێ هەڵگرم تا لە بەلای ئەم دەعبایەی دەستکردی خۆم دوور بم ؟ زۆر لە دەرەوە سووڕایەوە و، نەیدەزانی چی بکات، تا دوایی بە پشتگیریی مەعنەویی باشترین هەڤاڵی خۆشەویستی خۆی، کە ئا لەو لەحزەیەدا لە جنێڤەوە هاتبووە سەردانی، دوای هێندێك خواردنەوە و سەرگەرم بوون، شەو لەگەڵ هەڤاڵەکەیدا درەنگ دەگەڕێتەوە و، زۆر بە ترس و لەرز و، وەکو پشیلە بەسەر زەویی تەڕدا بڕوات هێدی- هێدی دەچێتەوە شوێنەکەی خۆی، دەبینێت " شتەکە" نەماوە، رۆیشتووە ... ئۆخەیش! رزگارم بوو لەو کەتنەی کە بەدەستی خۆم بۆخۆم نایەوە . بەڵام مەگەر بەڕاستی رزگاری بوو ؟ نەخێر، رزگاری چی و شتی چی ؟ مەگەر چوونە حەمام و لێ دەرچوونی وەکو یەکن ؟ ئەو پیاوی دروست کردووە، ئێ پیاو پێویستیی بە چی هەیە ؟ بە ژن . وەك مامە " تیتۆ" لە فیلمی " ئامارکۆرد"ی " فێلینی"دا دەچێتە سەر دارێك و هاوار دەکات " ڤۆجلیۆ ئوونا دۆنا" ( من ژنێکم دەوێت!) و ... ئەگەر ژنم نەدەنێ نایەمە

خوارەوە ... کوڕە دایکت چاك بابت چاك، خۆ تۆ چۆلەکە نیت رۆڵە، لە ڕێی خوادا وەرە خوار ... نایەم! " ئوونا دۆنا"م دەدەنێ دێم، نامدەنێ نایەم! . " شتەکە" ی" ڤیکتۆر فرانکنشتاین"یش " ئوونا دۆنا"ی دەوێت .

شتیش چ شت ؟ فیلەتەنێك بە هێزێکی نائاسایی، کە دەستی بۆ هەرچی بەرێت، لە دەستیدا وێران دەبێت . مەگەر ڤیکتۆر فرانکنشتاین ژنێکی هەر لە نەژادی مەخلوقەکەی خۆی بۆ دروست بکات ( بەس ئەمجارەیان ئاگای لە سرکە و خوێیەکەی بێت، گوناحە ژن وای بەسەربێت) . کە ژن و پیاوی وەها بگەنە یەك، دیارە نەتیجە-کەش ئەوەیە کە منداڵیان لە نەژادیخۆیان دەبن . ئێ کە ڤیکتۆر خۆی لە یەکێك لەوانە ئەوەندە زەندەقی چووبێت، ئەوجا دنیا ئەو نەژادەشی تێبکەوێت دەبێت چیی بەسەر بێت ؟

کری چیرۆکەکە بریتیە لە شەڕی نێوان دروستکەر و دروستکراو . تۆ کە دروستم دەکەیت، دەبێت پێویستیشم بەجێبهێنێت . ماری لێرەدا وشەی " مۆنۆمانیاك" ( شێت و ماخولیای هەر یەك تاقە نوختەی شتێك و نەدیتنی هەموو نوختەکانی تری کە پێوەندییان پێوە هەیە) زۆر لەجێی خۆیدا بەکاردەهێنێت و، کە تەواوی مەغزای چیرۆکەکە هەر بە دەوری مەبەستی ئەو وشەیەوە دەسووڕێتەوە .

(٧)

کاتێك " شتەکە" دەچێتە جنێڤ و، کیژۆڵە بچکۆلەکەی خوشکی ڤیکتۆر دەبینێت و،کیژۆڵە لە شکلی دەترسێت و دەیەوێت هاواربکات،" شتەکە" بەئەسپاییەك دەست بە قوڕگییەوە دەگرێت و هەر بۆ ئەوە کە پێی بڵێت وس بە، مەترسە، من کارم بە تۆ نیە . منداڵ دەستبەجێ دەمرێت . ئەو دەستە ئەگەر وە قوڕگی فیلیش بکەوتایە دەیخنکاند، منداڵی ناسکۆڵە کوا بەرگەی ئەوە دەگرێت . هەرچەندە " شتەکە" مەبەستی کوشتنی نەبووە، بەڵام کاتێك کە دەیبینێت منداڵەکە مردووە، " فەرهەنگی ئینسان " لە دەمارەکانیدا دەجووڵێن، ملوانکەی کیژۆڵەکە دەبات و دەچێت دەیخاتە دەستی کیژێکی خەوتوو لەجێگادا کە دڵسۆزترین دەستەخوشکی دەزگیرانی ڤیکتۆر و منداڵە مردووەکە بووە . بەوجۆرە، کیژی بێگوناهـ بە تاوانی کوشتن بۆ دزینی ئەو ملوانکەیە، دەگیرێت و ئیعدام دەکرێت ( دیارە لێرەدا ئەدەبی رۆمانتیکی شین و رۆڕۆ و کارەسات و یەك دنیا دیالۆگی نێوان کیژۆڵان دەخوێنینەوە، کە دەبێت دڵمان قایم بێت و بە خوێندنەوەی زێدە نارەحەت نەبین ) . شوێنی دەستی " شتەکە" بە سەر ملی منداڵەکەوە دیارە، پەڵەی گەورەی رەش ( دەبێت ڤیکتۆر لە دروستکردنیدا زێدە گریزی رەشی تێکردبێت!) . ڤیکتۆر کە ئەوە دەبینێت، دەستبەجێ تێدەگات ئەوە کاری کێیە،کێ غەیری مەخلوقەکەی ئەو

له دنیادا دەستی وا زەلام وگریزاویی هەیە ؟ كەس . ئەوجا دیالۆگی فەلسەفی له نێوان ڤیكتۆر فرانكنشتاین و " شتەكە"ی مەخلووقیدا : تۆ منت به مرۆڤ دروست كردووە و، مەگەر ئەوەی كه من دەیكەم كاری مرۆڤ نیه ؟ مرۆڤەكان له دنیا وا ناكەن ؟ ئێ كه دەزانیت مرۆڤ ئەوەیه، بۆچی دروستت كردم ؟ مەگەر من غەریزەم بەدەست خۆمه ؟ ( زۆر لەو دیالۆگانەی كه رەنگه ماری هێندێكیانی له مەجلیسی باوكیدا بیستبێ، لێرەدا دەبینینەوە ) .

" شتەكە" بەڵێن دەدات كه ئەگەر ژنێكم بۆ دروست بكەیت، ئیتر وازت لێ دەهێنم و، ون دەبم . ڤیكتۆر دەچێت له دێیەكی ئارامی ئینگلستان دەست پێ دەكات كه ژنێكی بۆ دروست بكات و، رزگاری بێت . نیوەی ژنێكیشی بۆ دروست دەكات، بەڵام پەشیمان دەبێتەوە و، تێكوپێكی دەشكێنێت . " شتەكە " لەبەرانبەردا، كه لەحزە به لەحزە بەدوویەوەیەتی، باشترین هەڤاڵی ڤیكتۆر دەكوژێت . كاتێك ڤیكتۆر تاریخێك بۆ گواستنەوەی دەزگیرانە-كەی دادەنێت، " شتەكە" پێی دەڵێت :" له شەوی چوونە پەردەدا، پێش ئەوە به ژنەكەت بگەیت، ژنەكەت دەكوژم، تۆ دەتەوێت بۆخۆت به كام بگەیت و منیش به بێ هاوسەر بنالێنم ؟ نا، من ئەو زوڵمە قەبووڵ ناكەم . هەر واش دەبێت . بووكی ڤیكتۆر له شەوی گواستنەوەدا و، پێش ئەوە كه ڤیكتۆر پێی بگات، به كوژراوی و پەڵەی رەشی دەستی " شتەكە" بەسەر ملییەوە لەسەر جێگا لەبەردەمی زاوای ناكام دەبێت .

ئیتر شەڕی نێوان ئەو دروستكەر و دروستكراوە، له سەرتاسەری دنیادا درێژەی دەبێت تا هەرتكیان له ناو سەهۆڵی قوتبی سەهۆڵبەندانی باكوور لەناودەچن و چیرۆك دەبڕێتەوە .

ماری، شیعری سێ له شاعیرانی رۆمانتیكیشی خستووەته ئەو كتێبەیەوە : كۆلریج ( كه ئەویشی لای باوكی دیتووە)، شێلی ( مێردی)، وۆردزوەرث . چیرۆكێكیش كه وادیاره كلێشەی ئەوساش بووە، تێدا سەرنجی ئێمە-مانان رادەكێشێت :

" مۆهاماتان"! ( محەممەدی، مسوڵمان) ێكی تورك، چەندە لەگەڵی باش دەبن و له پاریس له مەرگی رزگار دەكەن، كەچی زۆر سپڵە دەردەچێت . بەڵام ژنەكەی، كه عارەبێكی مەسیحیی چاك بووە و ئەو توركە مسوڵمانە خراپە كڕیویه، كچەكەی ( سافی خانم) به مەسیحیەت پەروەردە كردووە . ئیتر كچ له دەستی باوكی رادەكات و مێرد به جەوانە مەسیحییە قارەمانەكە دەكات . ئێمە ئەوە له كتێبەكەدا چۆن دەزانین ؟ له چیرۆكی مەخلووقەكە كه بۆ " ڤیكتۆر فرانكنشتاین"ی دەگێڕێتەوە، كه دەڵێت من ئەو شتانەم له دنیا دیتوون!

حوزەیرانی ساڵی داهاتوو، تەمەنی ئەو کتێبە ئیتر دەبێت بە دووسەد ساڵی تەواو . من بە دووری نابینم بەو بۆنە-یەوە دیسان باسی بێتەوە کۆڕوکۆمەڵانی ئـەدەبی و زانستی، گرێدانەوەی ئـەوە بە پەرەسـەندنی زانستی کۆپی کردنەوەی زیندەوەران ( بەنموونە " دۆلی"، مەڕەکەی کە تەمووزی ١٩٩٦ لە ئینگلستان کـۆپیکرا و تا شـوباتی ٢٠٠٣ ژیا ) و، دەستکاریی جینەکان و لەدواییدا کۆپیکردنەوەی مرۆڤان و، راسپاردنی داڕشتنەوەی رەوشتیان و ... ئەو قسانە .

سنووری نێوان ئەوەی کە " خەیاڵی عیلمی" ( ساینس فیکشن)ی پێ دەڵێن و، خەیاڵی رۆمانتیك یا ئەفسانە، رەنگە هەمیشە روون نەبێت . دەکرێت هێندێك عونسور لە شتی وەك " چیرۆکی باڵی و بارام " ( مێژووی ئەدەبی کوردی - سـەجادی؛ چەرخوفەلەك تێدا، شکڵەکەی و ... ئیدی )، یا تـەنانەت " هـەزارویەك شەو"، یا لە کتێبە ئـاینییەکاندا، بۆ هێندێك لێکۆڵەرەوە بە عونسوری خەیاڵی زانستی بدیترێن . فرانکنشتاین"ی ماری، زۆر بە روونی رۆمانێکی " خەیاڵی زانستی"یە، بەڵام ئەوەندەش لایەنی فەلسەفی و، هاواری مەترسیی لە زانست تێدا هەیە، کە دەکرێت " هەموو حەواس بۆ تاقە یەك شت چوون و، نـەدیتنی هـەموو شتەکانی تری کە پێوەندییان بە ئەو یـەك شتەوە هەیە" ( مۆنۆمانیاکی) چ کارەساتێك بۆ مرۆڤ بنێتەوە . هێزی ئـاتۆمی کە خۆمان دروستمان کردووە و، دەکرا لە چەرنۆبیلەوە یا لە ژاپۆنەوە ژیانی هەموو مرۆڤی سەرزەویی داهێنەری ئەو زانستەی کۆتایی پێ بهێنایە . هەر وەك فرانکنشتاین و دەستکردەکەی هەرتك لەناوچوون، ئێمەش لەگەڵ دەستکردەکەماندا وامان بەسەر بهاتایە . کەواتە، دەڵێت دەبێت مرۆڤ زۆر بیر لە هـەموو لایەنەکانی هەر زانستێکی نوێ بکاتەوە . بۆ زانستی جینەکان و کۆپیکردنەوەی زیندەوەران هۆشیار بین، ئاسۆی بیرکردنەوەمان لە" مۆنۆمانیاکی"دا نەبێت . نـەوەکا دوایی بـەرهـەمەکەمان دەرمانبکـات و جێگامان بگرێتەوە، هەر وەك ئێستا کە دەڵێن" فرانکنشتاین"، مەبەست لە دەستکردەکەی فرانکنشتاینە، دروسـتکەرەکەی چیتر نـاخوێندرێتەوە . بەرهەمەکەی، ناوەکەی لێ سەندووە و جێگای گرتووەتەوە .

" فرانکنشتاین" ناوێکی ئاساییە لە ناو ئەڵمانان (واتا "بەردی فەرەنگان")، لێرەدا لە ناوی خاوەنی قەڵایەکەوە بە بیری" ماری"دا هاتووە، بـەڵام ئیتر ماری کردوویە بە زاراوەیەکی نوێ لە فەرهەنگی زانستی و سیاسیشدا . بەنموونە : لە شەڕی سارددا، کامپی سەرمایەدار و سۆسیالیست ( سۆڤیەت)، هەر کام لە پڕۆپاگەندەیدا وادەبوو ئەوەکەی تری بە فرانکنشتاین ناودەبرد . کەسانێك هەبوون گوتوویانە کە کارگەی شۆڕشی بۆلشـەفی بە دەستی خۆی فرانکنشتاینێکی دروست کرد کە ناوی " ستالین" بوو .

## (٨)

## ڤامپایەر

خەیاڵی هەبوونی" ڤامپایەر" لە زۆرکۆنەوە، بە شێوەی جیاواز، لە فەرهەنگی مرۆڤدا هەبووە. ڤامپایەر مەبەست لە " مرۆڤی مردووی زیندوو" بووە، کە شەوانە لە گۆڕەکەی دەرچووە و، خوێنی خەڵکی مژیوە و، توانیویە بەو خوێنە بژیت. لە هێندێك فەرهەنگدا تێکەڵ بە غوول کراوە (گۆشتیشی خواردووە). وابووە شەوانە بە شێوەی شەمشەمەکوێرە یا مشك یا شێوەیەکی تر هاتوچۆی کردووە. وابووە خوێنی هەر کەسێکی مژیبێت، ئەو کەسە خۆی و کەسوکاری بەدبەخت بوون و، یا ئەو کەسەش وەکو ئەوی لێ هاتووە و، بووە بە خوێنمژ. گوایا مامۆستایەکی زانکۆیەك (زانکۆی ناوەندی فلۆریدا) ساڵی ٢٠٠٦ لێکۆڵینەوەی کردووە، تێدا گەیشتووەتە ئەو نەتیجەیە کە ئەگەر ئەو قسەیەی دوایی راست بوایە، ئەوا هەر بە چالاکیی ڤامپەیەرانی لە سەرەتای ساڵی ١٦٠٠ ـەوە، ئێستا هەموو مرۆڤی جیهان دەبوو ڤامپایەر بوونایە!

قۆناغەکانی تەفروتوونابوونی لەشی مرۆڤی مردوو بەوە دەست پێدەکات کە زگ دەئاوسێت و، خوێنی لەش لە دەمدا کۆدەبێتەوە. ئیتر کە مرۆڤ شتێکی وەهای مردوویەکی لە گۆڕێکدا بەرچاوکەوتووە، بە جۆرەها خەیاڵی - زۆرتر- ئاینی، وەهای لێکداوەتەوە. تەنانەت لە دەوروبەری ئەوکاتەدا کە پۆلیدۆری" ڤامپایەر"ەکەی نووسیوە، خەڵك لە ئینگلستان هەبوون کە گۆڕی مردوویەکیان هەڵداوەتەوە کە بە ڤامپایەریان داناوە و خاچیان لە سینگیدا چەقاندووە، تاکو نەتوانێت ئیتر دەرچێت و خوێنی تابیعانی عیسای مەسیح بمژێت!

هۆگرانێکی ئەمڕۆی چیرۆکەکانی ڤامپایەر هەن دەڵێن ئەو چیرۆکانە زۆر" جنسی"ین: پیاو دوای مردنی، لە گۆڕەکەی دەرچێت و، بە شەو، بە شێوەی شەمشەمەکوێرەیەك بەسەر شاردا بگەڕێت و، لە پەنجەرانەوە سەیری کیژۆڵان بکات کە لە ناو جێگادا خەوتوون، کە یەکێکی بە دڵ بوو، بچێتە ناو جێگاکەی و خوێنی لێ بهێنێت! ژنیش هەن زۆریان پێ جنسییە و جۆرەها خەیاڵی خۆیان بۆ ئەوە هەیە.

باسی ڤامپایەر لە دنیادا، زۆر بە هاسانی کتێبێکی هەزار لاپەڕەیی دەگرێتەوە و، من نامەوێت لێرە پتری لەسەر بڕۆم، بەڵام هەر بۆ تەواوکردنی ئەم باسەی ئێرەم بە پێویستی دەبینم باسی " ڤامپایەر"ەکەی پۆلیدۆری بکەم.

" ڤامپایەر"ی " پۆلیدۆری"، ئەو نوسخەیەی من هەمە، هەمووی بیست لاپەڕەیە. من کە یەکەم دوو لاپەڕەیم لێ خوێندەوە، پێکەنینێکی زۆرگرتمی و، ئیتر زۆربەی چیرۆکەکەم هەر بە پێکەنینەوە خوێندەوە، چونکە هەر لە یەکەم

دوو لاپـەڕەیەوە لێم ئـەوپـەڕی روون بوو،کە " لـۆرد روتڤین Lord Ruthven "ی ڤامپایەری خوێنمژ تێدا لە خەیاڵی نووسەریدا هەمان " لـۆرد بایرۆن"ـە! ... ئای کە پۆلیدۆری حەشری پێ دەکات، پێی دەڵێت : کەسێکی ئاریستۆکراتی کە ژنان لێشی دەترسن و دەشیانەوێت، بەئەدەبییەکی ساردی سەهۆڵاویی هەیە و، بەڵام سـەگباب و سەرسەری! هەر بەدووی ئەوەوەیە چ کچێك هەڵبخەڵەتێنێت و، کەمترین مانای نامووس و شەرافەت نـازانێت. پارەی هەیە و لافی ئەوە لێدەدات کە چاکە لەگەڵ خـەڵك دەکات، بـەڵام - خودا شاهیدە- هـەر کەسێکی کە ئەو دەنکە جۆیەکی دابێتێ، لە دواییدا یا کـەوتووەتە سەر سـاجی بەدبەختترین عەلی لە دنیادا و تێدا چـووە، یا لە سێدارە دراوە! ... ئـەوە خێرەکەی ... هەی ... وا بەخێرەکەی. لەبەرانبەردا، " ئۆبری Aubrey" ( کە ئـاشـکرایە پۆلیدۆری خۆیەتی) : جەوانێکی رێکوپێك و بەئـەخلاق و بە ئینساف، بە هەتیوی و بێکەسی گەورە بووە، بـەڵام خۆی پێگەیاندووە و، هەتا بڵێیت بەرێزە و وا تووشی ئەو لۆردە سەگبابە بووە!

بەڵام ئیتر چی لە دنیا دەکەیت،وا رێککەوت کە ئۆبری حەزیدەکرد بچێت دنیا ببینێت و هێندێك لێکۆڵینەوەی شـوێنەواری شتی کۆن بکات . لۆرد پێیگوت با پێکەوە برۆین، چونکە منیش دەمەوێت بچم گـەشتێك بکەم. چوون . هەر لە رێگا، لە عارەبانەدا، ئۆبری لێی بێتاقەت بوو، ئەو لـۆردە مردوومراوە، نـە قسەیەکت لە دەمی دەبیست و نە شتێکت لە چاویدا دەدیت کە هەستت پێ بکردایە لەگەڵ هاورێگایەکدا بوویت . کە گەیشتنە رۆما، لـۆرد ماوەیەك ون بوو و،"ئۆبری"یش چوو سەیری هێندێك شوێنەواری کۆن بکات . ئۆبری لە رۆما نامەی لە لەندەنەوە پێگەیشت، نامەیەکی خۆشکی و، ئەوجا هی ئەوانەی لە لەندەن بەسەر داراییەکەی رادەگەیشتن، ئەوانە بۆیان نووسیبوو کە لە راهی خودادا دەستبەجێ لەو لۆردە سەگبابە دووربکەوەوە و، کارت پێ نـەدابێت . ئۆبری کە چوو سەیری کرد، دیتی وا لۆرد لە ژوورێکدا خەریك بوو کیژێکی هەڵدەخەڵەتاند، ئیتر پێیگوت : تۆ لەگەڵ ئەو کیژەدا بە تەمای چیت ؟ دەتەوێت بیهێنیت ؟ لۆرد وەڵامێکی پووچی دایەوە و،کاتێك ئۆبری پێری لەسەر رۆیشت، لۆرد هەر بە قاقای پێکەنینێك کۆتایی بە باس هێنا . ئۆبری خۆی لە لۆرد جیاکردەوە و، دوای ئەوە کە دایکی کیژەکەشی ئاگادارکردەوە کە ئاگای لە کچەکەی بێت نـەکەوێتە داوی ئەو لۆردە سەگبابە،چووە یونان، تا لەوێ هێندێك لێکۆڵینەوەی شوێنەواریی خۆی بکات .

لە یـونان، لە خانێك دەمایەوە، خاوەنی خان کیژێکی هـەبوو، ناوی " ئیانتێ Ianthe " بوو، هێندە جـوان بوو، بۆ ئەوە دەبوو نیگارکێشێك بە مۆدێلی خۆی دابنایە و رەسمەکەی لەسەر کەتانێك بکردایە و بیگوتایە ها ئـەمەتا بـەهەشتی " مۆهامێت"! ( محەمەد) . ئۆبری کەوتە داوی ئـەڤینەوە و، کیژ لەگەڵی دەردەچوو، پیاسـەیان دەکرد،

دەگەڕان و قسەیان دەکرد . کیژ، له قساندا، باسی" ڤامپایەر"یشی دەکرد، که دەیگوت حەقەن راسته هەن و، بۆ " ئۆبری" ی باسدەکرد ئەوانه چۆنن و، هەرچی له باسی ڤامپایەردا دەیگوت، ئۆبری دەیدیت که - سوبحانەڵڵا- دەتگوت وەسفی لۆرده سەگبابەکەی بۆ دەکات! بەڵام ئۆبری چونکه بڕوای به هەبوونی ڤامپایەران نەبوو، بیری بۆ ئەوه نەدەچوو که لۆرد ڤامپایەر بێت ... بەڵام رێکەوتەکەشی پێ سەیر بوو، چونکه وەسفی که دڵبەری له ڤامپایەری دەکرد، لەسەداسەد هی لۆردەکه بوو .

رۆژێك، ئۆبری بۆ راپەڕاندنیکارێك پێویست دەکات بچێته شوێنێك . ئیانتێ و کەسوکاری که ناوی شوێنەکەی لێ دەبیسن، تکای لێ دەکەن پێش تاریکبوون گەڕابێتەوه، چونکه لێرێك لەسەر رێگای ئەو شوێنه هەیه که شەوانه ڤامپایەری تێدا چالاکن و، قەت هیچ یونانییەك نەیوێراوه بۆ دوای ئێواره لەوناوه بێت . ئۆبری ئەوانەی پێ خەرافات و قسەی قۆڕن و دەڕوات . هەرچەنده بۆ خاتری دڵی دڵبەری، بەڵێنی دابوو که زوو بگەڕێتەوه، بەڵام ئیتر سەرگەرمیی کارەکەی هەر دوای دەخات و، ئێوارەی لێ دادێت و، له نەتیجەدا، کارەساتی گەوره دەبینێت . ڤامپایەر خوێنی ئیانتێ دەمژێت و بەوه دەیکوژێت . دایك و باوکیش له خەمی کچیان دەمرن . تۆمەز لۆردیش هاتووەته ئەو دەوروبەره . ئۆبری، به کارەساتی دڵبەری جوانەمەرگی، تووشی هیستیریا و جۆرەها لەرز و تا و ئەو شتانه دەبێت .

لۆرد دێته لای و، به زمانی لووس و فێڵبازی، داوای لێبوردن و، زۆر خزمەت و ئاگاداری لێکردنی لەو هەلو- مەرجەدا که ئۆبری پێویستی به ئاریکارێك هەیه، دیسان خۆی لەگەڵدا رێكدەخاتەوه . ئەوجا پێکەوه به یونان‌دا دەگەڕێن . تووشی جەرده دەبن و، شەڕ دەقەومێت و، گوللەیەکی چەتان لۆرد دەپێکێت و دوای دوو رۆژێك روون دەبێتەوه که له مردنه . پێش مردن، داوا له ئۆبری دەکات که بەڵێنی شەرەفی پێبدات له هیچ شوێنێك لای هیچ کەس باسی نەکات، نه باسی رەوشت و رابردووی و نه خەبەری مەرگی، تاکو یەك ساڵ و یەك رۆژی بەسەر دەچێت . ئۆبری بەڵێنی شەرەفی پێ دەدات . ئۆبری به هەمان رێگای رۆمادا دەگەڕێتەوه، دەبینێت کیژەکەی که کاتی خۆی لۆرد ویستبووی هەڵیبخەڵەتێنێت، بێ سەروشوێن ببوو و کەسوکاریشی کەوتبوونه سەر ساجی عەلی و بەدبەخت ببوون .

له لەندەن، خوشکی ئۆبری حەز له پیاوێك دەکات و دەبێت به دەزگیرانی . ئۆبری که پیاوەکه دەبینێت، سەیر دەکات هەمان ئەو " لۆرد روتڤین"ـه مردووەکەیه، زەق و زیندوو و هەر زیتەی سمێڵی دێت . که ئۆبری دەیەوێت شتێك بڵێت،لۆرد وەبیری‌دەهێنێتەوه : هێی! تۆ بەڵێنی شەرەفت داوه کەهیچ نەڵێیت . ئیتر هیچ ناڵێت . ئێوارەی

شەوی چوونە پەردەی خوشکی ئۆبری لەگەڵ لۆرددا، کە ڕێك ساڵێك و ڕۆژێك دوای بەڵێنەکەی ئۆبری دەبێت، ئۆبری نامەیەك بۆ خوشکی دەنێرێت، هەموو شتێکی لەبارەی لۆردەوە بۆ تێدا دەنووسێت. بەڵام نامەکە درەنگ دەگات و، خوشکی ئۆبری خوێنی دەمژرێت و دەمرێت و، لۆرد ئیتر لەوساوە ون و بێ سەروشوێن دەبێت.

ئەم چیرۆکە، سێ ساڵ دواتر (١٨١٩) کە یەکەمجار چاپ و بڵاوکرایەوە، ناوی" لۆرد بایرۆن "ی بە ناوی نووسەری لەسەر بەرگەکەی بوو! بۆچی؟ بەهانەی بڵاوکەرەوە ئەوەبوو کە ئەگەر لەسەر بەرگەکەی بنووسرێت نووسینی" لۆرد بایرۆن"ـە باشتر دەفرۆشرێت! ئێستا من پۆلیدۆریم لەبەرچاوە چۆن لەبەرخۆیەوە جنێو بە لۆرد بایرۆن دەدات: هەی لۆرد ڕوتڤینی سەگباب ئەوەشت کرد؟

تەبیعی، پۆلیدۆری لەسەرئەوە وەدەنگ هات و، ئیتر دوای ئەوە ڕاست کرایەوە و هەر ناوی پۆلیدۆری خۆی بە ناوی نووسەری لەسەر بوو.

## (٩)

## دراکولا

بایرۆن، وەك گوتمان، لەو ڤیللایەی تیۆدای شتێکی شەش لاپەڕەیی نووسی (بە ناوی Fragment of a Novel)، ئەوەی لەبارەی نێوانی ئەم بەرهەمەی و ئەوەی" پۆلیدۆری"دا هەیە، باسێکی ئاڵۆز و شێواوە و، من نامەوێت لێرەدا پێیەوە خەریك بم. سەدەی نۆزدە، شتی وەك زنجیرە چیرۆکی ڕایمەر و شێریدان لو فانو( ژنی هاوجنسگە-ڕای ڤامپایەر)ی تێدا زۆر لەبەرچاو بوون. بەڵام کە" برام ستۆکەر" ساڵی ١٨٩٧ " دراکولا"ی بڵاوکردەوە، ئەمە ئیتر بە ڕادەیەك شوێنی خۆی گرت، کە لەوساوە ناوی" دراکولا" زۆرتر وابووە هەر جێگای ناوی" ڤامپایەر" ی گرتووەتەوە و یەك دنیا کتێب بەوناوە دەرچوون. ئێمە پێشتر گوتمان کە" ڤامپایەر"ەکەی "پۆلیدۆری" لە سەرەتاکانی سەدەدا بناغەی بۆ ئەو جۆرە چیرۆکانە دانا کە دوامینیان لەو سەدەیەدا " دراکولا" بوو، لەبەرئەوە بە باشی دەزانم لێرەدا باسی ئەم کتێبەی دراکولا بکەم:

کتێبەکە پتر لە ٤٥٠ لاپەڕەی گرتووەتەوە. وەك ئەوە دێتە بەرچاوی من کە نووسەر سەرەتا چەندین چیرۆکی نووسیبێ و، ئەوجا هەمووی تێکخستبێ: فرۆشتنی خانوو لە لەندەن بە کۆنت " دراکولا"ی نەجیبزادەی باکووری ڕۆمانیا و، ناردنی وەکیلی بەدبەخت( جۆناثان) بۆ قەڵاکەی تا لایەنی قانوونیی ببڕێتەوە. جۆرەها ڕووداوی سەیر

لە ئینگلستان،ئەزموونی کەشتییەکی مەرمووز و لێدەرچوونی سەگێکی زل کە لەوێوە راست بۆ گۆڕستان چووە و تێدا لەبەرچاو ون بووە؛ دوای ئەوە، ژنێك ( لووسی خانم) شەوانە بە خەوتوویی دەڕوات و دەچێتە ئەو گۆڕستانە. ژن تا دێت رەنگی زەردتر دەبێت و، دەبرێتە خەستەخانە. چوار کەس بۆ تەشخیسی دەردەکەی کۆدەبنەوە و، پرسیاری بژیشکێکی خاوەنی" خەستەخانەیەکی ئەعساب"ی ئەمستەردام دەکەن، ئەو گومانی بۆ ڤامپایەر و شەخسی کۆنت دراکولا دەچێت، بۆ ئەوە کە ڤامپایەر خوێنی لووسی خانمی مژیبێت و، ئەویشی بەوە کردبێت بە ڤامپایەر. منداڵانێك گوتبوویان کە ژنێك پەلاماری دابوون کە رێك وەکو ئەم لووسی خانمە بووە. دەکەونە لێکۆڵینەوە. یەکێك لە چوار کەسەکە، مینا خانم، دەزگیرانی " جۆناثان"ـە.

" کۆنت دراکولا" دەزانێت کە ئەوانە بەدوویەوەن، ئەویش دەکەوێتە خۆی و هەوڵ دەدات کە مینا خانم وەدەست-بخات. بۆ ئەوە، خوێنی خۆی بە خۆراك دەدات بە مینا خانم! تا بیخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و ... زۆر شت روو-دەدەن، تا لەدواییدا بە دوو جۆرە چەقۆ دراکولا دەکوژن، بە یەکێکیان سەری دەبڕن و بەوەکەی تریان لە دڵی دەدەن. دراکولا دەمرێت ( کەواتە ئەمجارەیان بۆ هەمیشە و بەڕاستی!) و دەبێت بە تۆز ( سێ ژنی ڤامپایەریشیان لە قەڵاکەیدا پێش خۆی کوشتبوون). ئیتر لووسی خانمیش چاك دەبێتەوە.

من وەسفم لەو کتێبەدا ئێجگار زۆر بەهێز دێتە بەرچاو. کە ئەو کتێبەم دەخوێندەوە، وام هەست دەکرد وەك لە سینەما بم و سەیری فیلم بکەم. من - هەر بەنموونە- کە هەمیشە زۆر حەزم کردووە هەرچی فیلمی لە کتێبەکانی دیکنز هەن ببینم، دیکنزی بە ئەو بلیمەتییەی قەڵەمی وەسفی، کاتێك کە - بڵێین - باسی ژیانی خۆی دەخاتە کەسایەتیی" دێڤید کۆپەرفیلد David Copperfield " و، باوکی خۆی تێدا بە ناوی " ویلکینس مکۆوبەر" باس دەکات، ئێجگار زۆر شتی تێدا دەڵێت، بەڵام کاتێك فیلمی سەربەخۆی مکۆوبەر دەبینم ( زنجیرەی تەلەڤزیۆنیی بی‌بی‌سیی مکۆوبەر بەنموونە)، دەبینم دەستی دەرهێنەری فیلم تێدا ئێجگار زۆر دیارە. من لەم دراکولایەدا بە زەحمەت هیچ کەلێنێك بۆ کاری دەرهێنەر دەبینم. ئەوەندە هەموو وردەکارییەکی تێدایە، کە دەرهێنەری فیلم مەگەر هەر بە وردی لەسەری بڕوات و تەواو. هەرئەوەندە کە وەکیلی فرۆشتنی خانوو لە لەندەنەوە دەچێتە لای " کۆنت دراکولا"، سي تا چل لاپەڕەیەك هەر بۆ رێگای کە لە رۆمانیا دەچێتە قەڵا کۆنەکەی. چۆن لەپێشدا دەخرێتە عارەبانەیەك کە زۆر ئەسپ دەیکێشن، ئەوجا دەیگوازنەوە عارەبانەیەکی تری چوارئەسپی، هەورە-تریشقە و با و بۆران و لوورەی ئەو هەمووە گورگە بە دەوری عارەبانەکەوە، کە عارەبانچیی شکڵ زۆر سەیر،

سەرەتا هەر مێشیشی میوان نیە، بـەڵام کە گورگەکان نایبڕنەوە، وەڕەز دەبێت و لێیان دادەبەزێت و خێسەیەکیان لێ دەکات، کە گورگ لە ترسان رادەکەن و، سەری خۆی و وەکیل رەحەت دەبێت. کۆنت کە هیچ نـاخوات ( ئەو خوێن دەمژێت، خۆ ئینشاڵڵا ناچێت نان و پەنیر بخوات!)، چۆن سێ ژنی بە چ شکڵێك (خوشکەکان the sisters) لە وەکیلی بەدبەخت دوور دەخاتەوە تاکو خوێنی رەگی ملی نـەمژن، دەڵێت دەبێت لەپێشدا بۆخۆم بێت، دوای ئەوە نۆرەی ئێوەیە؛ لەلایەکی ترەوە شێتێك لە فلانە شێتخانە چی دەکات ... ئیتر من هەر وامدەزانی فیلم دەبینم.

کاك " هۆشەنگ"ی کوڕی ئاپۆ ئۆسمان سەبری لە بەرلین، لە باسی سەفەرێکیدا بۆ کۆنگرەیەك لە ستۆکهۆڵم، بۆیگێڕامەوە گوتی لە گەڕانەوەدا ،کە بە قەتار دەهاتمەوە، کچێك هاتە واگۆنەکەوە و بەرانبەرم دانیشت. بە زوویی کەوتینە قسە. دوای کەمێك، گوتی" ماچم بکە". منیش ماچم کرد. ئەوجا گوتی" دەمەوێت منیش ماچت بکەم". گوتم " فەرموو". کچ، دەمی بۆ لای گوێچکەم برد،گوتم دیارە دەیەوێت گوێچکەم ماچ بکات، بەڵام لەپڕێکدا یەك گازی وەهای لێ گرتم، لاموابوو هەموو گوێچکە و لایەکی ملمی پچڕاندووە! ئیدی بە هەموو هێزی خۆم پاڵێکم پێوە نا و فڕێمدایەوە دواوە و، پەرم دا جانتاکەم و ... راکە! راست بۆ ئاودەست و میزم کرد!

گوتم: ئاودەست؟ میزت کرد؟

گوتی: بەڵێ، من - بۆ بەدبەختی - شەوەکە نەخەوتبووم و هەتا بەیانی کتێبی دراکولام خوێندبۆوە! و هێشتا هەر لە دنیای دراکولادا بووم و وا تووشی ئەمە بووم.

گوتم: وەڵڵا چاکە دڵت نەوەستاوە و هەر بە میزکردنێك رزگارت بووە.

## (١٠)

## کۆتایی

سالْ ١٩٢٦ـە

وا دە ساڵ بەسەر شەوانی حوزەیرانی حەریفانی ڤیللای تیۆدای تێپەڕی. ماری خانم لەم دنیایەدا تەنیا ماوەتەوە.

ئەوەتا باسی تەنیایی خۆی دەکات و دەڵێت: " بەڵێ، دەکرێت ئەو هەستی تەنیابوونەم باس بکەم، هەست دەکەم کە من دوا یادگاری نەژادێکی خۆشەویستم، کە هەڤاڵەکانم لەبەرچاوی خۆم دوابڕاو بوون".

ئەوەتا چیرۆکی خۆی بە سێ بەرگی کتێبێك بە ناوی" دوا مرۆڤ The Last Man " تۆمار دەکات. دێڕێك لە دەهەزار و ئەوەندە دێڕی شیعری" بـەهەشتی لەدەستچوو"ی جۆن میلتن ( سەدەی حەڤدە)ی لەسەر بەرگی چاپی

ئەم کتێبەیەتی و کردووشییەتی بە دەستپێکردنی ( ئەپیگرامی) گێڕانەوەی ناڵەی جوداییەکەی :

( کاتێك" میکائیل"ی فریشتە تێدا، بە فەرمانی خودا، داهاتووی مرۆڤ و جیهانی بە حەزرەتی ئادەم گوت و پێی‌گوت کە بە هیچ کەسێکی نەڵێت ) :

" با کەس لە ئێستا بەدواوە لەوە نەگەڕێت کە بزانێت چی بەسەر خۆی یا ئەولادی دێت" .

ماری، پێش دە ساڵ، خۆشبەختانە، کەس پێی‌نەگوتبوو لە چەند ساڵی کەمی داهاتوودا چی بەسەر خۆی و ئەولادی و حەریفان و ئیدیاڵەکانیان دەهات . مەستی خۆشی و خەونی خۆش ببوو، کە وای دەزانی تا سەرە و ... واش نەبوو . ئیتر هیچ کام لە حەریفانی ئەو شەوانەی ڤیللای" دیۆتای"ی بەدەورەوە نەمابوو، هەموویان جوانەمەرگ ببوون . نە خۆیان مابوون و نە ئیدیاڵەکانیان . ئەو رۆمانتیکە ئینگلیسانەی کە لە بێتاقەتیی خۆیان دەیانویست بمانترسێنن، لە ژیانی ئینگلیس و ئینگلستان وەڕەز ببوون، دەیانویست ژیانیان لە وڵاتانی تر بەسەربەرن، بەڵام پێیانەوە نەهات .

پۆلیدۆری،یەکەمی‌کۆچەران بوو . دوای ئەوە (دوای پێنج مانگ) کە بایرۆن چیتر نەیویست، هەر خۆی هێندێك بە ئیتالیادا گەڕا و، ناچار لەبەر بێپارەیی گەڕایەوە لەندەن . لە لەندەن فێری قومار بوو و، ژیانی شپرزە بوو، تا دوو حەفتەی مابوو تەمەنی بە ٢٦ ساڵی تەواو بگات کە مرد(١٩٢١) . رەنگە خۆی‌کوشتبێت تا لە قەرزداریی رزگار ببێت، بەڵام ئیتر وادیارە ئەوە قەت ساغ نەبووەتەوە .

شێلی و ماری، خانوویەکیان لە " لێریسی"ی ئیتالیا گرتبوو و، رۆژێك کە شێلی ٢٧ رۆژی مابوو تەمەنی بە ٢٩ ساڵی تەواو بگات (١٩٢٢)، لەگەڵ " ئێدوارد"ی هەڤاڵیدا، قایقەکەیان وەرگەڕا و خنکان .

ماری، تا ساڵێك دوای ئەوە لەوێ خۆی گرت و، دوای ئەوە لە ناچاریی بێپارەیی، بە وشەی خۆی - کە لە شیعر- ێکی مێردی وەرگرتبوو ( شیعری ٦١٧ دێڕیی Julian and Maddola ) - لە " بەهەشتی مەنفایان" ( ئیتالیا) وە گەڕایەوە ئینگلستان .

بایرۆن ساڵی١٩٢٣ چووە ریزی شۆڕشگێرانی یونان و، ساڵی دوای ئەوە (١٩٢٤) لە تەمەنی ٣٦ ساڵیدا لەوێ بە جۆرێك مالاریا مرد و، تەرمەکەیان هێنایەوە ئینگلستان ( دەڵێن شۆڕشگێڕە یونانییەکان دڵیان دەرهێناوە و لای خۆیان ناشتووە) . بایرۆن،هەرچەندە ئێجگار زۆر بەناوبانگ بوو، بەڵام نەیانهێشت لە دێری وێستمینیستەر- ی لەندەن بنێژرێت ( چونکە" فاسق" بوو) . گۆڕێکی لە شارۆچکەیەك بۆ دۆزرایەوە ( دواتر رێگا درا ناوی لەسەر پارچە لەوحێك لە بەشی شاعیرانی گۆڕستانی دێرەکە بنووسرێت) .

ماری، نـاچار هـەر لە لەندەن مایەوە تا لە تەمەنی ٥٣ ساڵ و نیویدا مرد . ئـەوانە، هـەموو، بیرەوەریی خۆیان دەنووسییەوە و، وێدەچێت تێدا زۆر بێ باك بووبن، بـەڵام ئیتر قەت نـازانین چییان نووسیوە، چونکە هەر کە یەکێکیان دەمرد ، بیرەوەرییەکانی لەناودەدران . ئینگلیسی بەڕێز چۆن ڕێگای مانەوەی بیرەوەریی ئەو هەمووە " أقسام الفسق و أنواع الفجور "ە دەدەن ؟ نایدەن .

" جۆن مەرێی" (ی دووەم )ی بڵاوکەرەوەی بەناوبانگ، کوڕی دامەزرێنەری بنکەکە، کە ئەو هەمووە پارەیەی لە کتێبی ئەو هـەمووە نـاودارانە پـەیدا کرد ، لە " جین ئۆستن"، لە" لۆرد بایرۆن" و - دواتر- " شـارلوك هۆڵمز" و بەرهەمی تری" کۆنان دۆیل" و، " چارلز داروین" و زۆرانی تر، هێندە بەتاڵووکە بوو بیرەوەرییەکانی لۆرد بایرۆن لەناوبەرێت . مانگێك دوای مردنی بایرۆن، لەگەڵ پێنج کەسی تردا دانیشتن و پەڕە بە پەڕەی بیرەوەرییەکانیان لە دەفتەرهـەڵدڕی و فڕێدایە ناو ئاگرەوە . هـەرچەندە بایرۆن ئەم بیرەوەرییانەی خۆی بە شـاعیرێکی ئیرلەندیی دۆستی سپاردبوو، بەڵام وادیارە شاعیر لێرەدا دەسەڵاتێکی نەبووە .

" جۆن مەرێی" لەگەڵ " پۆلیدۆری"دا رێککەوتبوو کە " پۆلیدۆری" لەبەرانبەر ٥٠٠ پاوەند بیرەوەریی رۆژانەی لەگەڵ " لۆرد بایرۆن"دا بۆ بنووسێت . پۆلیدۆری نووسیبووی، بەڵام قەت بڵاونەکرایەوە . کاتێك پۆلیدۆری مرد ، خوشـکەکەی هـەموو بیرەوەرییەکانی لەناودا ، بـەڵام هێندێك شتی کە گوایا لە بیرەوەریی ئەون، بە دەسـتخەتی خوشکەکەی ماوەتەوە و دوایی چاپکراوە . خوشکەکەی گوایاپێش لەناودانی ئەسڵەکان ئەوانەی لێنووسیوەتەوە . کاتێك لێیان پرسیبوو بۆچی ئەوانەت لەناودان ؟ گوتبووی ئەوانە بە رادەیەك لە نامووس دووربوون! کە هیچیان تێدا نەهێشتبۆوە، من شتی وا چۆن لەناونادەم ؟ ( ئای ئەویش وەکو" قازیزادە"کەی سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی " نەهی مونکەر"ی کردووە!) .

ئەو بیرەورییانە، دەکرێت بڵێین شانسیان نەبوو و نەکەوتنە دەستی ئەوانەی کە دەکرا بیانپارێزن، ئەینا خۆ ئەوەتا " جۆن ویلمۆت" ی ئینگلیسی نەجیبزادە و بەرگدرووی پادشای ئینگلیس، سەدەو نیوێك پێش ئەم حەریفانەی " دیۆتای"، شاعیرێکی لە هەمان دنیای ئەمانە بووە و، شیعری جنسیی پارێزراوە، نموونەی لە کتێبی " مێژووی ئەدەبیاتی شەهوانی"ی " پاتریك جەی کێرنیی" دا هەیە ." مارکیز دو ساد"ی فەرەنسی ١٧٤٠-١٨١٤( سادیزم) کە تەنانەت کتێبێکی لە زیندانی باستیل کەوتبووە دەستی شۆڕشگێڕێك و پاراستبووی و دواتر چاپ کرا . ئەو هەمووە پۆرنۆگرافییە بە قاچاغ چاپکراوەی شیعر و پەخشان و رەسم لە فەرەنسای پێش رووخانی لویی شازدە و ماری ئانتوانێت . تەنانەت میرابۆی ناوداری شۆڕشی فەرەنسا کتێبی پۆرنۆی نووسیوە و دوایی چاپکراوە و ...

115

چەند و چەندی تر، کەچی شانسی ئەم بیرەوەرییانەی ئەو رۆمانتیکانەی ئینگلیس وەها بوو .

" ماری"یش لە بەرانبەر هەڕەشەی خەزووریدا نەیوێرا هیچ بیرەوەرییەکی خۆیشی بڵاوبکاتەوە . خەزووری تەنانەت نەیدەهێشت شیعرە بڵاونەکراوەکانی" شێلی"ی کوڕیشی بڵاوبکرێنەوە، چونکە کوڕەکەی کافر ببوو و، بڕوانەبوونی بە خودا پێویست زانیبوو . نوختەی زەعفی ماری لێرەدا ئەو تاقە کوڕەی بوو کە لە ژیاندا مابۆوە، پێرسی فلۆرەنس شێلی، ئەوانی تر ( دوو کچ و کوڕێك) هەر بە منداڵی مردبوون . خەزووریش ئاریستۆکراتێکی وشك و دڵڕەق و کۆنەپەرست و پیسکە بوو و، ماری جگە لە نووسین سەرچاوەیەکی بۆ نەمابۆوە و، دەیویست ژیانیکی باش بۆ کوڕەکەی دابینبکات . ماری چەوسانەوەی زۆری دیت و، هەرچەندە توانیان نەهێڵن کە بە ئاشکرا بیرەوەریی خۆی لەگەڵ شێلی و بایرۆندا باس بکات، بەڵام وا لێرەدا هەوڵ دەدات بەم " رۆمانە بە کلیلە" ی" دوا مرۆڤ"ی، ئەوەندەی بۆی دەکرێت رازەکان بدرکێنێت . " رۆمانی بە کلیل"، ئینگلیسیش هەمان ناوە فەرەنسییەکەی بەکاردەهێنن " رۆماهـ ئا کلێ Roman à clef "، ئەڵمان وشەی Schlüsselroman ی ئەڵمانیی خۆیان بۆ هەیە، مەبەست ئەوەیە کە " گێڕانەوەی واقیع بە ماسکی چیرۆکی خەیاڵی " بێت . وەك کە بەشێکی ئەوەمان لە ڤامپایەرەکەی " پۆلیدۆری"دا دیت، باسی سەگبابیی" لۆرد روتڤین" ناوێك بە شێوەیەك دەکات،هێندە کلیلی وەسفی تێدایە کە من بە خوێندنەوەی یەکەم دوو لاپەڕەی بە روونی پشتی ماسکەکە دەبینم، دەزانم باسی" لۆرد بایرۆن " دەکات، چونکە نووسەر کلیلی کردنەوەی تەلیسمی مەبەستە واقیعییەکەم دەداتێت .

لە خوێندنەوەی وردی " دوا مرۆڤ"دا، من تێدەگەم کە ئەولادێکی چینی ئاریستۆکرات و دەوروبەریان لە ئینگلستان، بە رادەیەك لە فەرهەنگی کەسوکاریان وەڕەز بوون، کە لە کاردانەوەی ئەودا هەر ویستوویانە لە کۆمەڵگەی ئینگلیس و رژیمی سیاسیی پادشایی ئینگلستان دووربکەونەوە . بەڵام هەر پەڵە هەورێك بوون و بە بارانێك تەواوبوون، خەونێکی شەوێکی ناوەندی هاوین بوون و، خەون کۆتایی هات .

" دوا مرۆڤ"، فەرهەنگی حوکمی محافەزەکاران تا کۆتایی سەدەی بیستویەکەم بە بڵاوبوونەوەی " تاعوون"! باس دەکات، تاعوونێك کە دەگاتە سویسرا و ئیتالیا و تەنانەت ئەمریکاش،کە هەموو کەسانی هێژا و ئیدیاڵە- کانیان تێدا لەناودەچن : ڤێرنی ( مەبەست " شێلی") و، لۆرد رەیمۆند ( مەبەست " لۆرد بایرۆن ") و، کلارا ( مەبەست " ئالێگرا"ی کچی بایرۆن ) و ... هەمووی . ماری، لێرەدا - بە بیری من - توانیویە سایکۆلۆجیی مێردەکەی و" لۆرد بایرۆن " چاك شی بکاتەوە . هەرچەندە رەنگە لە باسی" لۆرد بایرۆن"دا مەوزووعیتر بووبێت،

چونکه رەنگە ویستبێتی لەوێدا تۆڵەی پەشیمانییەك بۆ مێردی بکاتەوە ( کاتێك منداڵەکانی مردوون، خەمی ئەوە وای لێ کردووە زۆر بەدەم ئارەزووی جنسیی زۆری مێردییەوە نەچێت) .

مرۆڤ، مرۆڤی تری بەو شێوەیەی کە هەیە قەبووڵ نیە . ئیتر دەبێت هەڵبژێریت : بە ئارەزووی ئەوانی تر بژیت یا بە ئارەزووی خۆت و باجەکەی بدەیت . ئەو رۆمانتیکانە بە ئارەزووی خۆیان کرد و باجەکەیان دا ، وەك بڵێین : " چۆن بژی شەرتە، نەوەك چەندە بژی" .

کیپلینگ، نووسەر و شاعیری ئینگلیسی کە ساڵی ١٨٦٥ لە " بۆمبێی "ی هیندستان لەدایکبووە، لەلایەکەوە ساڵی ١٩٠٧ خەڵاتی " نۆبیل "ی بۆ ئەدەبیات دراوەتێ و، لەلایەکی تریشەوە چەندین ناوی وەك " ئیستیعماری " و " ئیمپریالی " و " فاشیست " و " نەژادپەرست " و ... چی و چیی لە رەخنەگرانەوە بەسەردا باریوە . هەر لەوەی کە من خۆم دیتوومە، نە پتر، دەڵێم رەنگە سەخاوەتی دەستی دنیای فیلم، لەدوای شکسپیر و چارلز دیکنز،بە رادەی سێیەم ئەوی گرتبێتەوە .

من هێندێك لەو فیلمانەی واڵت دیزنیی،لە بەغدا لە تەلەڤزیۆنەوە دیتبوومن،دواتر لە ئەوروپا زانیم کە لە رووی " کتێبی جەنگەڵ "ی کیپلینگەوە دروستکرابوون( کە گورگ منداڵێکی هیندی دەرفێنن و خۆیان گەورەی دەکەن ... ئیدی) . گوایا تەنانەت هێندێك زاراوە، لەوانە : زاراوەی " قانوونی جەنگەڵ "یش، هەر لەو کتێبەوە بڵاو بووە- نەوە . قسەی " رۆژهەڵات رۆژهەڵاتە و، رۆژئاوا رۆژئاوایە و، ئەو دووانە قەت یەکتر ناگرنەوە " و، چەندی تریش هەر لە کیپلینگەوە شوێنی خۆیان گرتووە .

ئەوە کە ئینگلیس ئەوەندە شەیدای شیعری If ( ئەگەر) ین، رەنگە میزاجی من زۆری تێنەگات . بۆ ژیری و رەوشت بەڵێ، بەڵام ئیتر کە بێتە سەر ناونانی بە" شیعر "، من جیاوازی هەست پێدەکەم . من هەر هێندێك لە کورتە چیرۆکەکانیم خوێندوونەوە، کە بە ئینگلیسییەکی زۆر جوانی نووسیون، زمانی کیپلینگ زۆر رەوان و روونە .

من فیلمی" زەلامی ویستی ببێت بە پادشا "م دوو یا سێ جار سەیرکردووە، کە لە بەرهەمێکی ئەو دروست- کراوە . باسی ئەوەیە کە چۆن دوو سەرسەریی ئینگلیس لە هیندستان، لە گیرفانبڕین و لاتی وەڕەز دەبن و، بە بیریاندا دێت کە بۆچی بۆخۆیان نەبن بە پادشای یەکێك لەم قەومە بێعەقڵانەی ئەو رۆژهەڵاتە . ئیتر بڕیار دەدەن کە ببن . پەیمانێك دەبەستن، ئیمزای شاهیدیی کیپلینگی دەخەنەسەر و، دەچن، یەکێکیان دەبێت بە پادشای " کافرستان " ( شوێنێکی هیندستان) و هەڤاڵەکەشی دەبێتە هەمەکارەی . ئەو فیلمە، زۆری لەسەر نووسراوە،کە دەڵێن لە چیرۆکێکی راستەقینەیە وکیپلینگ بە رۆمانێکیئەدەبی رازاندوویەتەوە . منیش دیارە هیچ بەڵگەیەکی رەتکردنەوەی ئەوەم نەبووە، تا پێش چەند رۆژێك کتێبێکم لای دۆستێکم دیت، وەرگێڕاوی هۆڵەندیی کتێبێکی ئینگلیسی، Prince of Ghor، دەبینم نا، چیرۆکی ژیانی ئەمریکاییەکە لە هیندستان و ئەفغانستان، نووسینی ئەو کتێبەی بە بیری کیپلینگدا هێناوە . ئەمریکاییەك کە ناوی " Josiah Harlan " بووە و توانیویە پلەوپایەیەك

و چەند ناوێك لە ئاسیا وەدەست بهێنێت، لەوانە : " فەرمانڕەوای گوجرات" و" شازادەی غۆر"، بە شێوەیەك كە ئیتر ئەوانە بە میرات بەر نەژادیشی بكەون . هارلان، زۆر لە دوو سەرسەرییەكەی ئەو چیرۆكەی كیپلینگ جیاواز بووە . توانیویەتی لە چەند شوێن كۆتایی بە بازرگانیی كۆیلە بهێنێت ( لە دەسەڵاتی موراد بەگی ئوزبەكی بدات) و، زۆر كاری چاك بكات . ئەمریكای خۆیشی لەبیرنەچووەتەوە، ئاڵای ئەمریكای لەسەر بەرزترین لوتكەی هیندوكوش هەڵكردووە . تا ئینگلیس بە ئاڵای خۆیانەوە هاتوون و جێیان پێ لێژكردووە . نەیتوانیوە لەگەڵیان رێكبكەوێت و لە ئەفغانستان رۆیشتووە . من بەشی ئەوەندە لای ئەو دۆستەم نەمامەوە كە بتوانم هەموو كتێبەكە باش بخوێنمەوە، دوای ئەوە لای خۆم لە سەرچاوەكاندا بۆیگەڕام، دەبینم دەڵێن خانمێك ئەوسا نامەیەكی بۆ دەر- باری قەیسەری رووس بۆ نووسیوە، بەڵكو بتوانێت لەو رێگایەوە دیسان بچێتەوە ئەفغانستان . هارلان، نامەی بردووە و چووەتە دەربار، ئیتر نازانم نامەكە هەر بۆ خانمانێكی دەربار نووسراوە یا چی، لەوێ هەر باسی ئەوەی هەیە كە" خانمەكان حەزیان لێ‌كردووە" و تەواو . ئیتر دیارە جگە لە" خانمەكان" هیچی تری بۆ بە هیچ نەكراوە و، لەوێوە چووەتەوە ئەمریكا ( كە بەهۆی شكستێكی دڵدارییی لێی دووركەوتبۆوە) . ئەمجارە لە ئەمریكا، ویستوویە ببێت بە سەرۆكی كۆمیتەیەكی كڕینی وشتر لە ئاسیا بۆ لەشكری ئەمریكا! تا لەو رێگایەوە دیسان سەرێك لە ئەفغانستان هەڵێنێتەوە . ئەویشی بۆ نەچووەتە سەر، چونكە ئەسپ و ئێستری لەشكری ئەمریكا و مانگای ئەوێ لە وشتر ترساون! و، لەلایەكی تریشەوە، وشتری ئەفریقایی لەوانەی ئاسیا هەرزانتر بوون . ئاخری، بە نامرادی سەری ناوەتەوە ( ١٨٧١، تەمەنی ٧٢ ساڵ بووە) .

بەگوێرەی ئەم كتێبە، ناكرێت گومانێك لەوە هەبێت كە چیرۆكی ژیانی ئەو ئەمریكاییەی شازادەی غۆر سەرچا- وەی ئەم كتێبەی" كیپلینگ"ـە، كە تێدا گوایا سەرسەری و گیرفانبڕی ئینگلیس توانیویە ببێت بە پادشای قەومی دواكەوتووی وڵاتی كافرستانی رۆژهەڵات .

ئـاین، دوای کاتی بەسەرچوونی، چ بە سـەربەخۆیی هـەمووی خۆی و چ بە ترنجانی غەیرە رەسمیی بەشێکی لە ئاینێکی نوێدا، کەواتە لە ئەفسانەیەکی نوێی هێشتا کاتبەسەرنەچوودا، ناوی دەبێت بە ئەفسانە .

ئـەفسانەکانی رۆژهـەڵاتی نـاوەڕاست، وەك دەبێت چاوەڕوان بکرێت، زۆر شـتیان هێندە کۆپیی یـەکترن، کە دۆزینەوەی سـەرەداوەکە و ئـەوجا هـەڵکردنەوەی، تاکو بزانین ئەو شـتانە لە کـامەیانەوە دەسـتیان پێکردووە و گواستوویانەتەوە لای ئەوەکەی تر، زۆرتر وایە کە زۆر زەحمەتە .

لە ئـەفسانەکانی یـونان : سەرەتا " خائۆس" هەبوو ( ئـەم وشەیە ئێستا لە زمانانی ئـەوروپاییدا واتا : بێنەزمی، پاشاگـەردانی، بێ سـەروبـەری، هەرج و مەرج ) . خائۆس، بریتی بوو لە گـەردوونێکی بێ قـەوارە و بێ شـکڵ، بێ سەرەتا و بێ کـۆتایی، بـەتاڵایی موتـڵەق و، جـەرگەی پڕ بوو لە تـاریکی (هەمان تـەورات)، بـەڵام خاك ( یا زەوی) و ئـاو و هـەوا و ئـاگری تێدا شـارراوەبوون . خائۆس، لە رووی رێزمانی یـونانیی کـۆنەوە، هێندێك جار بە " مێیینە" دادەنرێت و، هێندێك جاریش بە نـە نێر و نـە مێ ( بێ لایەن) . بـەڵام خائۆس ئـەولادی هـەبوون، کوڕێکی ناوی " ئێـرۆس" بوو، خودای عیشـقی جنسی بوو . ئێـرۆس، گایا (ی مێ، زەوی) ی بە " پـۆنتۆس" (ی نێر، دەریا، ئاو) و" ئووراـنـۆس" ( ی نێر، ئـاسمان، هەوا) گـەیاند . کەواتە سـەرەتای " گـەردوون" بە نێوانی جنسی دەستپێدەکات، مەگەر لەدایکبوون بە بێ جنس پێکدێت ؟ لەکاتێکدا کە لە تـەوراتدا هەر ژیانی مرۆڤ بە نێوانی جنسی(ی ئادەم و حەوا) دەست پێ دەکات(دوای ئەوە کە بە خواردنی میوە غەریزەی جنسییان دەکەوێتە کار)، نەك گەردوون . ئەوجا چیرۆکی کامەیان لەوەی کامەیان لەدایکبووە ؟ دەستپێکردنیگەرددوون بە نێوانی جنسی، یا دەستپێکردنی زا و زێی مرۆڤ لەسەر زەوی بە نێوانی جنسی ؟ ئەسڵەکە هەرکامیان بوو بێت، ئەو لە کێی وەرگرتووە ؟ لە مەڵبەندی مانگی یەك شەوەی بەپیتەوە یا لە میسرەوە سەری هەڵداوە ؟ چ ئاینێك کەی لە سەری چ کۆچەرانێکدا بووە و لەکوێوە چۆن براوەتە یا بەهەرشێوەیەك گەیشتووەتە کوێ ؟ بەگوێرەی هێرۆدۆتوس، نیزیکەی هـەموو خوداکانی یونان لە میسرەوە هاتوون . عیبرانییەکان دەڵێن لە" ئوور" (ی سەر فورات، کەمێك سەرووی بەسرەی ئێستای‌عیراق)ەوە هاتوون، هێندێکیان سەردەمێك چوون لە میسر ژیاون . فـەلەستینییەکان رەنگە لە " کریتا" (ی یونانی ئێستا) وە چووبنە فەلەستین . سکیتیەکان ماوەیەك هاتوونەتە زاگـرۆس و ئەو شوێنەیان کردووە بە پایتەختیان کە ئێمە ئێستا پێی دەڵێین" سـەقز" تا میدیاییەکان توانیان وەدەریان بخەن و، سکیتی ئیتر تا ئـەوروپا خۆیان نـەگرتەوە ... سەرتاسەر کـۆچەریی مرۆڤ و فەرهەنگ و ئاینەکانیان دەبینین ...

ئیدی، ئەوانە هەموو پێوەندین .

دیسان لای یونان :

گـایا ( زەوی) و ئوورانۆس ( ئاسمان)، سێ کیکلۆپ ( فیلەتەنی بە یـەكچاو)یان دەبن ( کە برووسـکەی تـەبیعەت هەڵدەسووڕێنن) و دوازدە "تیتان"یش ( فیلەتەنی بە دووچاو)،کە شەشیان کوڕ و شەشیان کچن و، خوشك و برا لەوانە دەبنە ژن و مێرد: "ئۆکیانۆس" ( کوڕ) و "تێـــثیس"ی خوشکی و... بەوجۆرە، ژیانی دنیا بە جووتبوونی خوشـك و برایان درێژە دەدا ( راپۆرتەکەی "مـۆرگەن"ی کتێبەکەی ئێنگڵس) . ئەوجا کێشەی نـەسلی جیاواز : ئـوورانـۆس لە کیکلۆپەکانی کـوڕی دڕدۆنگ دەبێت، دەترسـێت دەسـەڵاتی لێ بستێنن، دووریان دەخـاتەوە، دەیانـنێرێتە تـارتـارۆس ( بناغەی زەویی تـاریك) . دایك ( گایا) دەیویست پێش بەوە بگرێت و، ئەو کوڕانەی لێ دوور نـەخرێنەوە، بـەڵام دە رۆستی مێردی نـەدەهات، ناچار کوڕەکانی تر ( تیتانەکان)ی لە مێردەکەی هان دا . لە تیتانەکانی کوڕ و کچی، هەر یەکێکیان بۆ راپەڕین لەدژی دەسـەڵاتی باوك، بە هاواری زەویی دایکەوە چوو : کرۆنۆس ( کوڕە گچکەکەی، مێردی" رێیا"ی خوشـکی خۆی) . دایك بۆ یـارمەتیدانی ئەم کوڕەی، "ئـاسن"ی دایێ( قۆناغی ئاسن) .کوڕ بە گژ باوکیدا چوو و، بە ئاسن لە لەشی بڕی و پەکی‌خست،دەسەڵاتی لێ سەند و خۆی بە "پادشا" راگەیاند. بەراوردی ئەوە بە سارگۆن و مووسای عیبرانییەکان، دەبێت ئەم پێش راپەڕینی سامییەکان لە سـومەرییەکان و، دەرچوونی عیبرانییەکان لە کۆیلەیی فیرعەونییەکانی میسر بێت ( کە بە خەیاڵی منداڵ خستنە سەبەتەوە وگەیشتنە ماڵی پادشای دوژمنی قەومەکەیان ... ئیدی داڕێژراون) . بەو کارەی کرۆنۆس، یەکەم "جینایەت" تۆمار کرا، لەکاتێکدا کە "قایین" و"هاڤێل" لە تەوراتدا دوو برا بوون و، قایین هاڤێلی برای خۆی دەکوژێت ( لە قورئاندا باسی ئەوە هەیە کە دوو کوڕی ئادەم یەکێکیان ئەوەکەی تری کوشتووە، بـەڵام ناویان نیە، عارەب لای خۆیانەوە کردوویانن بە هابیل و قابیل) کە - دیسان - دەبێت ئەمەی تەوراتی سامییەکان هی قۆناغی دواتر بێت . لەو شەڕەی "کرۆنۆس" و باوکیدا، دڵۆپە خوێنی باوك رژانە سەر زەوی و، ئەوانە بوون بە "ئێرینی"یەکان ( خودایانی تۆڵە) . بـاوك هـاواری لە کوڕی راپەڕیوی کرد: ئەوەی تۆ لەگەڵ منت کـرد ، کوڕی تۆش لەگەڵ تۆی دەکات و لەسەر تەختت لادەدات ( دیالیکتیکی هیگل) .

ئیسلامی عارەبستان، کە تەواوکەری تەوراتی عیبرانییەکانە، وەکو تەورات، لە باسی ئەو دارەی بەهەشـتدا کە نەدەبوو ئادەم و حەوا لە بەرەکەی بخۆن، کوا ناوی سێو ناهێنێت، بـەڵام کاهینەکانی ئیسلام دەڵێن داری سێو بووە . دەڵێن خواردنی ئەو میوەیە غەریزەی جنسیی ئادەم و حەوای بزواندوون . ئەو مەسەلەی پێکەوەخواردنەی

هەمان یەك سێو لەلایەن ژن و مێردەوە بۆ ئەوە کە منداڵیان ببێت، لە زۆر چیرۆکی فۆلکلۆریدا هەیە ( بە نموونە : باڵی و بارام، مێژووی ئەدەبی کوردی - سەجادی) . هەنار،لە تەورات و لای عیبرانییەکان شوێنێکی تایبەتی هەیە، بەڵام لەهێندێك لە جێژنە زۆرو زەوەندەکانی جوودا ،هەنگوین و سێویش دەخرێنە سەر سفرە( دڤەش ڤە تەپووەخ ) .

ئەوجا ، ئەگەر بگەرێینەوە لای ئەولادی کرۆنۆس و رێبای خوشکی و ژنی، دەبینین :

زێوس ( پیاو،گەورەی خودایان) و، دوو( یا بەگوێرەی چیرۆکی تر : سێ ) کوڕی تر و دوو کچ . لە دوو کچەکە، " هێرا" بوو بە ژنی" زێوس"ی برای خۆی . ئەوی تر " پێرسیفۆنە"، هەرچەندە" دیمیتیر"ی برای زۆرهۆشی لای پاسداریی ئەم خوشکەی بوو، دیسا هەر،" هادیس"ی خودای ژێر زەوی و مردووەکان هەلێکی دیت و رفاندی و، بە زۆر کردی بە ژنی خۆی (سەرەتای رفاندنی ژن و" مانگی هەنگوین" ؟) . کاتێك ژن لە دەست مێردیشی رزگار دەبێت و دێتەوە سەر زەوی، دوای ماوەیەك بە پێی خۆی دەچێتەوە لای هادیس لە ژێر زەوی، بۆچی ؟ چونکە " هادیس"ی فێڵباز هەناری دابوویێ، هەنار ئارەزوویەکی جنسیی وەهای تێدا دەبزواند کە رایدەکێشایەوە ژێر دەسەڵاتی ئەو پیاوە . دەبینیت یونانی، ئێستا لێرەدا، دوای ئەو هەمووە پەرەسەندنەی مێژوو ئەوجا دەگەنە بەر دەرگای ئەو قۆناغەی پیاوسالاریی عیبرانیی کە ژیانی مرۆڤی پێ دەست پێدەکات ( ئادەم و حەوا) . هەر ٩ خودای هونەر و ئەدەبیات و مووسیقا لای یونانییەکان،" مووزە"کان ( وشەی ئێستای مووزە و مووزەخانە)، هەموو هەر کچ بوون، کچی زێوس و منێمۆسینە ( یەکێك لە ٢١ ژنەکانی زێوس) . کەچی من دەورێکی وەها بۆ ژنان لە تەورات و تەواوکەرەکانیدا نابینم . کە دێتە سەر مەرکەزی" مریەم"یش لە ئینجیل و قورئاندا، دەبینین کە لەپێشدا لە جنس دوور دەخرێتەوە، ئەوجا دەکرێت بە پیرۆز ناوی ببرێت، لەکاتێکدا کە زێوس و خوشکەکەی ( هێرا) کە ژن و مێرد بوون، هەمیشە شەڕەدەنووکیان لەسەر ئەوەبوو کامەیان لە جووتبووندا پتر لەززەت دەبینێت .

یونان سەیر خۆی لە فەرهەنگی رۆژهەڵات جیاکردووەتەوە، فەرهەنگی رۆژهەڵاتی - بە بەراورد- زۆر پیاوسالار و ئۆتۆکراتی قەومە سامییەکان ( و رۆژهەڵاتیشیان) . رووحی دنیای یونان هەر زۆر لەسەرەتاوە ئەوەندە رووی لە دنیای رۆژهەڵاتی خۆیەوە بەلایەکی تردا وەرگێڕاوە .

کتێبی ئاینیی جوو، لە سێ بەش پێکدێت : تەورات و پێغەمبەران و نووسراوان . جزمی حەوتەم لە یازدە جزمی "نووسـراوان"، بە ناوی "کۆهێلێت" ( قۆهێلێت، الجامعە، واعز، Ecclesiastes، Prediker ، کە دەبێت لێرەدا مەبەست لە سولەیمانی کوڕی داود بێت) بە شـێوەیەك دەست پێدەکات، کە من زۆر نـا- ئاینی دێتە بەرچاوم . دوازدە پارچەیە، کە دەقی تەواوی یەکەم پارچەیان بەم جۆرەیە :

## کۆهێلێت

قسەی کۆهێلێت، کوڕی داودی پادشـا لە ئوورشەلیم . پووچی پووچان گوتی کۆهێلێت . پووچی پووچان هەموو پووچ . ئەو هەمووە ڕەنجەی مرۆڤ لەبەر هەتاو دەیدات، چ کەڵکی بۆ هەیە ؟ نەسلێك دەڕوات و نەسلێك دێت و زەوی وەکوهەمیشە لەجێی خۆیەتی . ڕۆژ هەڵدێت و ڕۆژ ئاوا دەبێت و دەچێتەوە هەمان شوێن کە لێوە هەڵدێتەوە . با هەڵدەکاتە باشوور و بادەداتەوە باکوور . هـەموو ڕووبار دەڕژێنە دەریاوە و، دەریا پڕ نیە . هـەموو، دیسـان بە هەمان ڕێگادا دەڕۆنەوە . قسە بڕ نـاکات . مرۆڤ لە قسە دەکەوێت . چاو لە نۆڕین تێر نـابێت و گوێ لە بیستن تێر نابێت . ئەوەی دەبێت هەر ئەوەیە کە بووە و، ئەوەی دەکرێت هەر ئەوەیە کە کراوە و شتێکی نوێ لەبەر هەتاو نیە .کە شتێك بوو و گوتیان ها سەیرکە ئەمە نوێیە ــ ئەوە شتێکە لە زۆر چاخانی پێش ئێمەدا هەبووە . ڕابردووان لە بیردا نین، ئەوانەش کە دێن لە بیری ئەوانەدا نابن کە دوای ئەوان دێن . من، کۆهێلێت، لە ئوورشەلیم پادشای ئیسرائیل بووم، بە دڵ عەودالْی پرسیار و گەڕانی بەدووی ژیریی لە هەرچی لە ژێر ئاسماندا کراوە بووم . ڕەنجێکی خراپە، کە خودا داویە بە مرۆڤ بیکێشێت . هەموو ئەو کردارانەم دیتن کە مرۆڤ لەبەر هـەتاو کردوونی، دیتم هەمووی پووچ و ڕاکردنی بەدووی هیچە . خوار ناکرێت ڕاست بکرێتەوە و ئەوەی نیە ناکرێت بژمێردرێت . لە دڵی خۆمدا گوتم : واسە، من گەورە بووم و لە هەر فەرمانڕەوایەکی ئوورشەلیمی پێش خۆم ژیرتر بووم و، دڵم ژیری و زانیاریی زۆری دیت و دڵم لای ئەوەبوو بزانم ژیری چیە و بزانم ئەحمەقی و نەزانی چیە . سەیرم کرد ئەوەش هەر ڕاکردنی بەدووی هیچ بوو . چونکە ژیریی زۆر، خەمی زۆری تێدایە و، ئەوەی پتر بزانێت پتر خەم دەخوات .

Larulencet

mûsîqaye

besteye

goranîye

u çend basêkî tir

Şêrko Hejar

2016

